مجلــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێكی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزیيە**
**دەستەيەك لە مامۆستايانی ئاينی دەری دەكات**

خاوەن ئيمتياز و سەرنوسەر
**م/ عبداللطيف أحمد مصطفى**

---

## ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُم مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾

(النساء:١)

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

سەروتار

# فەزڵ و گەورەیی مانگی رەمەزان

سەرنوسەر: م/ عبداللطيف أحمد مصطفى
ئیمام وخە طیبی مزگەوتی گەورەی چوارقورنە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين وبعد:

مانگی رەمەزان فەزڵ وگەورەیی زۆری هەیە لەوانە[1]:

١- قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە کە هیدایەت ورێنماییە بۆ مرۆڤ وپەری، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن هدى للناس وبينات من الهدى والفرقان﴾ [البقرة: ١٨٥].

واتە: مانگی رەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە، کە رێنمایی وهیدایەتە بۆ خەڵکی، وروون کەرەوەی هیدایەتەکەیەو جیاکەرەوەی نێوان حەق وبەتاڵە.

٢- شەوی قەدری تێدایە کە خواپەرستی تێیدا چاکترە لە هەزار مانگ: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (إن هذا الشهر قد حضركم وفيه ليلة خير من الف شهر من حرمها فقد حرم الخير كله، ولا يحرم خيرها إلا المحروم)[2].

واتە: مانگی رەمەزان هاتووە شەوی قەدری تێدایە کە خواپەرستی تێیدا چاکترە لە هەزار مانگ، هەرکەسێك بێبەش بێت لەو شەوە ئەوا بێبەش بووە لە هەموو خێر وچاکەیەك، وەکەس لە خێروچاکەکەی بێبەش نابێت تەنها بێبەش کراو نەبێت.

٣- بەرۆژوو بوون تێیدا بەباوەڕ بوون بە واجبێتی وچاوەڕوانی پاداشتەکەی لە خوای گەورە دەبێتە هۆی لێخۆش بوونی

١- بۆ زیاتر شارەزا بوون لە فەزڵی مانگی رەمەزان وحوکمی رۆژوو وئادابەکانی رۆژووەوان بگەڕێرەوە بۆ ژمارە (٢) ی گۆڤاری رێگای راست، وپەرتوکی چۆنێتی رۆژووی پێغەمبەر(ﷺ) .

٢- (صحيح الجامع الصغير: ٢٢٤٧).

تاوانەکان، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (من صام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه)[٣].

واتە: هەرکەسێك لەرەمەزاندا بەڕۆژوو بێت بەباوەڕ بوون بە واجبێتی وچاوەڕوانی پاداشتەکەی لە خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

٤- شەونوێژ کردن تێیدا(تەراویح) بەباوەڕ بوون بەموستەحەبێتی وچاوەڕوان کردنی پاداشتی لە خوای گەورە دەبێتە هۆی لێخۆش بوونی تاوانەکان، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له ما تقدم من ذنبه)[٤].

واتە: هەرکەسێك شەوانی رەمەزان ئاوەدان بکاتەوە بە نوێژکردن بەباوەڕ بوون بەموستەحەبێتی وچاوەڕوان کردنی پاداشتی لە خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

٥-رەمەزان بۆ رەمەزان سڕەرەوەی تاوانەکانی نێوانیانە: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (الصلوات الخمس، والجمعة الى الجمعة، ورمضان الى رمضان، مكفرات لما بينهن إذا اجتنبت الكبائر)[٥].

واتە: پێنج نوێژە فەرزەکان، وجومعە بۆ جومعە، ورەمەزان بۆ رەمەزان دەبنە سڕەرەوەی تاوانەکانی نێوانیان ئەگەر ئەو کەسە خۆی لە تاوانی گەورە بپارێزێت.

٦- پاڕانەوە تێیدا وەرگیراوە: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: (إن لله في كل يوم وليلة عتقاء من النار في شهر رمضان، وإن لكل مسلم دعوة يدعو بها فيستجاب له)[٦].

واتە: خوای گەورە هەموو شەوو رۆژێکی رەمەزان ئازاد کراوی هەیە لە ئاگری دۆزەخ، وە هەموو موسڵمانێك دوعاو پاڕانەوەیەکی بۆ هەیە کە بیکات وخوای گەورە لێی وەردەگرێت قەبوڵی دەکات.

٧- دۆزەخییەکان تێیدا ئازاد دەکرێن لە ئاگر: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:
(ولله عتقاء من النار وذلك في كل ليلة)[٧].

واتە: هەموو شەوێك خوای گەورە دۆزەخییەکانی تێدا ئازاد دەکات.

٨- چاکە تێیدا ئاسان دەبێت وخراپەیش تێیدا گران دەبێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: ( وينادي منادي: ياباغي الخير أقبل، ويا باغي الشر أقصر)[٨].

---

٣- (صحيح سنن أبي داود: ١٣٧٢).
٤- (صحيح سنن أبي داود: ١٣٧١).
٥- (صحيح الجامع الصغير: ٣٨٧٥).
٦- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٠٠٢).
٧- (صحيح الجامع الصغير: ٧٥٩).
٨- (صحيح الجامع الصغير: ٧٥٩).

واتە: بانگ کەرێك بانگ دەکات ودەڵێت: ئـەی خێرخـوازوەرە پێشـەوە، وەئـەی شەرخواز وخراپەکار بەسە وازبێنە.

٩- دەرگاکـانی بەهەشـتی تێـدا دەکرێتـەوە:پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت: (وفتح أبواب الجنة فلم يغلق منها باب)[٩].

واتـە: لـەمانگی ڕەمەزانـدا دەرگاکـانی بەهەشـت دەکرێنـەوە وهـیچ دەرگایـەکی داناخرێت.

١٠- دەگاکانی دۆزەخی تێدا دادەخرێت: پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت: (وأغلقـت أبواب النار فلم يفتح منها باب)[١٠].

واتە: لەمانگی ڕەمەزاندا دەگاکانی دۆزەخ دادەخرێت وهیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە.

١١-شەیتانەکان وجنیەیە سەرکەشەکانی تێدا کۆت وزنجیر دەکرێت وناکرێنـەوە تـا ڕۆژوەوانـەکان توشـی خراپـە نەکـەن وخراپـە کـەم دەبێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت: (إذا كان أول ليلة من شـهر رمضان صفدت الشياطين ومردة الجن)[١١].

واتـە: لەیەکـەم شـەوی مـانگی ڕەمـەزان شەیتانەکان وجنیەیە سەرکەشەکانی تێدا کۆت وزنجیر دەکرێت.

**چـۆن فەزڵـەکانی مـانگی ڕەمـەزان بقۆزینەوە؟**

١- بەڕۆژو بوونی ڕۆژەکەی: خوای گەورە دەفـەرمێت: ﴿فَمن شهد مِـنكُم الشـهر فَلْيصمه﴾ [البقرة: ١٨٥] .

واتە: هەرکەسێك لە ئێوە مانگی بینـی بـا بەڕۆژوو بێت.

وەپێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (الإسلام أن تشـهد أن لا إلـه إلا الله وأن محمدا رسول الله، وتقيم الصـلاة، وتـؤتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحـج البيـت إن استطعت إليه سبيلا)[١٢].

واتە: ئیسـلام بریتـیـە لـە: شـایەتی دان بەوەی کە هیچ پەرسـتراوێکی تـری حـەق نیەیە کە شـایانی پەرستن بێـت جگـە لـە خوای گەورە، وە محمـدیش(ﷺ) نێـردراو پێغەمبـەری خوایـە، وە نوێـژ بکـەیت، وە زەکات بدەیت، وە ڕەمەزان بەڕۆژوو بیت، وەحـەجی مـاڵی خـوای گـەورە بکـەیت ئەگەر توانات هەبوو.

٢-نوێـژکردن لـە شـەوانیدا بەگشـتی (تـەراویح): پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت: (من قام رمضان إيمانا واحتسابا غفر له مـا تقدم من ذنبه)[١٣].

*بەتایبـەتی لـە دە شـەوی کۆتاییـدا: عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفـەرمێت:

---

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٧٥٩).

١٠- (صحيح الجامع الصغير: ٧٥٩).

١١- (صحيح الجامع الصغير: ٧٥٩).

١٢- (صحيح الجامع الصغير: ٢٧٧٥).

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٦٦٤٠).

(كان رسول الله (ﷺ) إذا دخل العشر شد مئزره، وأحيا ليله، وأيقظ أهله)[١٤].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر دە شەوی کۆتایی رەمەزان بهاتایە لە خێزانەکانی دوور دەکەوتەوە، وەشەوی بە خواپەرستی ئاوەدان دەکردەوە، وە خێزانەکانی هەڵدەسان بۆ خواپەرستی.

*لەشەوە تاکەکاندا بە تایبەت تر: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

(من قام ليلة القدر(ثم وفقت لـه) إيمانا واحتسابا غفر له ماتقدم من ذنبه)[١٥].

واتە: هەرکەسێك شەوی قەدر ئاوەدان بکاتەوە بە نوێژکردن(پاشان توشی بێت) بەباوەڕ بوون بەموستەحەبێتی وچاوەڕوان کردنی پاداشتی لە خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

*ژمارەی رکاتەکانی لە سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ): عائیشە (خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێت:

(ماكان رسول الله (ﷺ) يزيد في رمضان ولا في غيره على إحدى عشرة ركعة)[١٦].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لەرەمەزان و جگە لە رەمەزان هیچ کاتێك یانزە(١١) رکات زیاتری ناکرد.

*سوننەتی سەلەفی ساڵح تێیدا:

(ئیمامی عومەر فەرمانی کرد بە ئوبەی کوری کەعب وتەمیمی داری(رضي الله عنهم) کە پێش نوێژی بۆ موسڵمانان بکەن بە یانزە رکات، وە سەدەها ئایەتیان دەخوێند تا لە درێژی راوەستاندا خۆمان دەدا بەسەر گۆچاندا، وە تەواو نابوین تا دەرکەوتنی فەجر)[١٧].

٣- قورئان خوێندن بە رامان وبیرلێ کردنەوەوە: عن ابن عباس (رضي الله عنه) قال: كان جبريل يلقاه كل ليلة في رمضان يعرض عليه النبي(ﷺ)القرآن)[١٨].

واتە: جبریل هەمو شەوێك لە رەمەزاندا پێغەمبەری (ﷺ) دەبینی، پێغەمبەر (ﷺ) قورئانی بۆ دەخوێندەوەو نیشانی دەدا.

وعن عبد الله بن عمرو(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ)قال: الصيام والقرآن يشفعان للعبد يقول الصيام: رب إني منعته الطعام والشراب بالنهار فشفعني فيه ويقول القرآن رب منعته النوم بالليل فشفعني فيه فيشفعان)[١٩].

واتە: رۆژوو وقورئان تکا بۆ بەندا دەکەن لە رۆژی قیامەتدا، رۆژوو دەڵێت: خوایە من خواردن وخواردنەوەم لێ قەدەغە کردبوو بەرۆژ بمکە بە تکاکار بۆی

---

١٤- (صحيح الجامع الصغير: ٤٧١٣).
١٥- (صحيح سنن أبي داود: ١٣٧٢).
١٦- (صحيح سنن أبي داود: ١٣٤١).
١٧- (مشكاة المصابيح: ١٣٠٢).
١٨- (صحيح سنن النسائي: ١٢٥/٤).
١٩- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٤٢٩/٤).

وتکاکـەم وەربگـرە، وە قورئـان دەڵێـت: خوایە خـەوم لێ قەدەغـە کردبـوو بەشـەو بمکە بە تکاکاری وتکاکەم وەربگرە.

إبـن رجـب دەفـەرمێت: ئـەم فەرموودەیـە بەڵگەیـــە لەســـەر موســـتەحەبێتی لێکۆڵینـەوە لـە قورئـان لـە رەمەزانـدا بەتایبەتی لە شەوانیدا.

وە لـە ئادابـەکانی تـری پێغەمبـەر(ﷺ): (كان إذا مر بآية خوف تعوذ، وإذا مر بآية رحمة سأل، وإذا مر بآيـة فيهـا تنزيـه الله سبح)[٢٠].

واتە: ئەگەر بگەیشتایە بە ئایەتێکی ترس پـــەنای دەگـــرت بـــەخوا، وەئەگـــەر بگەیشـتایە بـە ئایـەتێکی سـۆزو بـەزەیی داوای لە خوا دەکرد، ئەگەر بگەیشتایە بە ئایـەتێك کـە بـەپاك راگرتنـی خـوای تێـدا بوایە ئەوا خوای بەپاك رادەگرت.

٤- زیکـــرو پاڕانـــەوە: خـــوای گـــەورە دەفـەرمێت: ﴿والصـائمين والصـائماتِ والْحافِظِين فُروجهم والْحافِظَاتِ والذاكِرِين الله كَثِيرا والذاكِراتِ أعد الله لَهم مغفِـرةً وأجرا عظِيما﴾ [الأحزاب: ٣٥].

واتـــە: ڕۆژووەوانـــانی پیـــاوو ئـــافرەت، وەپارێزەرانی داوێن لە پیاوو ئـافرەت، وە زۆر یادکـەرانی خـوای گـەورە لـە پیـاوو ئـافرەت، خـوای گـەورە لێخـۆش بـوونی خۆی وپاداشتێکی گەورەی بۆ داناون.

٢٠- (صحيح الجامع الصغير: ٤٧٨٢).

وەلـــە أبـــی هریـــرە وە(ﷺ) لـــە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ثلاثة لا ترد دعوتهم: الصائم حين يفطر....)[٢١]

واتە: سێ کۆمەڵ دوعاو پاڕانەوەیان رەت ناکرێتـــەوە ووەردەگیرێـــت: ڕۆژووەوان کاتێك ڕۆژووەکەی دەشکێنێت.....

٥- دەسـت کراوەیـی وخـواردن بەخشـین وچاکە وخێر و خـوارن دروسـت کـردن بـۆ ڕۆژووەوان: عن ابن عباس(ﷺ) قال: (كان رسول الله(ﷺ)أجود الناس بـالخير وكـان أجود ما يكون في رمضان)[٢٢].

واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە هـەموو خەڵکی دەست کراوە تـر بـووە بـۆ خێـرو چاکە، بەتایبەت لەرەمەزاندا .

و(لايسأل عن شيء إلا أعطاه)[٢٣]

واتـــە: وە پێغەمبـــەر (ﷺ) داوای هـــیچ شتێکی لێ ناکرا ئیلا دەیدا ودەیبەخشی.

(وە جارێکیـان عابایـەك پێشـکەش بـە پێغەمبەر(ﷺ) کرا، ئـەویش لەبـەری کـرد چونکە پێویستی بوو، پیاوێکیش داوای لێ کرد ئەویش دای پـێی، خـەڵکیش لۆمـەی پیاوەکەیان کرد و ووتیـان بـۆ داوات کـرد نازانیت کە پێغەمبەر(ﷺ) پێویستی بـوو، کە تۆ دەزانیت کە ئەو هەر کەسێك داوای لێ بکات نایگێڕێتەوەو دەیداتێ، پیاوەکـە

٢١- (صحيح سنن أبي داود).

٢٢- (صحيح سنن النسائي: ٤/١٢٥).

٢٣- (صحيح الجامع الصغير: ٤٨٥٤).

ووتی: سوێند بە خوای گەورە بۆ ئەوە داوام نەکردووە لەبەری بکەم بەڵکو تەنها بۆ ئەوە داوام کرد تا ببێت بە کفنەکەم، وە ئەو ڕۆژەی کە مرد بوو بە کفنەکەی)[٢٤].

وە پێغەمبەر(ﷺ) شتی وای دەبەخشی کە پاشاکانی وەکو کیسرا وقەیصەر نەیان دەتوانی ببیەخشن، وەخۆی و خێزان ومنداڵەکانی بێ بەش دەکرد و وەکو هەژار ژیانی بەسەر دەبرد ومانگ ودوو مانگ بەسەریدا تێ دەپەڕی وئاگر لەماڵیدا ناکرایەوە، وەجاری واهەبووە کە لەبرسا بەردی بەستۆتە سکی پیرۆزیەوە.

وەدەفەرمێت: (من فطر صائما كان له مثل أجره غير أنه لا ينقص من أجر الصائم شيئا)[٢٥]

واتە: هەرکەسێك خواردن بدات بە ڕۆژووەوانێك ئەوا وەکو پاداشتی ڕۆژووەوانەکەی بۆهەیە بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ڕۆژووەوانەکە هیچ شتێك کەم بکات.

وەدەفەرمێت: (الصوم جنة والصدقة تطفيء الخطيئة كما يطفيء الماء النار)[٢٦].

واتە: ڕۆژوو قەڵغانە، وە خێرو چاکە تاوان دەسڕێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

٦- چاکەکردن بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ)، وەخۆپاریزی بەدورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان، چونکە ئەمەیە حیکمەت لە تەشریع کردنی ڕۆژوو، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ)فەرموویەتی:

(من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة أن يدع طعامه وشرابه)[٢٧].

واتە: هەرکەسێك واز لە قسە وکردەوەی بەتاڵ نەهێنێت ئەوا خوای گەورە پێویستی بەوە نیە کە واز لە خواردن وخواردنەوە بهێنێت.

وەدەفەرمێت: (ليس الصيام من الأكل والشرب إنما الصيام من اللغو والرفث فإن سابك أحد أو جهل عليك فقل إني صائم إني صائم)[٢٨]

واتە: بەڕۆژوو بوون تەنها خۆگرتنەوە نیە لە خواردن وخواردنەوە، بەڵکو خۆگرتنەوەیە لە قسەی بەتاڵ وناشیرین، وەئەگەر یەکێك جوێنی پێدایت، یاخود نەزانی بەرامبەرت ئەنجام دا ئەوا پێی بڵێ من بەڕۆژووم، من بەڕۆژووم.

---

٢٤-(صحيح سنن إبن ماجة: ٣٥٥٥).

٢٥- (صحيح الجامع الصغير: ٦٤١٥).

٢٦- (صحيح الجامع الصغير: ٥١٣٦).

٢٧-(صحيح سنن أبي داود: ٢٣٦٢).

٢٨- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٠٨٢/١).

وەدەفـەرمێت: (فإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث ولا يصخب)[٢٩].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێـوە بـەڕۆژوو بـوو ئەوا بـا قسـەی بـەتاڵ وناشـیرین ودەنگـە دەنگ نەکات.

(رب صائم حظـه مـن صـيامه الجـوع والعطش)[٣٠]

واتە: لەوانەیە ڕۆژووەوانێك لە ڕۆژووەکەی تەنها برسێتی وتینوێتی بۆ بمێنێتەوە.

٧- تۆبە کردن و داوای لێخۆش بـوون لـە خـوای گـەورە بەتایبـەت لـە بەرەبـەیان: خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وبِالْأَسحارِهم يستغفِرونَ﴾ [الذاريات: ١٨] .

واتە: وەبەبەرەبەیان داوای لێخۆش بـوون لە خوای گەورە دەکەن.

وەدەفەرمێت:

﴿الصابِرِين والصادِقِين والْقَانِتِين والْمـنفِقِين والْمستغفِرِين بِالْأَسحارِ﴾ [آل عمران: ١٧] .

واتە: بەهەشت بۆ ئـارامگران وراسـتگۆیان وگوێڕایـەڵان وبەخشـەران وئەوانـەی کـە داوای لێخـۆش بـوون لـە خـوای گـەورە دەکەن بەبەرەبەیان.

٨- مانـەوە لەمزگـەوت لـە ڕەمەزانـدا بـۆ خواپەرستی(الإعتكاف): عائیشە(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێت:

(كان النبي (ﷺ) يعتكف في العشر الأواخر من رمضان، حتى توفاه الله عـز وجـل ثم اعتكف أزواجه من بعده)[٣١]

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا لە مزگـەوت دەمایـەوە بـۆ خـوا پەرسـتی تـا کۆچـی دوایـی کـرد، پاشـان خێزانەکانی دەمانەوە.

وەئـەو کەسـەی کـە بـۆ خـوا پەرسـتی دەمێنێتەوە لە مزگەوتدا نابێـت دەرچـێت ئـیلا بـۆ پێویسـتی‌یـەکی گـرنگ نـەبێت، وەنابێـت سـەردانی نـەخۆش بکـات ولـە خێزانەکەی نزیـك بکەوێتـەوە، وە مانـەوە نابێت ئیلا لە مزگەوتی جەماعەتدا نەبێت، وەسوننەتە ئەو کەسەی کە دەمێنێتـەوە بەڕۆژوو بێت.

٩- دواخسـتنی پاشـێو وپەلـە کـردن لـە ڕۆژوو شـکاندن: لـە أبي الـدرداء لەپێغەمبـەرەوە فەرموویـەتی:

(ثـلاث مـن أخـلاق النبـوة: تعجيـل الإفطاروتأخير السحور ووضع اليمين علـى الشمال في الصلاة)[٣٢].

واتـە: سـێ شـت لـە خوڕەوشـتی پێغەمبەرایـەتی‌یـە: پەلـەکردن لـە ڕۆژوو شکاندن، وەدواخستنی پاشێو، وە دانانی دەستی ڕاست لەسـەر دەسـتی چـەپ لـە نوێژدا.

---

٢٩- (صحيح سنن النسائي: ٢٢١٧).

٣٠- (صحيح الجامع الصغير: ٣٤٩٠).

٣١- (إرواء الغليل: ٩٦٦/٤).

٣٢- (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٣٨).

له ریوایه‌تێكی تردا ده‌فه‌رمێت:
(إنا معشر الأنبياء أمرنا أن نعجل إفطارنا ونؤخر سحورنا ونضع أيماننا على شمائلنا في الصلاة)[٣٣] .

واته: ئێمه‌ی گرۆی پێغه‌مبه‌ران فه‌رمانمان پێ كراوه كه: رۆژووه‌كه‌مان زوو بشكێنین، وه پاشێوه‌كه‌مان دوا بخه‌ین، وه ده‌ستی راستمان له‌سه‌ر ده‌ستی چه‌پمان دابنێین له نوێژدا.

١٠- عومره كردن له ره‌مه‌زاندا:
(عمرة في رمضان تعدل حجة)[٣٤].

واته: عومره‌یه‌ك له‌ره‌مه‌زاندن خێری حه‌جێكی هه‌یه.

له ریوایه‌تێكی تردا ده‌فه‌رمێت:
(عمرة في رمضان تعدل حجة معي)[٣٥]

واته: عومره‌یه‌ك له‌ره‌مه‌زاندن خێری حه‌جێكی هه‌یه كه له‌گه‌ڵ مندا كرا بێت.

١١- گه‌ڕان وپشكنینی ليله القدر:
(تحروا ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر من رمضان)[٣٦].

واته: به‌دوای شه‌وی قه‌دردا بگه‌ڕێن له ده‌شه‌وی كۆتایی ره‌مه‌زان.

١٢- وازهێنان له بیدعه له دیندا له هه‌موو كاتێكدا به‌تایبه‌ت له‌م مانگه‌دا:

( من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد)[٣٧] .

واته: هه‌ركه‌سێك هه‌ر كرده‌وه‌یه‌ك بكات له دیندا كه فه‌رمانی ئێمه‌ی له‌سه‌ر نه‌بێت ئه‌وا لێی وه‌رناگیرێت وره‌ت ده‌كرێته‌وه بۆ سه‌ر خاوه‌نه‌كه‌ی.

وه ده‌فه‌رمێت: (من أحدث في أمرنا ما ليس منه فهو رد)[٣٨].

واته: هه‌ركه‌سێك هه‌ر كرده‌وه‌یه‌ك دابهێنێت له دینی ئێمه‌دا كه تێیدا نه‌بێت ئه‌وا لێی وه‌رناگیرێت وره‌ت ده‌كرێته‌وه بۆ سه‌ر خاونه‌كه‌ی.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

٣٣- (صحيح الجامع الصغير: ٢٢٨٦).
٣٤- (صحيح الجامع الصغير: ١٥٩٩).
٣٥- (صحيح الترغيب والترهيب: ١١١٨/٢).
٣٦- (صحيح الجامع الصغير: ٢٩٢٢).
٣٧- (إرواء الغليل: ٨٨/١).
٣٨- (متفق عليه)، (وانظر: غاية المرام: ٥).

# مرۆڤی دوو ڕوو

نوسینی: م/ عبيد فقى محمد أمين
ئیمام وخه طیبی مزگەوتی
فرقان لە شۆرش/ چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسـلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـين وبعد:

﴿وإذَا قِيلَ لَهم لَا تفْسِدوا فِي الْأرض قَالُوا إنما نحن مصلِحونَ أَلَا إنهم هم الْمفْسِدونَ ولَكِن لَا يشعرونَ وإذَا قِيلَ لَهم آمِنوا كَما آمن الناس قَالُوا أنؤمِن كَما آمن السـفَهاءُ أَلَا إنهم هم السفَهاءُ ولَكِن لَا يعلَمونَ﴾ [ البقرة: ١١-١٣].

خـوای گـەورە لـەم چـەند ئایەتـەی تـردا باسـی چـەند سـیفاتێکی تـری دووڕووەکانمان بۆ دەکات و دەفەرمێت: ﴿ وإذَا قِيلَ لَهم لَا تفْسِدوا فِي الْأرض﴾.

واتـە: کاتێـك بـە دووڕووەکـان بوترێـت: لەسـەر زەویدا ئـاژاوە وئاشـوب وبشـێوی دروست مەکەن وبەرپای مەکەن، ئەوان لە وەڵامـدا دەڵـێن: ﴿قَـالُوا إنمـا نحـن مصلِحونَ﴾ ئێمە بەڕاستی چاکە خـواز و چاك سازین و حەزمان لە ئاژاوەو بشـێوی نی‌یە.

بـەڵام پـەروەردگار بـەدرۆیان دەخاتـەوەو دەفەرمێت: ﴿أَلَا﴾ موسڵمانان ئاگادار بـن ﴿إنهم هم الْمفْسِـدونَ﴾ بەڕاسـتی ئـەوان خۆیـان ئاژاوەچـی وتێکـدەری کۆمەڵگـەن ﴿ولَكِن لَا يشعرونَ﴾ بەڵام خۆیان هەسـت بەوە ناکەن کە ئاژاوەچین وئەوەی ئـەوان ئـەنجامی دەدەن چـاکە خـوازی وچـاك سازی نی‌یە بە هیچ شێوەیەك.

لەم دوو ئایەتەوە چەند حـوکم و سـودێك وەردەگرین لەوانە:

١– فەرموودەی خوا: ﴿وإذَا قِيلَ لَهم لَـا تفْسِدوا فِـي الْـأرض﴾ بەڵگەیـە لەسـەر

ئەوەی کە پێویستە لەسەر باوەڕداران بەبەردەوامی ئامۆژگاری کەسانی خراپ و ئاژاوەچی بکەن، وبێ دەنگ نەبن لەوەی کە ئەنجامی دەدەن.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرمێت:

﴿من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، وإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان﴾[1].

واتە: هەرکەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی، ئەوا با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی بیگۆڕێت، خۆ ئەگەر بە دەست وزمانی نەیتوانی بیگۆڕێت، ئەوا با بەدڵی ئەو خراپەیەی پێ ناخۆش بێت، کە ئەمەیش لاوازترین باوەڕە.

٢- فەرموودەی خوا: ﴿ قَالُوا إِنما نحن مصلحونَ﴾بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاژاوە وئاشوب وبشێوی دروست کردن لای دووڕووەکان چاکە خوازیيە، وبەچاك سازی لەقەڵەمی دەدەن.

لەهەموو کات و سەردەمێکدا دوژمنانی خوا، پێغەمبەران وپیاو چاکانیان بە ئاژاوەچی وخراپەکار ناو بردووە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان عەقڵ و هەستیان لەدەست داوە و چاوەکانیان کوێر بووە.

پەروەردگار دەفەرمێت:

﴿وقَالَ فِرعونُ ذَروني أَقْتلْ موسى ولْيدع ربه إِني أَخاف أَنْ يبدلَ دِينكُم أَو أَنْ يظْهر فِي الْأَرض الْفَساد﴾ [غافر: ٢٦].

واتە: فیرعەون ووتی: وازم لێ بێنن با موسی بکوژم، با ئەویش لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە ودوعام لێ بکات، چونکە بەڕاستی من لەوە دەترسێم کە موسی ئایینەکەتان بگۆڕێت و لاتان بدات لەسەری، یاخود لەسەر زەویدا ئاژاوە و بشێوی دروست بکات.

وە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وقَالَ الْملأُ مِن قَومِ فِرعونَ أَتذَر موسى وقَومه لِيفْسِدوا فِي الْأَرض﴾ [الأعراف: ١٢٧].

واتە: دارو دەستەکەی فیرعەون پێیان ووت: ئایا تۆ واز لە موسی وهۆزەکەی دێنیت کە لە زەویدا ئاژاوەو بشێوی دروست بکەن...

٣- فەرموودەی خوا: ﴿إِنهم هم المفْسِدونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاژاوەچێتی ودروست کردنی بشێوی لەناو خەڵکیدا یەکێکە لە سیفەت وخووڕەوشتی دووڕووەکان.

لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەتا ئەمڕۆیش دووڕووەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە دروست کردنی ئاژاوەو بشێوی لەناو خەڵکیدا، وە بە ملیۆنەها خەڵك بەهۆی ئەوانەوە بە ناحەق کوژراون وستەمیان لێ کراوە.

---

١- (صحيح الجامع الصغير: ٢/٦٢٥٠).

بەڵام بەداخەوە کەسانێکی زۆر هەیە لەم ڕۆژەدا خووڕەوشتی دووڕووەکانیان گرتووەو کارو پیشەیان بۆتە دروست کردنی ئاژاوەو بشێوی لەناو کۆمەڵگەدا وئارامی ناو خەڵکیان شێواندووە وخەڵکی هەژاریان تووشی ترس ودڵە ڕاوکێ کردووە وهێمنی وئاسایشی ناو خەڵکیان نەهێشتووە.

ئەم جۆرە کەسە ئاژاوە چیانە دوژمنی خوای پەروەردگارن.

پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿**والله لا يحب الفساد**﴾ [البقرة: ٢٠٥].

واتە: خوای گەورە ئاژاوە و بشێوی خۆش ناوێت.

﴿**وإذا قيل لهم**﴾واتە: کاتێك بە دووڕووەکان بووترێت: ﴿**آمنوا**﴾ باوەڕ بهێنن ﴿**كما**﴾ هەروەك چۆن ﴿**آمن الناس**﴾ خەڵکی باوەڕیان هێناوە و موسڵمان بوونە.

ئەو دووڕووە بێ ڕێزانە لەوەڵامدا ﴿**قالوا**﴾ دەڵێن: ﴿**أنؤمن**﴾ ئایا ئێمە باوەڕ بهێنین﴿**كما آمن السفهاء**﴾ هەروەك چۆن گەمژە و گێل و بێ ڕێزەکان باوەڕیان هێناوە؟! مەبەستیان لە هاوەڵانە(ﷺ).

﴿**ألا**﴾ وریا بن وئاگادار بن ئەی باوەڕداران﴿**إنهم هم السفهاء**﴾ بەڕاستی هەر ئەوان خۆیان گەمژە و بی ڕێزو بێ نرخن.﴿ **ولكن لا يعلمون**﴾بەڵام بەهۆی لەدەست دانی عەقڵ و هەستیانەوە نازانن کە تەنها خۆیان بێ ڕێز وبێ نرخن.

لەم ئایەتەوە چەند حوکم و سودێك وەردەگرین لەوانە:

١- فەرموودەی خوا: ﴿**وإذا قيل لهم آمنوا**﴾بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان (ﷺ) بەبەردەوامی ئامۆژگاری دووڕووەکانیان کردووە کە باوەڕی ڕاستەقینە بهێنن، وواز لەو بیروباوەڕە بهێنن، چونکە جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وهاوەڵان (ﷺ) کێ هەبوو کە ئامۆژگاری دووڕووەکان بکات بە باوەڕهێنان و واز هێنان لە بێ باوەڕی؟

کەواتە پێویستە لەسەرمان بانگەوازی بێ باوەڕان ودووڕووان بکەین وئامۆژگاریان بکەین.

خۆ ئەگەر سودی بۆ دونیایان نەبێت، زەرەرو زیانی بۆ پاشە ڕۆژیان هەیە و عوزریان نامێنێت.

٢- فەرموودەی خوا: ﴿**كما آمن الناس**﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە لەکاتی ئامۆژگاری کردندا نمونەی پیاوچاکان ولەخوا ترسان بهێنرێتەوە، تا بەرامبەر زیاتر لە ئامۆژگاریەکان تێ بگات وبەباشی لەمێشکیدا جێگیر ببێ وبچەسپێت.

دەبینیت کاتێك کە ئامۆژگاری دووڕووەکان دەکەن بەوە ئامۆژگاریان دەکەن کە باوەڕهێنانەکەیان وەك

باوەڕهێنـانی هـاوەڵان بێـت (ﷺ)چـونکە باوەڕهێنانی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە کـە وەك باوەڕی هاوەڵان بێت (ﷺ) .
پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) دەفــــەرمێت: ﴿إستحي من الله إستحياءك رجـلاً مـن أهلك﴾(٢).
واتە: شەرم بکە لە خوای گەورە هەروەکو چۆن شەرم لـە پیـاو چاکێکی هۆزەکـەی خۆت دەکەیت.
٣- فەرموودەی خوا: ﴿**أنؤمن كما آمـن السـفهاءُ**﴾ بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کەبەکەم دانان و وبێ ڕێز سەیر کردنی هـــاوەڵان (ﷺ) وزانایـــان وبـــاوەڕداران وپیاوچـــاکان یەکێکـــە لــــە ســـیفەتی دووڕووەکان.
دەبینیت دووڕووە بێ ڕێزەکان بە چـاوی سوك وبی ڕێـزیـیەوە تەماشـای هـاوەڵان (ﷺ) دەکــەن وبەســوك وبــێ ڕێزیــان لەقەڵــەم دەدەن، لەکاتێکـدا کــە تــەنها خۆیانن سوك وبێ ڕێز.
(أبو العالية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێـت) لـە تەفسیری ﴿**قـالوا أنـؤمن كمـا آمـن السفهاءُ**﴾ دا دەفـەرمێت: [دووڕووەکـان مەبەسـتیان لـە بـێ ڕێـز وبـێ عەقڵـەکان هاوەڵانە (ﷺ)].
لەهەموو کات وسـەردەمێکدا بـێ بـاوەڕان ودۆستەکانیان بەباوەڕدارانیان ووتوە بـێ ڕێز و ئاژاوەچی وسەرلێ شـێواو، تەنانـەت بە پێغەمبـەرانیان (عليهم الصلاة والسلام) ووتووە شێت وبێ عەقڵ.
لەڕاستیشـدا وا نـیـیە وتـەنها خۆیـان بـێ ڕێزو ئاژاوەچی وسەرلێ شێواون.
پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێت:
﴿ من سب أصحابي فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين﴾(٣).
واتــە: ئــەوەی جـوێن بــە هـاوەڵانی مــن دەدات، نـــەفرینی خـــواو فریشـــتەکان و هەموو خەڵکی لێ بێت.
دووڕووەکـان ئەگـەر لـە خـوا بترسـانایە پێچـەوانەی ئـەم ئایەتـەیان نـەدەکرد کـە پەروەردگار دەفەرمێت:
﴿**ولا تنابزوا بالألقاب**﴾ [الحجرات:١١].
واتە: ناو وناتۆرە لەیەکتری مەنێن.
٤- فـەرموودەی خـوا: ﴿ **أنؤمن كما آمن السفهاءُ**﴾ بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە لـە خۆبایی بوون ولە خۆ ڕازی بوون هۆیـەکی سەرەکی‌یە بۆ بەرەو بێ بـاوەڕی چـوون، چونکە ئەگەر دووڕووەکان لەخۆیان بـایی نەبوونایـە وخۆیـان بـە گـەورە نەزانیایـە، ئـەوا بـەم شـێوەیە تەماشـای هاوەڵانیـان نـــەدەکرد (ﷺ)، و بـــەبێ ڕێزیـــان نـــاو نەدەبردن.
گـەر تەماشـای قورئـانی پـیرۆز بکـەیت بەتــەواوی بـۆت ڕوون دەبێتــەوە کـە بــێ

---

٢- ( سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٧/ ٣٥٥٩).
٣- ( سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥/ ٢٣٤٠).

باوەڕ بوونی (إبلیس) بەهۆی لەخۆبایی بوونەکەیەوە بوو، بە خوای گەورەی ووت: ﴿قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ [ص: ٧٦].

واتە: من لە ئادەم چاکترو بەڕێزترم چونکە منت لە ئاگر دروست کردووە وئادەمت لە قوڕ دروست کردووە.

(إبلیس) بەلەخۆبایی بوونەو دەیووت: ﴿أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا﴾ [ الإسراء: ٦١].

واتە: ئایا من سوجدە بەرم بۆ کەسێك کەلە قوڕ دروستت کردووە؟!

وەهۆی بێ باوەڕبوون ولە سنور دەرچونی (نەمرود) ی پاشای (بابل) هەر بەهۆی لە خۆبایی بوونەوە بوو.

مشت ومڕی لەگەڵ إبراهیم پێغەمبەردا (ﷺ) دەکرد لەبارەی پەروەردگاریەوە، وەك پەروەردگار باسی دەکات ودەفەرمێت:

﴿إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ﴾ [البقرة: ٢٥٨].

واتە: بیهێنەرەوە یادی خۆت ئەو کاتەی کە إبراهیم (ﷺ) مشت ومڕی لەگەڵ نەمروددا کردو پێی فەرموو: پەروەردگاری من ئەو خوایەیە کە خەڵکی و گیانلەبەران زیندو دەکاتەوە ودەیشیان مرێنێت، نەمرود بەلەخۆبایی بوونەوە ووتی: منیش دەتوانم خەڵکی زیندوو بکەمەوە وبیشیان مرێنم.

ئایا ئەمە ئەوپەڕی لە خۆبایی بوون نییە بۆ مرۆڤێکی بێ دەسەڵات؟!

وەهۆی بێ باوەڕ بوون ولەسنور دەرچوونی فیرعەون هەر بەهۆی لە خۆبایی بوونییەوە بوو، وەك پەروەردگار باسی دەکات ودەفەرمێت:

﴿وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾ [النمل: ١٤].

واتە: بەرهەڵستی ئەو هەموو موعجیزانەی موسی پێغەمبەریان(ﷺ) دەکرد ودانیان پێیاندا نەدەنا، لەکاتێکدا کە دڵنیا بوون لە ڕاستێتی‌یان، بەڵام لەبەر ستەمکاری و خۆبەزل زانین نکوڵی‌یان دەکرد.

وەهۆی بێ باوەڕ بوون و ماڵ وسامان نەبەخشینی قارون هەر بەهۆی لە خۆبایی بوونەوە بوو، کاتێك کە ئامۆژگاری دەکرا بەوەی کە ماڵ و سامان ببەخشێت و یارمەتی هەژاران ونەداران بدات وزەکاتەکەی دەربکات، ئەو لەوەڵامدا دەیووت: ﴿إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي﴾ [القصص: ٧٨].

واتە: بێ گومان ئەم ماڵ وسامانەم پێ دراوە ودەستم کەوتووە بەهۆی زانیاری و زیرەکی ولێهاتوویی خۆمەوە.(واتە: خوا پێمی نەبەخشیووە، وبەزانیاری خۆم دەستم کەوتووەو پەیدام کردووە.

دووڕووەکانیش لەسەر ڕێبازی ئەم سەرکردە خراپانە دەڕۆن بۆیە ئەوەندە لە خۆیان بایین وبەرامبەر بەکەم دەزانن.

٥- فەرموودەی خوا: ﴿قَالُوا أَنُؤْمِن كَمَا آمَن السُّفَهَاءُ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ناوو ناتۆرەنان و ڕق وکینە لەبەرامبەر هاوەڵاندا (ﷺ) یەکێکە لە سیفەتە خراپەکانی دووڕووەکان.

گەر تەماشای قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان بکەین ئەو کاتە بە باشی بۆمان دەردەکەوێت کە دووڕووەکان چەندەها ناوو ناتۆرەی ناشیرینیان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوە.

ئەم بێ ڕێزییەیش زیاتر لە حەسودی و ڕق وکینەوە دروست دەبێت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پشتیوانانەوە (الأنصار) دەفەرمێت: ﴿لا یحبهم إلا مؤمن، ولا یبغضهم إلا منافق﴾[٤].

واتە: کەس پشتیوانانی خۆش ناوێت تەنها باوەڕدار نەبێت، وەکەس ڕقی لێیان نییە تەنها دووڕووەکان نەبێت.

وە لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت: ﴿ آیة المؤمن حب الأنصار، وآیة المنافق بغض الأنصار﴾.

واتە: خۆشویستنی پشتیوانان نیشانەی باوەڕدارییە، وە ڕق لێ بوونیان نیشانەی دوو ڕووییە.

گەر دووڕووەکان هاوەڵانیان خۆش بویستایا ئەوەندە بێ ڕێز نەدەبوون وهاوەڵانیشیان بەبێ ڕێز ناو نەدەبرد.

٤- ( سلسلة الأحادیث الصحیحة: ٤/ ١٩٧٥).

دووڕووە بێ ڕێزەکان نەك هەر ڕقیان لە پشتیوانان بوو بەڵکو ڕقیان لە کۆچ کەرانیش بوو(ﷺ).

٦- فەرموودەی خوا: ﴿أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ﴾ بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و ڕێزی هاوەڵان لای خوای پەروەردگار.

ئا ئەمە گەورەترین فەزڵ و ڕێز نییە بۆ هاوەڵان کە خوای پەروەردگار پشتگیرییان لێ دەکات بەوەی کە ئەوان بێ ڕێز و بێ عەقڵ نین، بەڵکو دوژمنانیان بێ ڕێز و بێ نرخن.

ئەم پشتگیری کردنە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئەوان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵاندا (ﷺ) زۆر بەڕێز و خۆشەویستن لای پەروەردگاریان.

فەرموودەی خوا:﴿ وَلَٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بوونی زانیاری بەسود هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بەڕێز بکات و خەڵکیش بەبەڕێز بزانێت و بەچاوی ڕێزەوە تەماشایان بکات، بەڵام بەپێچەوانەوە نەبوونی زانیاری بە سود مرۆڤ بێ ڕێز دەکات و سەرەنجام ئەویش خەڵك بەبی ڕێز دادەنێت.

دەبینین کە دوو ڕووەکان بەهۆی ئەوەی کە زانیاری بەسودیان نەبوو هاوەڵانی بەڕێزیان بەبێ ڕێز تەماشا دەکرد، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰ إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِندِكَ قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفًا﴾ [محمد: ١٦].

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك لە دووڕووەكان دێنە خزمەتت وگوێ بیستی وتار وفەرموودەكانت دەبن، بەڵام كاتێك هەڵدەستن ولای تۆ دەڕۆن، بە خاوەن زانیاریەكان- هاوەڵان(رضي الله عنهم)- دەڵێن: ئەوە ئێستا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی فەرموو؟

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە دووڕووەكان هیچ سودێكیان لە فەرمایشتەكانی خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) وەرنەگرتووە.

بەڵام هاوەڵان(رضي الله عنهم) بەپێچەوانەوە سودمەند دەبوون وزانیاری بەسودیان وەردەگرت، ئەوەتا هەموو فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوان بۆمانیان گێڕاوەتەوە.

پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ﴾ [البقرة: ٢٨٢].

واتە: وە لەخوا بترسن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەكانی بكەن وخۆتان لەو شتانە بپارێزن كە لێتانی قەدەغە كردووە، ئەو كاتە خوای گەورەیش فێری زانیاریتان دەكات وزانیاری بە سودتان پێ دەبەخشێت.

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە خوای پەروەردگار زانیاری بەسود تەنها بە خواترسان دەبەخشێت، دووڕووەكانیش لە زانیاری بە سود بێ بەشن چونكە لە خواناترسن.

نەزانی وبێ ئاگایی وای لە دوو ڕووەكان كردووە بە جۆرێك كە نازانن بەرژەوەندیان لە چیدایە و زەرەرو زیانیشیان لە چیدایە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

# خۆر بەڵگەیەکە لەبەڵگەکانی خوای گەورە گەورەیی و ژێرباری و سود و چارەنوسەکەی

✍م:عبدالغفور عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسـلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين، وبعد:

بەڵگەکانی خوای گەورە لە دروست کراوەکانیدا زۆر و لەژمارە نەهاتوون، جا ئەو بەڵگانە لە ئاسمانەکاندا بێت وەك ئەستێرە و بورجەکان، یا لە سەر زەوی بن وەك ڕووەك و ئاژەڵ و دەریا و چیاکان، یاخود لە دروست کردنی ئادەمیزاد و ئەندامەکانی لاشەی و بەیەکەوە بەستنیان بە شێوەیەکی وورد وڕێك، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وفي الْأرض آيات للْموقِنين وفي أنفُسِكُم أفَلَا تبصِرونَ وفي السـماء رزقُكُـم ومـا توعدونَ فَورب السماء والْأرض إنه لَحـق مثْلَ ما أنكُم تنطِقُونَ﴾ [الذاريات: ٢٠ ـ ٢٣] .

واتە: (لە زەویدا بەڵگەی زۆر هەن بۆ ئەوانەی کە بەشوێن دڵنیایدا دەگەڕێن، وە لە خودی خۆشتاندا ئایا نایان بینن؟ وە ڕزق و ڕۆزیتان لە ئاسمانە و ئەوانەش کە بەڵێنتان پێدراوە، سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی ئەو بەڵێنانە حەقیقەت و ڕاستەقینەن هەروەك چۆن ئێوە قسە دەکەن) .

یەکێك لەو بەڵگانەی کە گەورەیی خوای گەورە ڕوونتر دەکاتەوە، ئەو خۆرەیە کە هەموو ڕۆژێك بە بەرچاومانەوە هەڵدێت و ئاوا دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وهو الذِي خلَق الليلَ والنهار والشمس والْقَمر كُل فِي فَلَكٍ يسبحونَ﴾ [الأنبياء: ٣٣] .

واتە: هەر خوای گەورە شەو و ڕۆژی بەدی هێناوە و خۆر و مانگیشی دروست

کردووه، که هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە .

## قورئان گەورەیی خۆر دەردەخات:

خوای گەورە ئەندازەی خۆری داناوە و سورەتێکیشی بەو ناوەوە ناو ناوە، وە (٣٢) جار لە قورئاندا ناوی هێناوە، بۆیە لەبەر ئەو گەورەیی‌یەی چەند قەومێك پەرستویانە جگە لە خوای گەورە، هەروەك (هدهد) دەربارەی (بەلقیس) و قەومەکەی بە پێغەمبەر سلێمان (ﷺ) دەڵێت: ﴿إني وجدت امرأةً تملكهم وأوتيت من كل شيءٍ ولها عرش عظيم ۞ وجدتها وقومها يسجدونَ للشمسِ من دون اللهِ وزين لهم الشيطانُ أعمالهم فصدهم عن السبيل فهم لا يهتدونَ﴾ [النمل: ٢٣ ـ ٢٤] .

واتە: (من بۆم دەرکەوت کە ئافرەتێك فەرمان ڕەواییان دەکات و لەهەموو جۆرە دەسەلاًت و نازونیعمەتێکی پێ بەخشراوە، تەختێکی پاشایی گەورەی هەیە، بینیم خۆی وقەومەکەی سوجدە بۆ خۆر دەبەن لە جیاتی خوا، شەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندونەتەوە، بەو هۆیەوە ڕێگای ڕاستی لێ گرتوون و هیدایەت وەرناگرن) .

بۆیە خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا ڕوونی کردۆتەوە کەهەرچەندە خۆر خاوەنی گەورەیی و سود بێت و ژێربار بێت بۆ ئادەمیزاد، نابێت بپەرسترێت و عیبادەتی بۆ بکرێت، بەڵکو دروستکار و خاوەنەکەی شایستەی پەرستنە، وەك دەفەرموێت:

﴿ومن آياتِهِ الليلُ والنهار والشمس والقمر لا تسجدوا للشمسِ ولا للقمرِ واسجدوا للهِ الذي خلقهن إن كنتم إياه تعبدونَ﴾ [فصلت: ٣٧] .

واتە: (لە نیشانە و دەسەڵاتی پەروەردگار شەوو ڕۆژو خۆرومانگە، هەرگیز نەکەن سوجدە بۆخۆر یان مانگ ببەن، بەڵکو سوجدە بۆئەو خوایە ببەن کەدروستی کردوون، ئەگەر ئێوە خۆتان بە بەندەی ڕاستەقینەی ئەو دەزانن و هەر بەتەنها ئەودەپەرستن )، وە لەسوننەتدا هاتووە کەهاوبەش پەیداکەرەکان سوجدەیان بۆ خۆر دەبرد، بۆیە نەهی کراوە کە بڕوادار نوێژ بکات لەکاتی هەڵهاتنیدا تاڕمێك بەرز دەبێتەوە، وەکاتێك کە لەناوەڕاستی ئاسمان دایەو ئەو کاتەش کە ئاوادەبێت.

وە یەکێکە لەو بەڵگە گەورانەی کە إبراهیم (ﷺ) گفتوگۆکەی لەگەڵ نەمرود

کۆتـایی پـێ هێنـا، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێت:

﴿ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ ﴾ [البقرة: ٢٥٨] .

واتـە: ( ئیـبراهیم (ﷺ) فـەرمووی: بەڕاسـتی خـوای گـەورە خـۆر لەخۆرهەڵاتـەوە دەهێنێـت جائەگـەر تۆدەتوانی لەخۆرئاواوە بیهێنـە، ئـەو بـێ باوەڕە دەمکوت کـراو وەڵامـی نـەما)، وە لەبەرامبەر قەومەکەیدا فەرموی:

﴿ فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَـٰذَا رَبِّي هَـٰذَا أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ۞ إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ [الأنعام: ٧٨ ـ ٧٩] .

واتـە:(کاتێـك ئیـبراهیم خـۆری بینـی هـەڵهات فـەرمووی: ئەمـە پـەروەردگاری منـە ئەمـە گەورەیـە، کاتێـك ئـاوابوو، فەرمووی: ئـەی قەومەکـەم بەڕاسـتی مـن بەریم لەوشتانەی ئێوە کردوتانن بەهاوەڵ وشەریك بۆخـوای پـەروەردگار، مـن ڕووی خۆم کردۆتە ئەوزاتەی کـەئاسمان وزەوی دروست کـردووەو ڕوو لـەهیچ شـتێکی تـر ناکەم و هەرگیز لەڕیزی موشریکان نابم ).

## خۆر خوای گەورە دەپەرستێ:

لەگەڵ ئەو گەورەیی‌یەی کەخۆر هەیەتی و پێـی ناسـراوە، لەهـەمان کاتـدا ملکەچـی خـوای گەورەیـەو تەسـبیحاتی دەکـات و دەیپەرسـتێت، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێ:

﴿ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ ﴾ [الإسراء: ٤٤] .

واتە: (هەر شتێك لەم بونەوەرەدا هەیە سوپاس وستایشی خوای گەورە دەکات)، وە سوجدە بۆ خوای پەروەردگار دەبات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ﴾ [الحج: ١٨] .

واتە: ( ئایا نەتبینیوە کەهەرچی هەیـە لەئاسمانـەکان وزەویـدا سـوجدە بۆخـوا دەبەن، هەروەها خۆرو مانگ وئەسـتێرەو چـیاکان ودرەخـت و ئـاژەڵ و زۆرێـك لەخـەڵکی، وەزۆرێکیش شایستەی سزاو تۆڵەیە ).

وە پێغەمبـەر (ﷺ) بـە (أبـو ذر)ی فـەرموو کاتێـك خـۆر ئـاوا دەبێـت: ئایـا دەزانـی بۆکـوێ دەچـێت؟ ووتم: خـوا و

پێغەمبەر(ﷺ) زاناترن، فەرموی: دەڕوات تاسوجدە دەبات لەژێر عەرشدا)[1].

وە هەڵەیە تەئویل کردنی ئەم فەرمودەیەو حەقیقەتی سوجدە بردنی نەفی بکرێت بۆ خوای پەروەردگار، ابن العربي دەڵێت: (خەڵکێك دژایەتی سوجدەی خۆر دەکەن لە کاتێکدا شتێکی ڕاستە، وە تەئویلی دەکەن و دەڵێن: مەبەست ئەوەیە بەردەوام ژێربارە)[2].

وە (الخطابي) دەفەرموێت: (هیچ شتێك نی یە لەوەدا (واتە سوجدە بردنی خۆر بۆخوای گەورە) تەنها بەڕاست دانان و تەسلیم بوون نەبێت).

**ژێرباركردنی خۆر بۆ ئادەمیزاد:**

یەکێك لەو ڕێز و پایانەی کە خوای گەورە لە ئادەمیزادی ناوە، ژێرباركردنی دروست کراوەکانێتی بۆی، یەکێ لەوانە خۆرە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وسخر لكم الليل والنهار والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره﴾ [النحل: ١٢].

واتە: ( هەروەها شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی بۆئێوە ژێربار کردووە، ئەستێرەکانیش بەفەرمانی ئەو ژێربار کراون)، وە دەفەرموێت:

﴿ وسخر لكم الشمس والقمر دآئبين وسخر لكم الليل والنهار (٣٣) وآتاكم من كل ما سألتموه وإن تعدوا نعمت الله لا تحصوها إن الإنسان لظلوم كفار﴾ [إبراهيم: ٣٣ ـ ٣٤].

واتە: (خۆر ومانگی بۆئێوە ژێربار کردووەو بەردەوام لەچەرخ وخولدان، شەوو ڕۆژیشی بۆخزمەتی ئێوە ژێرباركردووە، وەهەرشتێکی داواتان کردبێت پێی بەخشیون، وەئەگەر نازونیعمەتەکانی خوا بژمێرن پێتان ناژمێردرێت، بەڕاستی ئینسان ستەمکارو خوانەناس وسپڵەیە)، بەڵێ والله ناتوانین نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرین کەبەسەرمانەوە هەیە.

وە لەسودەکانی خۆر، زانینی کاتە بەهۆی جوڵەو هەڵهاتن وئاوابوونی، وەزانینی کاتەکانی نوێژ بەهۆی سێبەرەوە کەخۆر هۆکارە بۆی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ألم تر إلى ربك كيف مد الظل ولو شاء لجعله ساكنا ثم جعلنا الشمس عليه دليلا ﴾ [الفرقان: ٤٥].

---

(١) صحيح البخاري رقم : (٣١٩٩) وصحيح مسلم رقم : (١٥٩).

(٢) تفسير ابن كثير : (٣ / ٩١٠).

واتە: ئایا نابینیت چۆن پەروەردگارت سێبەر درێژ دەکاتەوە، ئەگەر بیویستایە جێگیری دەکرد، پاشان خۆریشمان کردوە بە بەڵگە و نیشانە لەسەر سێبەر، وە ڕوناکی پەخش دەکات و تاریکی لادەبات و لەگەڵ دەرکەوتنیدا زیندەوەران بڵاو دەبنەوە و بەدوای ڕزق وکەسابەتیان دەکەون، کە ئاواش بوو و تاریکی بڵاوبووەوە، زیندەوەران پشوو دەدەن بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژێکی نوێ، ئەمەیە بەخششی خوای گەورە، چونکە ئەگەر بۆ هەمیشە ئاوا نەبوایە چۆن زیندەوەران ئارامیان دەگرت و چۆن دەخەوتن؟! وە ئەگەر بۆ هەمیشە هەڵنەهاتبایە، چۆن ئیش و کار و کەسابەتیان دەکرد؟! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قُلْ أرأيتم إن جعلَ الله عليكُم الليلَ سرمداً إلى يومِ القِيامةِ من إله غير اللهِ يأتيكُم بِضِياء أفلا تسمعونَ ۞ قُلْ أرأيتم إن جعلَ الله عليكُم النهار سرمداً إلى يومِ القِيامةِ من إله غير اللهِ يأتيكُم بليلٍ تسكُنونَ فيه أفلا تبصِرونَ ۞ ومِن رحمتِهِ جعلَ لكُم الليلَ والنهارَ لتسكُنوا فيهِ ولتبتغوا مِن فضلِهِ ولعلكُم تشكُرونَ﴾ [القصص: ٧١ ـ ٧٣] .

واتە: (ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: ئەگەر خوا شەوگار بکات بەهەمیشەیی تا ڕۆژی قیامەت و هەر ڕۆژ نەبێتەوە، ئایا هیچ خوایەکی تر هەیە جگە لە الله بتوانێت ڕوناکیتان بۆ بنێرێت؟ ئایا ئێوە ئەم ڕاستیانە نابیستن؟ وەبڵێ ئەگەر ڕۆژگاری لەسەر کردبان بەهەمیشەیی تاڕۆژی قیامەت، چ خوایەك هەیە جگە لە الله کەشەوگارتان بۆبهێنێت تائارامی تێدا بگرن؟ ئایا ئێوە سەرنجی ئەم دیاردانە نادەن ونابینن؟ جاڕەحمەت ومیهرەبانی خوای گەورە ئەوەیە، کە شەوو ڕۆژی کردوە بەهۆی ئارامی و حەوانەوەو کارو کاسبی کردن و گەیشتن بەبەخششەکانی، بەڵکو سوپاس گوزارو شوکرانە بژێربن).

وەڕێڕەوی ڕۆیشتنی ودوری لەزەوی، بەڵگەیەکی ترە لەبەڵگەکان وبەخششێکە لەبەخششەکانی تر، کەڕێڕەوەکەی بەشێوەیەکی وایە کەڕۆژێك لەڕۆژان لێی لانادا و تێك ناچێت ودواناکەوێت لەهەڵهاتن وئاوابونی، وەدوریەکەشی بەشێوەیەکە کەزانایانی گەردوون دەڵێن: (ئەگەر هاتباو یەك میل دورتر بوایە ئەوا زەوی دەبوە پارچەیەك سەهۆڵ، وە ئەگەر بەو ئەندازەیە نزیکتر بوایە زەوی دەبوو بەتۆپەڵێك ئاگر)، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم ۞ والقمر قدرناه منازلَ

حتى عاد كالعرجون القديم ﴿ لا الشمس ينبغي لها أن تدرك القمر ولا الليل سابق النهار وكل في فلك يسبحون﴾ [يس: ٣٨ ـ ٤٠] .

واتە: خۆر بەدەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان ئەوە توانای زاتێکی باڵادەست وزانا دەردەخات، هەروەها کات وشوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری کردووە، هەتا سەرئەنجام هەموو مانگێك وەك چیلکەیەکی وشکی باریکی لێ دێت، نەخۆر بۆی هەیە بەمانگ بگات، نەشەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لەخولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەکەن و دەسوڕێنەوە .

وە نیشانەیەکی تری خۆر ئەوەیە کە کۆمەڵێك شوێنی هەڵهاتن و ئاوابوونی هەیە (مشارق ومغارب) بە پێی وەرزەکان گۆڕانکاری بە سەر دێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فلا أقسم برب المشارق والمغارب إنا لقادرون ﴿ على أن نبدل خيراً منهم وما نحن بمسبوقين﴾ [المعارج: ٤٠ ـ ٤١] .

واتە: سوێند بەپەروەردگاری خۆرهەڵاتەکان وخۆرئاواکان، بەڕاستی ئێمە هەمیشە بەدەسەڵاتین ئەمانە لەناوبەرین و کەسانی چاکتر بهێنینەکایەوە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە بێ توانا نین .

## پەیوەندی خۆر بە ڕۆژی دوایەوە (اليوم الآخر ):

خۆر چەند پەیوەندیەکی پتەوی بە ڕۆژی دواییەوە هەیە، بۆیە هەڵوێستەکانی لەو ڕۆژەدا زۆرن، لەوانە:

### هەڵوێستی یەکەم:

خۆر بەڵگەو نیشانەیەکی گەردونی ئاشکرایە وهەموو کەسێك دەیبینێت، کاتێك گرفت دەکەوێتە ئەویاسایەی لەسەریەتی، کە نیشانەی داخستنی دەرگای تەوبەیە، وە گەڕانەوەو هەڵهاتنی لەڕۆژئاواوە نیشانەیەکە لەسەر هاتنی ڕۆژی دوایی، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة، ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها))(٣).

واتە: ( هیجرەت کۆتایی نایات هەتا تەوبە کۆتایی نەیات، وەتەوبەش کۆتایی نایات هەتا خۆر لەخۆرئاواوە هەڵنەیات)، وە لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت:

((لا تقوم الساعة حتى تطلع الشمس من مغربها، فإذا طلعت من مغربها ورآها الناس

(٣) صحيح الجامع الصغير رقم : (٧٤٦٩).

آمنوا جميعاً فذلك حين لا ينفع نفساً إيـمانها لـم تكن آمنت من قبل))[٤].

واتە: قیامەت نایات تاخۆر لەخۆرئاوا هەڵنەیات، ئەگەر لە خۆرئاوا هەڵهات و خەڵکی بینیان هەمویان ئیمان دەهێنن، وە لەو کاتەشدا ئیمان هێنان هیچ سودێك ناگەیەنێت مادام لە پێشدا ئیمانیان نەهێناوە .

**هەڵوێستی دووەم:** چارەنوسی خۆر دوای کۆتایی هاتنی دنیا، کاتێکە کەلەگەڵ مانگ دەپێچرێنەوەو دەخرێنە دۆزەخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِذَا الشمس كُورت﴾ [التكوير: ١] .

واتە: (کاتێك خۆر دەپێچرێتەوە و ڕوناکی نامێنێت)، وەدەفەرموێ:

﴿فَإِذَا برق الْبصر ❁ وخسف الْقَمر ❁ وجمِع الشمس والْقَمر﴾ [القمر: ٧ ـ ٩] .

واتە: (کاتێك چاو ئەبڵەق دەبێت و مانگیش دەگیرێت وتاریك دەبێت و خۆرو مانگ کۆدەکرێنەوەو دەدرێن بەیەکدا ) .

وەپێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت:

((الشمس والقمر مكوران يوم القيامة))[٥].

واتە: ( خۆرو مانگ دەپێچرێنەوە لەڕۆژی قیامەتدا)، وە لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت:

((الشمس والقمر نوران يكوران في النار يوم القيامة))[٦].

واتە: خۆرو مانگ دوو ڕوناکین دەپێچرێنەوە و دەخرێنە دۆزەخەوە لەڕۆژی قیامەتدا .

وە حیکمەت لەوەدا ئەوەیە کە وتراوە: (لەبەر ئەوەی خۆر و مانگ لە ئاگر دروست کراون بۆیە دەگێردرێنەوە بۆ ئەوێ)[٧] .

وە وتراوە: (بۆئەوەی ئەوانەی پەرستویانن بیان بینن و لە گەڵیاندا بن لە ئاگردا، ئەمەش نزیکە لەو ئایەتەی خوای پەروەدگار کە دەفەرموێت:

﴿إِنكُم وما تعبدونَ مِن دونِ اللهِ حصب جهنم أَنتم لَها وارِدونَ ❁ لَو كَانَ هؤلَاء آلِهةً ما وردوها وكُلٌ فِيها خالِدونَ﴾ [الأنبياء: ٩٨ ـ ٩٩] .

واتە: ( بێگومان ئێوەو ئەوشتانەی جگە لەخوا دەتان پەرستن سوتەمەنی دۆزەخن و دەبێت هەربچنە ناوی‌و هەمیشە تێیدابن، ئەوانەی ئێوە دەتان پەرستن ئەگەر خوا بوونایە ئاوا نەدەخرانە ناودۆزەخەوە بێگومان هەمویان لەدۆزەخدا بۆهەمیشە دەمێننەوە )، وە لەفەرمودەی ئەنەس دا

(٤) صحيح البخاري رقم : (٦٥٠٦) .

(٥) صحيح البخاري رقم : (٣٢٠٠) .

(٦) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٢٤) .

(٧) فتح الباري : (٦ / ٣٤٦) .

هاتووە: ((ليراهما من عبدهما)) الـ ـخطابي دەفـــەرموێت: (مەبەســـت لەخرانـــە ئاگريانـــەوە ســـزادانيان نىيـــە، بـــەڵكو بۆئەوەيە تائەوانەی کەپەرستويانن بـزانن کەعيبادەت بۆکردنيان بەتاڵە).

**هەڵوێســـتی ســـێيەم**: لەســـاحەی کۆبونـــەوەدا (محشـ ـر) کـەخۆر نزيـك دەبێتەوە لەسەر خەڵکی بەقەدەر ميلێـك، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((تدنو الشمس يوم القيامة مـ ـن الخلـ ـق حتى تكون منهم كمقدار ميل، فيكون الناس على قدر أعمالهم في العرق فمنهم من يكون إلى كعبيه، ومنهم من يكـ ـون إلى ركبتيـ ـه، ومنهم من يكون إلى حقويه، ومنـ ـهم مـ ـن يلجمه العرق إلجاماً، وأشار النبي ﷺ بيـ ـده الى فيه))[٨].

واتــە: خـۆر نزيـك دەبێتــەوە لــەڕۆژی قيامەتـدا لەخــەڵکی بەئەنـدازەی ميلێـك، وەخــەڵکيش بەئەنـدازەی کردەوەکانيـان لەعەرەقــدا دەبــن، هەيانــە تــا قولــە پێيـــەکانی، وەهەيانـــە تائـــەژنۆکانی، وەهەيانە تا پشـتێنی، وەهەيانـە تـادەمی لەعەرەقدايە، پێغەمبـەر (ﷺ) بەدەسـتی ئاماژەی بۆدەمی کرد .

بەڵێ خوێنـەری بـەڕێز ئەمـەبوو حـاڵی خــــۆرو گــــەرمی و ناڕەحەتيــــەکانی لەقيامەتــدا، کــەهيچ شــتێك لــەو ڕۆژەدا فريامان ناکەوێت تەنها ئيمان و کردەوەی چاك ودەست گرتن بەو هۆکارانەوە نەبێت کە عەبدەکان دەخەنە ژێر سێبەری خوای پەروەردگار، کەهيچ سێبەرێك نىيـە جگـە لەسايەوســـێبەری خـــوای پـــەروەردگار، وەهــاوار بۆئــەو کەســانەی کەلــەدونيادا لەنيعمەت وبەختەوەری دان وەلەقيامەتدا خەسارەت مەندن و لە سزا و ئازاردان .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

(٨) صحيح مسلم رقم : (٢٨٦٤) .

# ئایا نوێژ کردنەکەت وەك نوێژ کردنی پێغەمبەرە ﷺ؟

بەشی: دووەم

م/ لقمان حسن أمين

## دوانزەهەم: تەفسیری سورەتی فاتحە:

بسم/ (ب) بـائی (إسـتعانة) یـە، (اسـم) لێرەدا بـەتاك هـاتووە بـەڵام هـەموو نـاوە جوانـەکانی خـوای گـەورە دەگرێتـەوە، واتە/ دەست پێ دەکـەم بەپشت بەسـتن بە ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە.

الله/ ناوێکە لە ناوەجوانەکانی خوای مەزن وئەم ناوەی لە هیچ کەس نەناوە وناشـێت بـۆ هـیچ کەسـێکی تـر، چونکە سـیفەتی پەرستراوێتی (الألوهیة) ی لەخۆ گرتـووە، بـەڵام نـاوی (الله) لێـرەدا بـۆ سـەلماندنی سیفەتی پەرسـتراوێتی نـەهاتووە، بـەڵکو لێرەدا (عطف بیان)ە، واتە: لێرەدا روونی دەکاتـەوە کـە ئـەم نـاوە جوانـە هـەموو سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورە دەگرێتە خۆی کە لەم ئایەتـەدا ( الرحمن الـرحیم) دراوەتە پاڵی و لە ئایەتی تریشدا هەندێك سـیفەتی بـەرزی تـری خـوای گـەورە دراوەتـە پـاڵی وەکـو لـەم ئایەتـەدا بـە جوانی دیارە کە دەفەرمێت:

﴿الر كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَوَيْلٌ لِلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ [ إبراهيم/ ١-٢].

واتە/ موسڵمان دەبێـت لەهـەموو کارێکدا تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستێت کـە خاوەنی ئەم هەموو سیفاتە بەرزانەیە.

(الرحمن الرحیم)/ دوو نـاوی جـوانی خـوای گەورەن کە مانـای ئەوەیـە خـوای گـەورە سۆزێکی و فراوانی هەیە کە هەموو شـتێك وزیندەوەرێك دەگرێتەوە، وە ئەو کەسەی کــە لــە خــوای گــەورە دەترسـێت و گوێڕایـەڵی فەرمانـەکانێتی و دوای پێغەمبەرە نێردراوەکـانی دەکـەوێت ئـەوا لە دونیـا و دوا ڕۆژدا ئـەم سـۆزەی خـوای گەورە دەیگرێتەوە، وە ئەو کەسەیشی بە پێچەوانەی ئەمانەوە بێت ئەوا بەشێك لەو

سۆزە دەیگرێتەوە لە دونیادا، چونکە سیفەتی( الرحمن) بۆ هەموو کەسێکە موسڵمان بێت یان کافر بەڵام سیفەتی (الرحیم) بەتەنها بۆ موسڵمانانە لە ڕۆژی قیامەتدا.

(الحمد لله)/ شێخ عبدالرحمن سەعدی دەفەرمێت: ستایش کردنی خوای گەورەیە بەسیفەتە بەرزەکانی و بەکردارەکانی کە لەنێوان (فضل) و(عدل) دایە.

واتە/ لەنێوان (فضل) ی خوای گەورە کە شتت پێ دەبەخشێت بەبێ ئەوەی هیچ مافێکت تێیدا بێت، ئیتر چ هیدایەت بێت یان ماڵ ومنداڵ....هتد.

و( عدل)، واتە کردارەکانی ستەم وجەوری تێدا نی یە بەڵکو هەریەکەو مافی خۆی دەداتە دەستی، وە کردارەکانی چ(فضل) بێت یان (عدل) هەمووی بە دانایی یەوە بەکار دەهێنێت، وهەر شتەو لە جێی خۆی دایدەنێت بە بێ کەم وزیاد.

(رب العالمین)/ ئیمامی شنقیطیدەفەرمێت: لێرەدا ڕوون نەکراوەتە (عالمین) چی دەگرێتەوە بەڵام لە شوێنێکی تردا ڕوونی کردۆتەوە: ﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ: وَمَا رب الْعَالَمِين؟ قَالَ: رب السماواتِ والْأَرضِ وما بينهما﴾ [الشعراء /٢٣-٢٤].

واتە: هەموو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەیش لە نێوانیاندایە ٠

(الرحمن الرحیم) لە (بسم الله الرحمن الرحیم)باسمان کرد وە لە کۆتای تەفسیرەکەدا تەفسیرەکەی ئیمام (ابن القیم) دەهێنمەوە بۆ ئەم سورەتە کە بە شێوەیەکی زۆر جوان باسی ئەم دوو ناوە جوانە و سیفەتە بەرزانەی خوای گەورە دەکات٠

(مالك یوم الدین)/ (المالك): ئەو کەسەیە کە سیفەتی (ملك)ی هەبێت، وە شوێنەواری ئەم سیفەتەیش لەوەدا دەردەکەوێت کە فەرمان بکات و شت قەدەغە بکات و پاداشت بداتەوە و سزابدات و چۆن بیەوێت ئاوها هەڵس و کەوت لەگەڵ هەموو جۆرە موڵکەکانی بکات ٠

(یوم الدین) واتە: ڕۆژی پاداشت و سزا، ئەو ڕۆژەیە کە هیچ کەسێك خاوەنی هیچ شتێك نی یە، بە تەنها خوای گەورە نەبێت، وە لەم ڕۆژەدا بە ڕوون و ئاشکرا تەواوی موڵك و دەسەڵات و عەدل و دانایی خوای مەزن دەردەکەوێت بۆ بەندەکانی. هەر لەو ڕۆژەدایە کە هەموو پاشاکان و گەلەکانیان وە هەروەها هەموو بەندەکانی خودا چ کۆیلە بووبن یا سەربەست هەموویان مل کەچ و بێ دەسەڵاتن بەرامبەر گەورەیی و بەهێزی خوای گەورە و تکایان وایە کە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە، دەشترسن کە سزایان بدات. وە لەبەر ئەم هۆیانەیە کە

ئەم ڕۆژەی بە تایبەتی ناو بردووە چونکە ئەو کەسەی لەم ڕۆژەدا بەتەنها هەڵسوکەوت بکات و سزا بدات و پاداشت بدات و تەنها دەسەڵات دار بێت ئەوا هەر خۆی پەروەردگارە لەم ڕۆژە گەورەیەو هەموو ڕۆژەکانی تردا.

(إياك نعبد)/ (إبن عباس)ﷺ دەفەرمێت: تۆ بەتەنها دەپەرستین و هەر لەتۆیش دەترسین وداوا وتکایشمان هەر بۆ لای تۆیە.

(إيــاك نســتعين)/ بەتەنها پشت بەتۆ دەبەستین لە جێبەجێ هێنانی فەرمانەکانت ولە هەموو کردارەکانماندا.

(قتــادة) دەفەرمێت: خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە بەدڵسۆزیەوە بیپەرستن وپشتیش هەر بەو ببەستن بۆ ئەنجامدانی هەموو کردارەکانتان، وە لێرەدا (إياك نعبــد) پێش خراوە لەبەر ئەوەی پەرستن ئامانجە و (إياك نستعين) دواخراوە لەبەر ئەوەی پشت بەستن بە خوا ڕێ خۆشکەرە بۆ ئەنجام دانی پەرستن .

(اهدنا الصراط المستقيم) شێخ عبدالرحمن سەعدی دەفەرمێت: واتە ڕێگای ڕاستمان نیشاندە و یارمەتیمان بدە بۆ ئەوەی بیگرینە بەر، ئەویش ئەو ڕێگا ڕاستەیە کە دەمانگەیەنێت بە خوای گەورە و بەهەشتەکەی کە ئەویش بەزانینی حەق و ڕاستی یە و کارکردنە بەو ڕاستی یە، وە هیدایەتمان بدە بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە ئایینی ئیسلامە و دوورکەوینەوە لە ئایینی ناڕەوا و گەندەڵەکان. وە هەروەها هیدایەتیشمان بدەیت دوای ئەوەی هیدایەتمانت دا بۆ ئایینی ئیسلام بۆ ئەوەی هەموو زانستە شەرعی یەکان فێر بین (ئەم دوو هیدایەتە پێی دەوترێت : هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشان کردن ((هداية التوفيق والدلالــة)) وە دوای ئەم هیدایەتەیش هیدایەتی ئیلهام و کۆمەك کردنمان بدەیت (هدايــة التوفيــق والإلهام) ئەویش بە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانتە و دورکەوتنەوەمانە لە خراپە کاری. وە ئەم دوعایە چاکترین و ڕێك وپێك ترین دوعایە بۆ بەندە لەبەر ئەوە مەرجە لەهەموو ڕکاتەکانی نوێژدا بخوێنرێت چونکە بەندە پێویستی بەو شتانە هەیە کە لەم دوعایەدا هاتووە.

(صراط الذين أنعمــت علــيهم)/ ڕێگای ئەوانەی کە خێر و خۆشی و نیعمەتت ڕژاندووە بەسەریاندا، ئیمامی شــنقيطي دەفەرمێت: لێرەدا ڕوونی نەکردۆتەوە کێن ئەوانەی نیعمەتی داوە بە سەریاندا؟ بەڵام لە شوێنێکی تردا ڕوونی کردۆتەوە کە دەفەرمێت:

﴿ فَأُولَئِكَ مع الَذِين أَنعم الله علَــيهم مِــن النَبيين والصديقِين والشــهداءِ والصــالِحِين وحسن أُولَئِكَ رفِيقًا﴾ [ النساء/ ٦٩].

کەواتــە: پێغەمبــەرەکان و ســددیقەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان ئەگرێتــەوە، وە لەبەر ئەوەیشە ئەو هیدایەتە ناوبراوە کـە خوای گەورە داوێتی بەمانەی باسمان کرد چونکە هیدایەتەکـەی ئـەمان هیدایـەتێکی تەواوە و هەردوو جۆرەکەی تێدایـە واتـە: هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشـان کردن (البيان والدلالة) وهیدایەتی ئیلـهام و کۆمەك کردن (التوفيق والإلهام) ٠
(غير المغضوب علـيهم)/ ڕێگای ئەوانـە نــەبێت کــە ڕێــی حــەق دەزانــن و فەرامۆشیان کـردووە و خـوای گـەورەیش غەزەبی لێیان گرتـووە، مەبەست لێـرەدا جولەکەکانە٠
(ولا الضالين)/ وە نە ڕێگـای ئەوانـەی کـە وازیـان لـە ڕێگـای ڕاسـت هێنـاوە لەبـەر ئەوەی جاهیل و گومڕان بەم ڕێگا ڕاستە، مەبەست لێرەدا: گاورەکانە٠
لێــرەدا لەبــەر گــەورەیی و مــەزنی ئــەم سورەتە مەزنە و تینـوێتی شـکاندنی ئـەو موسڵمانەی دەیەوێت زیاتر لە مانـای ئـەم سورەتە بگات و بچێتە قـوڵایی یـەوە بـە کــورتی تەفســیری ئیمــامی گــەورەی ســەلەفی (ابـن القـيم) م لـەم نوسـراوەدا هێناوەتەوە کە بە ڕاستی هیچی بۆ کـەس بــەجێ نەهێشــتووە لــە پــاش خــۆی . دەفەرمێت: بزانە کە ئەم سورەتە هـەموو داواکاری یـە بـەرزەکانی لـە خـۆ گرتـووە باس و پێناسەی خوای گەورەی تێدایە بە سێ نـاو لـە نـاوە جوانـەکانی کـە هـەموو نــاوە جوانــەکان و ســیفەتە بــەرزەکانی خوای گەورەی بۆ دەگەڕێتەوە کە ئەویش (الله – الــرب - الــرحمن) ە ٠ وە ئـەم ســوورەتە بنیــات نــراوە لەســەر پەرستراوێتی (الإلهيـة) و پـەروەردگارێتی (الربوبية) وسۆز و بەزەیی (الرحمة) .
(إيـــاك نعبـــد) بنیـات نـراوە لەسـەر پەرسـتراوێتی (الإلهية)، و (إياك نسـتعين) لەســەر پــەروەردگارێتی (الربوبيــة)، و داواکردنــی هیدایــەت بــۆ ڕێگــای ڕاســت لەسەر سۆز و بەزەیی.
وە (الحمد) هەرسێکیان دەگرێتـە خـۆی: خوای گەورە سوپاس و ستایش دەکرێـت لەبــەر پەرســتراوێتی وپــەروەردگارێتی و سۆز و بەزەیی ٠
ووتم : [ووشەی (حمد) بە دوو مانا دێت لە زمانی عەرەبیدا:–
١– سوپاس دەکرێت بە (مقابلة) بەرامبەر واتە: چاکەیەکی کردووە لە گەڵتدا تـۆیش بەرامبەر چاکەکەی سوپاسی دەکـەیت وە ئـەم جـۆرە سوپاسـە ئەشـێت بـۆ خـوای گەورە وبۆ بەندەیش ٠
٢–سوپاسی دەکەیت بە بـێ بەرامبـەری، ئەویش لەبەر نـاوە جوانـەکانی و سـیفەتە بــەرزەکانی کــە هــەمووی ڕێــك و پێــك و تــەواون هــیچ کــەم و کــوڕی یــەکیان تێـدا نی‌یە . ئەم جۆرە (حمد)ە یش بە تەنها بۆ خــوای گــەورە دەشــێت و هــەر خــۆی

شایستەیەتی، لەبەر ئەوەی هەر خۆی بە تەنها خاوەنی ئەم شتەیە خۆی لە خۆیدا شایانی ستایشە (محمود لذاته)، وە ناوی (حمید) لەمەوە وەرگیراوە.

کەواتە: ئێمە سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەین مەبەستمان هەردوو جۆرەکەیەتی . جۆری یەکەمی ئەو هەموو چاکانەیە کە خوای گەورە لەگەڵ ئێمەدا کردوویەتی و هەرگیز ناتوانین بیانژمێرین لە هیدایەت و ناردنی پێغەمبەران و ژیان و ڕۆزی..... هتد .

وە جۆری دوەمیان ئەوەیە کە خوای گەورە خۆی لە خۆیدا شایستەی ئەوەیە کە سوپاس وستایش بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێکت بۆ بکات ئەویش لەبەرتەواوی و ڕێك و پێکی و بێ کەم و کوڕی ناوە جوانەکانی و سیفەتە بەرزەکانی] .

وە (مالك اليوم الدين)/ مانای سەلماندنی و زیندوو کردنەوە و جەزا دانەوەی بەندەکانی بە پاداشت یان سزا لە خۆی دەگرێت، وە هەروەها لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی و هەموو بەندەکانی لە ژێر فەرمانی ئەودان هەموو فەرمانەکانیشی (عدل)ە .

وە هەروەها لە چەند لایەکەوە بەڵگەی سەلماندنی پێغەمبەرایەتی لە خۆ گرتووە:-

١- لە بەر ئەوەی پەروەردگاری هەموو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندا هەیە شیاوی ئەوە نی یە کە بەندەکانی فەرامۆش بکات و قازانج و سود و زیانیان بۆ ڕوون نەکاتەوە لە دونیاو دوا ڕۆژدا، وە ئەو کەسەی ئەمە بداتە پاڵ خوای گەورە ئەوا قەدری خوای مەزنی نەداوە وەکو پێویستە.

٢- لە ناوی (الله) وە وەردەگیرێت کە هەر خۆی شایانی پەرستنە، وە بەندەکانی هەرگیز ڕێگا بەوە نابەن بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بیپەرستن کە خۆی دەیەوێت و لێی ڕازی یە تەنها لە ڕێی پێغەمبەرە نێردراوەکانەوە نەبێت .

٣- لە ناوی (الرحمن)ە وەیە، لەبەر ئەوەی سۆزی خوای گەورە ڕێ لەوە دەگرێت کە بەندەکانی فەرامۆش بکات. وە هەرکەسێك حەقی ناوی (الرحمن) بدات ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنێت کەوا ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی پەرتوکەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەگرێتە خۆی زیاتر لەوەی کە باران بارین و ڕووەك ڕواندن دەگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی سۆزی خوای گەورە پێویست بەوە دەکات کە ئەو شتەت بۆ بنێرێت کە ژیاندنەوەی دڵ و دەروون و گیانی بەندەکانی پێ دابین دەکرێت زیاتر لەوەی ژیانەوەی لەش و لار و ئەندامەکانی مەبەست بێت، بەڵام ئەو کەسانەی پەردە بە سەریاندا دراوە واتە: (نەزانن) هیچیان لێی هەڵنەکڕاندووە تەنها

ئەو شتە نەبێت ژیانی ئاژەڵ دابین دەکات بەڵام ئەو کەسانەی ژیرن لەوە زیاتریان بۆ دەرکەوتووە .

٤- لە باس کردن و ناوهێنانی (یوم الدین) ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە جەزای بەندەکانی دەداتەوە بە گوێرەی کردارەکانیان پاداشت بۆ کارە چاکەکان و سزایش بۆ کارە خراپەکان، وە خوای گەورەیش هیچ کەسێك سزا نادات هەتا هەموو شتێکی بۆ ڕوون نەکاتەوە و پێی ڕانەگەیەنێت وە ئەم پێ ڕاگەیاندنەش لە ڕێگەی قورئان و پەرتوکەکانی یەوە دەبێت و هەر بە گوێرەی پەیڕەوی کردنی بۆ پێغەمبەران و پەرتوکەکان شایستەی پاداشت و سزا دەبێت، هەر بەم بۆنەیەشەوە ڕۆژی قیامەت ساز کراوە و پیاوچاکان بۆ خۆشی بەهەشت و خراپەکارانیش بۆ دۆزەخ نێردراوە.

٥- لە (إياك نعبد) پەرستنی خوای گەورە بەو شێوەیە بێت کە خوا بۆتی داناوە و پێی خۆشە و لێی ڕازی یە، وە پەرستنیشی بەسوپاس و ستایش و خۆشەویستی و لێ ترسانە، وە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە خورەوشتی (فطرة) ی مرۆڤدا چەسپاوە و دروست کراوە و هەموو مێشکێکی ژیر بەشتێکی ئاسایی دادەنێت، بەڵام ڕێگای خوا پەرستی تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوەنەبێت نازانرێت، وە لەمەوە دەردەکەوێت کە ناردنی پێغەمبەران شتێکی ئاسایی یە و لە مێشکدا چەسپاوە وە هەرچی کەسێك دان بەوەدا نەنێت کە پێغەمبەران لە لایەن خودای گەورەوە نێردراون ئەوا دانی بە خوای گەورەیشدا نەناوە لەبەر ئەوە دەبینین کە خوای گەورە کوفرکردنی بە پێغەمبەران و نێردراوەکانی بەکوفرکردن داناوە بە خۆی.

٦- لە (اهدنا الصراط المستقيم) دوو جۆر هیدایەت هەیە هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشان کردن (هداية البيان والدلالة) و دوای ئەمەش هیدایەتی ئیلهام و کۆمەك کردن (هداية التوفيق والالهام) وە هیدایەتی ڕوون کردنەوە و دەست نیشان کردن نازانرێت تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە نەبێت وە ئەگەر ئەم هیدایەتە دەست کەوت ئەوا هیدایەتی ئیلهام و کۆمەککردن لەسەری بنیات دەنرێت و بڕوا دەخرێتە دڵەوە و بۆی جوان و خۆشەویست دەکرێت و کاری تێ دەکات و ڕازی دەبێت بەو بڕوایە و ئەو کارانە دەکات کە ئەو بڕوایەی پێ دەچەسپێت، ئەم دوو جۆرە هیدایەتەیش دوو جۆری جیاوازن و سەرکەوتنی بەندەیش پەیوەستە بەم دوو جۆرە هیدایەتەوە، چونکە ئەم شتانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی ئەو زانیاریە ڕاستانەی کە نەمان زانیوە بە ووردی و درشتی وامان لێ بکات کە بە دڵ و

دەروونەوە بمانەوێت شوێنی کەوین و ئەو هێز و توانایەمان تێدا دروست بکات بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەین بە گوێرەی ئەم دوو هیدایەتە بە زمان و بە کردار، وە دوای ئەمەیش بەردەوام بوون و چەسپاندمان لە سەری هەتا مردن، وە لێرەوە دەرئەکەوێت کە بەندە چەندێ پێویستی بە کردنی ئەم دوعایە هەیە و بەرپەرچی ئەوانەش دەداتەوە کە دەڵێن: ئێمە هیدایەتمان هەیە چۆن داوای هیدایەت بکەین؟ لەبەر ئەوەیە ئێمە داوای هیدایەت ئەکەین چونکە ئەو ڕاستیانەی کە ئێمە هەستی پێ ناکەین و نایزانین گەلێك لەوەزۆرترە کە ئەیزانین و ئەو کردارە چاکانەی کە لەبەر تەمبەڵی و سەرپێچی نامانەوێت بیکەین زیاترە لەو کارانەی کە ئەمانەوێت بیکەین یان کەمتر، وە ئەو کارانەی کە توانامان نی یە پێی هەڵسین لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێت بە جێی بهێنین و ئەو شتانەی کە بە درشتی دەیزانین و بەڵام وردەکارییەکانمان لێ بزرە، ئەم هەموو شتانە کارێکن کە کەس بۆیان ناژمێردرێت، وە ئێمە پێویستیمان بە هیدایەتی تەواو هەیە بێ کەم و کوڕی، وە ئەو کەسەیشی کە ئەم هەموو هیدایەتانەی پێ بەخشرابوو ئەوا داوای بەردەوام بوون و چەسپاو تر دەکات لەسەر ئەو هیدایەتانە.

وە هیدایەتێکی تریش هەیە کە دوا هیدایەتە ئەویش لە ڕۆژی قیامەتە بۆ ڕێگای بەهەشت، هەرکەسێك لە دنیادا هیدایەت بدرێت بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە کە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ دەست نیشانکردنی و پەڕتووکەکانیشی بۆ هەمان مەبەست دابەزاندووە ئەوا لەوێیش هیدایەت دەدرێت بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە ئەیگەیەنێت بە بەهەشت و پاداشتی خوای گەورە، وە بە گوێرەی پێ چەسپاندنی بەندە لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە لەم دونیا کە خوای گەورە دایمەزراندوە بۆ بەندەکانی ئەوا پێی دەچەسپێت لەسەر ئەو ڕێگایەی کەلە سەر دۆزەخ دامەزراوە، وە بە گوێرەی ڕۆیشتنی لەسەر ئەم ڕێگایە لەسەر ئەو ڕێگایەیش ئەڕوات کە تیایانە وەکو بریسکە دەڕوات یان وەکو با یان وەکو .... هتد.

وەدەبێت بەندە ئەوە باش بزانێت و چاك تەماشای بکات کە ڕۆیشتنی لەسەر ئەو ڕێگایەی لەسەر دۆزەخە بە گوێرەی ڕۆیشتنێتی لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستەی کە لە دونیا دەیگرێتە بەر

﴿جزاءً وِفاقًا﴾ [ النبأ / ٢٦].

وە بابەندە دیقەتی ئەو ئارەزوو و شوبهاتانە بدات کە ڕێگای بەردەوامی لێ دەگرن لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە و با بزانێت کە ئەمانە ئەو قولاپانەن کە لە هەردوو ئەو ڕێگایانەی سەر دۆزەخ ئەیانڕفێنێ و

ڕێگـای بـەردەوام لەسـەر ڕۆیشـتنی لـێ ئـەگرن و چـەندە لێـرە زۆر و بـەهێز بێـت ئـــەوا لـــەوێیش بـــە هـــەمان شـــێوەیە ﴿وما ربك بظلام للعبيد﴾ [ فصلت/٤٦].

کەواتـە: داواکردنـی هیدایـەت هێنانـە دی هـــەموو خێـــر و خۆشـــی و وچـــاکەیەك ئەگرێتە خۆی لەگەڵ ساغ و سەلامەتی لە هەموو تەنگ و چەڵەمە و کێشـە و شـەڕ و ناخۆشی یەك .

٧- لە زانینی خودی ئەو شتەی کە داوای ئەکەیت کە ئەویش (ڕێگا ڕاسـتەکەیە) وە هیچ ڕێگەیەك نابێتە ڕێگای ڕاست تـاوەکو پێنج مەرجی تێدا نەبێت :-

ڕاست بێـت، بتگەیەنێتـە مەبەسـت، نزیـك بێت، فـراوان بێـت بـۆ لەسـەر ڕۆیشـتوانی (المارين عليه)، دانرابێت بـەو ڕێگایـەی کـە ئەتگەیەنێت بە ئامانج.

وەسف کردنی بەڕاست نزیکیش لـە خـۆی دەگرێـت لەبـەر ئـەوەی هێڵێکـی ڕاسـت نـزیکترین هێڵـە کـە دوو خـاڵ بەیـەکتری ببەسـتێتەوە، و هەرچـەندە چـەوت بێـت ئـەوا دوورتـر دەکەونـەوە لەیـەکتری. وە ڕاستی یەکەی ئـەوەیش لـە خـۆ دەگرێـت کە بیگەیەنێتە مەبەست، وە دامەزراندنی بۆ هەمووکەس کە لەسەری بڕۆن پێویست دەکات کە فراوان بێت، وە لەبـەر ئـەوەی ئـەم ڕێگایـە دراوەتـە پـاڵ ئەوانـەی کـە نیعمەت و خێر و خۆشی دراوە بەسەریاندا و ڕێگای ئەو کەسانە نی یە کە غـەزەبیان لیّ گیراوە و گومڕان پێویسـت ئـەکات کـە بە ڕێگای ڕاست دابنرێن.

٨- لە باس کردنی ئەوانەی کە نیعمەت و خێـر و خـۆش دراوە بەسـەریاندا و جیـا کردنەوەیان لـە هـەردوو کۆمـەڵی غـەزەب لـیّ گـیراوان و گومڕایـان، لەبـەر ئـەوە خەڵکی کراوەتە ئەم سێ بەشەوە ئەویش بە گوێرەی زانینێتی بۆ حـەق و ڕاسـتی و کارپێکردن بـەم حەقیقـەت و ڕاسـتی یـە. لەبەر ئـەوەی بەنـدە یـان حـەق و ڕاسـتی ئەزانێت وە یان نایزانێـت، وە ئـەوەی کـە حەق ئەزانێت یان کاری پیّ ئەکات وە یان کـار بەپێچـەوانەوە ئـەکات، بەنـدەکانیش لەم جۆرانە بە دەرنین .

ئـەوەی کـە حـەق دەزانێـت و کـاری پـیّ دەکات: ئەو کەسەیە کە نیعمـەت و خێـرو خۆشی دراوە بە سەریدا و دڵ و دەروونـی خـۆی پـاك کردۆتـەوە بـە زانسـتی سـود بـەخش و کـاری چـاك، وە هـەر ئـەویش براوەیە:

﴿قد أفلح من زكاها﴾ [ الشمس/ ٩].

ئـەوەی حـەق ئـەزانێت و دوای ئـارەزووی کەوتووە: ئەو کەسە غەزەب لیّ گیراوە.

ئـەوەی نەزانـە و جاهیلـە بـە حـەق: ئـەو کەسە ڕێی بزر کردووە و گومڕا بووە .

غەزەب لیّ گیراو گومڕایش بووە لە هەمان کاتـدا، لەبـەر ئـەوەی گـومڕا بـوو لـەو هیدایەتەی کە پێویستە بۆ کارکردن ٠

وە هەروەها گومڕاکانیش لەهەمان کاتدا غەزەبیان لێ گیراوە، چونکە گومڕابوون لەو زانستەی کە پێویستە بۆ کارکردن، کەواتە: هەردوو جۆرەکە گومڕاو غەزەب لێ گیراون.

بەڵام ئەو کەسەی کە حەق دەزانێت وکاری پێ ناکات زیاتر شایانی ئەوەیە کە وەسف بکرێت بە غەزەب لێ گیراو، چونکە جولەکەکان شایانی ئەم وەسفە بوون.

وە ئەو کەسەی کە نەزانە وجاهیلە بە حەق زیاتر شایانی ئەوەیە کە وەسف بکرێت بە گومڕا، بۆیە بوو بەسیفەتی گاورەکان، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿المغضوب عليهم: اليهود، والضالين: النصارى﴾[1].

واتە/ جولەکەکان غەزەب لێ گیراون، وەگاورەکان گومڕان.

وەدابەش بوونی خەڵکی بەسەر ئەم سێ جۆرەدا پێغەمبەرایەتی دەسەلمێنێت.

لەدوای سورەتی فاتحە سوننەتە سورەتێکی تریش بخوێندرێت یان چەند ئایەتێك، بەبێ دەست نیشان کردنی هیچ سورەت و ئایەتێك بە تایبەتی تەنها لەچەند شوێنێکدا نەبێت کە ئەویش لە شوێنی خۆیدا باسی لێ دەکرێت.

١- (سلسة الأحاديث الصحيحة: ٧/ ٣٢٦٣).

## سیانزەهەم: چونە رکوع:

ثم كان(ﷺ) إذا فرغ من القراءة سكت سكتة، ثم رفع يديه على الوجوه المتقدمة في تكبيرة الإفتتاح، وكبر وركع[2]، وأمر بهما (المسيء صلاته) فقال له: [إنها لا تتم صلاة أحدكم حتى يسبغ الوضوء كما امره الله... ثم كبر الله ويحمده ويمجده، ويقرأ ما تيسر من القرآن مما علمه الله وأذن له فيه، ثم يكبر ويركع، (ويضع يديه على ركبتيه) حتى تطمئن مفاصله وتترخى....][3].

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) کە لە خوێندن تەواو بوایە ئەوا کەمێك بێ دەنگ دەبوو پاشان هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە وەکو لەمەو پێش باسمان کرد(لە تەکبیرەی ئیحرام) پاشان الله أکبری دەکردو دەچووە رکوع.

ئەو بێدەنگی‌یەی دوای خوێندنەکەی(إبن القیم) و چەند زانایەکی تر ماوەکەیان بەوەندە داناوە کە هەتاوەکو هەناسەکەی هەڵدەکێشێت دوای خوێندنەکەی.

## چواردەهەم: چۆنێتی چوونە رکوع

٢- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٢٨).

٣- (صحيح سنن النسائي: كتاب الإفتتاح، باب الرخصة في ترك الذكر في السجود، رقم: ١١٣٦).

و(كان(ﷺ) يضع كفيه علـى ركبتيـه)، وكان (يأمرهم بذلك) وأمر به أيضا المسيء صلاته كما مر آنفا.
و[كان يمكِن يديه من ركبتيه(كأنه قـابض عليهما)].
و(كان يفرج بين أصابعه)، وأمر به(المسـيء صلاته) فقال: (إذا ركعت فضع راحتيـك على ركبتيك، ثم فرج بـين أصـابعك، ثم أمكث حتى يأخذ كل عضو مأخذه)
و(كان يجافي وينجي مرفقيه عن جنبه)
و(كان إذا ركع بسط ظهره وسواه)، (حتى لو صب عليه الماء لاستقر)، قال ل(المسـيء صلاته): (فإذا ركعت فاجعل راحتيك على ركبتيك واقدر ظهرك، ومكن لركوعـك)، و(كان لا يصب رأسه، ولا يقنع) ولكن بين ذلك[٤].

واتـــه: پێغەمبـــەر(ﷺ) هـــەردوو نـــاو لەپیدەســـتی لەســـەر هـــەردوو ئـــەژنۆی دادەنـا وفـــەرمانی پێیـان دەكـرد بەمـە، هـەروەها هـەردوو نـاو لـەپی ئەچەسپاند لەئەژنۆی وەكو ئـەوەی كـە چنگی پێدا كردبێـــت، وە پەنجـــەكانی دەكـــردەوە وهـــەردوو ئانیشـــكی ڕویـــان بـــەرەو لاتەنیشتی بوون، وەكاتێك كـە دەچـووە ركوع پشتی بەڕاستی دادەنا بە شێوەیەك ئەگەر ئاویان بكردایە بەسەر پشتیدا ئـەوا لەســەری ڕادەوەســتا، وەهــەروەها ملــی شۆڕ نـاكردەوە وبـەو شـێوەیەیش بـەرزی نەدەكردەوە كە لـە پشـتی بـەرزتر بوایـە بەڵكو لە ئاستی پشتی بوو.

## پانزەهەم: پێویستێتی دڵنیا بوون لە ركوع بردن (وجوب الطمأنينة في الركوع):

و(كان يطمئن في ركوعه) وأمر به(المسـيء صلاته)، وكان يقـول: (أتمـوا الركـوع والسجود، فوالذي نفسي بيده إني لأراكـم من بعد ظهري إذا مـا ركعـتم، وإذا مـا سجدتم).
و(رأى رجلا لايـتم ركوعـه، وينقـر في سجوده وهو يصلي، فقال: (لو مات هـذا على حاله هذه، مات على غير ملة محمـد (ينقر صلاته كما ينقر الغراب الدم)، مثـل الذي لايتم ركوعه وينقر في سجوده، مثـل الجائع الذي يأكل التمرة والتمرتين لا يغنيان عنه شيئا).
وقال أبو هريرة(رضي الله عنه): (نهاني خليلي ان أنقر في صلاتي نقر الديك، وأن التفت إلتفـات الثعلب، وأن أقعي كإقعاء القرد).
وكان يقول: (أسوأ الناس سرقة الذي يسرق من صلاته) قالوا يا رسول الله(ﷺ) وكيف يسرق من صلاته؟! قال: (لا يتم ركوعهـا وسجودها).
و(كان يصلي، فلمح بمؤخر عينه الى رجل لا يقيم صلبه في الركوع والسـجود، فلمـا

٤- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٢٩).

إنصرف قال: (يا معشر المسـلمين: إنـه لا صلاة لمـن لا يقـيم صـلبه في الركـوع والسجود).
وقال في حديث آخر: (لا تجـزيء صـلاة الرجل حـتى يقـيم ظهـره في الركـوع والسجود)(٥).

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) دڵنیا دەبوو لە رکوع بردنـدا و دەیفـەرموو: بەتـەواوی رکـوع و کڕنوش بەرن، سوێند بەو خوایـەی گیـانی منی بەدەستە، مـن لـە پشتمەوە دەتـان بیـنم کـە رکـوع و کڕنـوش دەبـەن(٦)، هـــەروەها جارێکیـــان پیـــاوێکی بـــینی بەتەواوی نەچووە رکوع و دەنوك دەدات بەزەویـــدا لـــەکاتی کڕنـــوش بردنـــدا، فـەرمووی: ئەگـەر لەسـەر ئـەم حاڵـەی بمرێت ئەوا لەسـەر میللـەتی محمـد (ﷺ) نامرێت چـونکە وەکـو قەلـە ڕەش دەنـوك دەدات لە خوێن، وەئەو کەسەی کە رکوع بەتەواوی نابات و دەنوك دەدات بەزەویـدا لـەکاتی کڕنـوش بردنیـدا وەکـو یـەکێکی برسی وایە کە دەنکە خورمایـەك یـان دوو خورما دەخوات وپێیشی تێر نابێت.
وە أبـــو هريـــرة(ﷺ)دەفـــەرمێت: خۆشەویستم(ﷺ) قەدەغەی کـردووم کـە لەنوێـژدا وەکـو کەڵەشـێر دەنـوك بـدەم بەزەویدا، وەوەکو ڕێـوی ئـاوڕ بدەمـەوە، وەوەکو مەیمون دابنیشم.
وە لـە فـەرموودەی تـردا دەفـەرمێت: خـراپترین دزی ئـەو دزیەیـە کـەپیاو لـە نوێژەکـــەی دەیکـــات، ووتیـــان ئـــەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن لە نوێژەکەی دەدزێت؟! فـەرمووی: بەتـەواوی رکـوع و کڕنوش نابات.
وەهەروەها جارێکیان بەلاچاوی پیاوێکی بینی کە پشـتی بەڕاسـتی و ڕێك و پێکی دانانێت لە رکوع وکڕنـوش بردنـدا، کاتێك کە نوێژەکەی تەواو کـرد فـەرمووی: ئـەی موسڵمانان نوێژ بـۆ ئـەو کەسـە نیـیە کـە پشـتی بەڕاسـتی دانانێـت لـە رکـوع و کڕنوش بردندا.
وە لـە فەرموودەیـەکی تـردا دەفـەرمێت: نوێـژی ئـەو کەسـە تـەواو نیـیە وڵێی وەرناگیرێت کە پشت ڕاست ناکاتـەوە لـە رکوع وکڕنوش بردندا.

## شانزەهەم: نزاکانی رکوع:
### (أذكار الركوع)

أ- وكان يقول في هذا الركن أنواعـا مـن الأذكار والأدعية، تارة بهذا، وتارة بهذا:
١- سبحان ربي العظيم وبحمده(ثلاثا).
٢- سبوح قدوس رب الملائكة والروح.

---
٥- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٣٠-١٣١).
٦- پێشەوا الالبانی دەفـەرمێت: ئـەم بینینـە بینینێکی راستیە، وە یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەری خـوا (ﷺ)، وە تایبەتە بەو حاڵەتەی نوێژ کردنەوە، وە هیچ بەڵگەیەك نیيە لەسەر گشتێتی و هەموو کاتێك.

٣- سبحانك اللهم ربنا وبحمـدك، اللـهم اغفر لي، وكان يكثـر منـه في ركوعـه وسجوده، يتأول بالقرآن.

٤- سـبحان ذي الجـبروت والملكـوت والكبرياء والعظمة، وهذا ما قاله في صـلاة الليل.

٥- اللهم لك ركعت، وبك آمنت ،ولـك أسلمت، (أنت ربي) خشـع لـك سمعـي وبصري ومخي وعظمي وعصبي(وما استقلت به قدمي لله رب العالمين)(٧).

ب- (سبحان ربي العظـيم وبحمـده) ئـەم نزایه له هەموویان زیاتر لەناو موسڵمانانندا باوه كه بخوێنرێت لەبەر ئەوه لەماناكـەی به ووردی دەكۆڵینەوە:

سبحان/ بـەپاك ڕاگرتنـی خـوای گەورەیـە لەهەموو كەم وكوڕی وناتەواوییەك.

ربي العظيم/ پەروەردگاری هەره گەورەم.

وبحمده/ سوپاس و ستایشی خوای گەوره هەموو دڵ ودەرونمی داپۆشیوه، لەبەر بێ گەردی وتەواوی ناوه جوانەكان و سـیفاته بەرزەكانی .

و(كان ﷺ) يجعل ركوعه، وقيامـه بعـد الركوع، وسجوده، وجلسته بين السجدتين قريبا من السواء).

و(كان ينهى عـن القـراءة في الركـوع والسجود)، وكان يقول: (ألا وإني نهيت أن أقرأ القرآن راكعا أو ساجدا، فأما الركـوع فعظموا فيه الرب عز وجل، وأما السـجود فاجتهدوا في الدعاء فَقَمِـن أن يسـتجاب لكم).

واته: پێغەمبەر (ﷺ) ركوع وبەرزبوونەوه لێی وكڕنوش ودانیشتنی له نێوان هەردوو كرنوشـەكەی لێـك نزیـك بـوو. هـەروەها پێغەمبەر (ﷺ) قورئان خوێندنی قەدەغه كرووه له ركوع و كڕنوش بردندا.

وه دەیفـەرموو: ئاگـاداربن مـن قەدەغـەی قورئان خوێندنم لێ كراوه كـه لـه ركـوع و كڕنوشدا ،لـه ركوعـدا پـەروەردگاری تێـدا بەگـەوره ڕابگـرن، وەلـه كڕنوشیشـدا كۆشـش بكـەن لـه پاڕانـەوەدا " چـونكه نزیكه وشایانی گیرا بوونه.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

---

٦- ( صفة صلاة النبي (ﷺ) ص١٤٦).

زنجیرە بابەتێکی فیقهی :

# ئایا نوێژی (فرض) ئەگەر فەوتا قەزا دەکرێتەوە ؟

✍ ئامادەکردنی مامۆستا/ سامي مصطفى حسن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ئەنجامـدانی نوێـژە فـەرزەکان لـە سـەرەتای کـاتی دیـاری کـراوی خۆیانـدا یەکێکـە لـە کرادارە خۆشەویستەکان لـە لای خوای گەورە :

عن عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه) قـال: ((سألت النبـي (ﷺ) أي العمل أحب إلـى الله ؟ قال: الصلاةُ على وقتها ، ...))[1].

واتە: پرسیارم کرد لە پێغەمبـەر (ﷺ): ئایا چ کردەوەیـەك خۆشەویسـترە لـە لای خوا؟ فەرمووی: نوێژ ئەنجامدان لە کـاتی خۆیدا ...

وە کەمتەرخـەمی کـردن و سسـتی لـە ئەنجامـدانی نوێـژە فـەرزەکان لـە کـاتی خۆیانـدا یەکێکـە لـە سـیفات و نیشـانەی مونافیق و دووڕووەکان: خوای گەورە لەم بارەیـەوە فەرموویـەتی: ﴿إِنَّ الْمُنَـافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَـامُواْ إِلَـى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَـالَى يُـرَآؤُونَ النَّـاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾ [سورة النساء (١٤٢)] .

واتـە: دووڕووەکـان وادەزانـن خـوا دەخەڵـەتێنن بـەڵام خـوا ئـەوان دەخەڵـەتێنێت، وە ئەگـەر هەسـتن بـۆ ئەنجامـدانی نوێـژەکان بـە سسـتی و تەمبەڵیەوە هەڵدەستن و پێشچاووی بـۆ خـەڵك دەکـەن و زیکـری خـوایش ناکـەن ئیللا کەمێك نەبێت .

وە پێغەمبـەریش (ﷺ) فەرموویـەتی: ((تلك صلاةُ الـمنافِق يجلس يرقب الشـمس حتى إذا كانت بين قرنـي الشيطان قام فنقرها أربعاً لاَ يذْكُر اللَّهَ إِلا قَلِيلاً))[2].

واتـــە: ئـــەوە نوێـــژی دووڕووە دادەنیشێت چاودێری خۆر دەکات تاوەکو دەگاتە نێوان (دوو شاخی شەیتان، واتـە: نزیکـی خـۆر ئـاوان بـوون) ئـەو کاتـە هەڵدەسێت چوار دەنووك دەدات لە زەوی و زیکری خوا ناکات ئیللا کەمێك نەبێت .

وە خوای پـەروەردگار سـەبارەت بـە سزای ئەم جۆرە کەسانە و ئەوانەش کەوا

[1] صحيح البخاري رقم: (٥٢٧) .

[2] صحيح مسلم رقم: (٦٢٢) .

نوێژە فەرزەکانیان لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا ئەنجام نادەن فەرموویەتی:

﴿فَوَيلٌ لِلْمصلين (٤) الَّذِين هـُم عـَن صلاتِهم ساهُونَ (٥) ﴾ [سورة الماعون] .

واتـە: تیاچـوون و فـەوتان و سـزای خـوا بـۆ ئـەو نوێژخوێنانـەی کـەوا کەمتەرخەن لە ئەنجامدانی نوێژەکانیاندا.

ئیمامی (ابن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (أي الذين هم من أهل الصلاة وقد التزموا بها، ثُم هم ساهون عنها، إما عن فعلها بالكلية كما قاله ابن عباس، وإما عن فعلها في الوقت المقدر لها شرعاً، فيخرجها عن وقتها بالكلية كما قاله مسروق ... وإما عن وقتها الأول فيؤخرونها إلى آخره دائماً أو غالباً ...) .

واتە: مەبەست لێرەدا ئەو کەسانەیە کـەوا نوێژگـەرن و پەیوەسـتن پێیـەوە، بەڵام دوای ئەوە کەمتەرخەمن تێیدا: یان لـە ئـەنجام دانیـدا بـە گشـتی وەکـو ابـن عباس فەرموویەتی، وە یان کەمتەرخەمن لـە ئـەنجام دانیـدا لـەو کاتـەی کـە بـۆی دیـاری کـراوە لـە شـەرعدا، بـەوەی کـەوا دوای بخات و لە کاتی خـۆی دەری بکـات وەکو مەسـروق فەرموویـەتی ... وە یـان دوای دەخات لە سـەرەتای کاتەکەیدا بـۆ کۆتاییکەی بە بـەردەوامی یـان زۆرجارێك ...

بـەڵام ئـەوەی کـە ئێمـە دەمانـەوێت لێرەدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە:

## ئایا نوێژی فـەرز ئەگـەر فـەوتا قەزا دەکرێتەوە ؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگەدا - بە یارمەتی خوا - دەڵێین:

ئەنجام دانـی نوێـژی فـەرز (الصـلاة الـمفروضة) لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا مەرجێکە لە مەرجـەکانی قـەبوڵ کردنـی، خـوای پـەروەردگار لـەم بارەیـەوە فەرموویـەتی: ﴿إِن الصلاةَ كانـت علـى الْمؤمِنين كِتابا موقُوتا﴾ [ النساء: ١٠٣].

واتە: نوێژ لە سەر بڕواداران نوسـراوەو فەرز کراوە بەکاتی دیاری کراو .

جـا هـەر وەکـو چـۆن دەسـت نوێـژ مەرجێکە بەبێ ئەو نوێـژ قـەبوڵ ناکرێـت، چـونکە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((لا يقبل الله صلاة أحدكم إذا أحدث حتى يتوضأ))[٣].

واتـە: خـوا نوێـژی یـەکێك لـە ئێـوە قەبوڵ ناکات ئەگـەر دەسـت نوێـژی نـەما تاوەکو دەست نوێژ دەگرێتەوە .

بەهـەمان شـێوە کـاتیش مەرجێکـە ئەگـەر نوێـژی (فـرض) لـە کـاتی خۆیـدا نەکرێت ئەوا قەبوڵ ناکرێت .

وە لە هەموو کتێبەکانی فەرموودەدا بابەتی کاتەکانی نوێژیان تێدا باسکراوە،

---

[٣] صحيح البخاري رقم: (١٣٥) وصحيح مسلم رقم : (٢٢٥) . وانظر: (نيل الأوطار: باب الوضوء بالخارج من السبيل).

کە تێیدا بەچەندین فەرموودەی پیرۆز دیاری دەکات کەکاتی هەر نوێژێك لە پێنج نوێژەکان کەی دەست پێ دەکات، و کەی کۆتایی دێت [٤].

ئەم فەرموودانە هەموویان وەکو تەفسیرێکن بۆ ئایەتی: ﴿أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ [ الاسراء: ٧٨ ].

**چمکێك لە ووتە بەنرخەکانی (ابن حزم الظاهري) لە سەر قەزا کردنەوەی نوێژ:**

زانای پایە بەرز (ابن حزم الظاهري) (ت/٤٥٦هـ) لە کتێبە بەنرخەکەیدا ((المحلى))دا دەفەرمێت: (ئەگەر کەسێك بە ئەنقەست (عمداً) نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا نەکات، وە بۆی هەبێت قەزای بکاتەوە ئەوا ئەو هەموو ئایەت و فەرموودانەی باس لە کاتی نوێژەکان دەکەن هیچ مانایەکیان نامێنێت! ! وە بێ گومان ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) لە بێ مانایی دوورن بەڵکو گشتیان پڕ ماناو بەرەکەتن .

- وە دەفەرمێت: ئەو هەموو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە بۆ ئەوە هاتوون تاوەکو موسڵمان بزانێت: کە هەروەکو چۆن پێش کاتی دیاری کراوی نوێژی (فەرض) ئەگەر نوێژەکە بکرێت قەبوڵ نییە، هەروەها پاش کاتەکەیشی قەبوڵ نییە، وە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ئەو کەسەی پێش کاتی نوێژەکە نوێژ دەکات، وە ئەو کەسەی پاش کاتی نوێژەکە نوێژ دەکات.

- وە دەفەرمێت: هەر کەسێك بڵێت ئەو کەسەی ( عمداً) نوێژ لەکاتی خۆیدا نەکات بۆی هەیە (قەزای)بکاتەوە، ئەوا ئەو کەسە زیادەیەك لە شەریعەتدا دروست دەکات، وە شەریعەت دانان تەنها بۆ خودایە لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، وە نە لە قورئان وە نە لە فەرموودەیشدا باسی قەزا کردنەوەی نوێژی ( فرض ) نەهاتووە: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ [ مريم: ٦٤] واتە: خوای پەروەردگاری شتی لە بیر ناچێت .

- وە دەفەرمێت: خوای گەورە هیچ عوزرێکی دانەناوە کە بە هۆیەوە دروست بێت نوێژ (عمداً) لە پاش کاتە دیاری کراوەکەی بکرێت، بەڵکو لە گەرمە گەرمە و ترسی جەنگدا بە موسڵمانان دەفەرمێت: نوێژەکانتان بکەن چۆن بۆتان ڕێك دەکەوێت: بە پێوە بن یان لەسەر ئەسپەکانتان: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾ [ البقرة/٢٣٩].

وە ڕوخسەت نادات دوا بخرێت بۆ پاشی کاتەکەی .

[٤] انظر: (صحيح البخاري: كتاب مواقيت الصلاة)، و(صحيح مسلم: باب أوقات الصلوات الخمس)، و(موطأ مالك: كتاب مواقيت الصلاة).

وە هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بە موسڵمانی ناساغ ونەخۆشیش دەفەرمێت: ((صل قائماً فإنْ لم تستطع فقاعداً فإنْ لم تستطع فعلى جنبٍ))[٥].

واتە: ئەگەر نەتتوانی نوێژ بە پێوە بکەی ئەوا بە دانیشتنەوە بیکە، وە ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە بیکەی ئەوا لەسەر تەنیشت بیکە (واتە: بە هەڵاژیانەوە لە سەر لا رووەو قیبلە رابکشێت).

وە ئەگەر ئاو نەبوو دەست نوێژ بگریت ئەوا (تەیەموم) بکە[٦] ...

وە ئەم زانا پایە بەرزە (ابن حزم) چەندین بەڵگەی تر دەهێنێتەوە لەسەر ئەم بابەتە[٧].

**چەندین فەرموودەی (صحیح) لەسەر ڕاستی ووتەکانی (ابن حزم):**

وە ڕاستی ووتەکانی ئەم زانا پایە بەرزە بە چەندین فەرموودەی (صحیح) دەردەکەوێت لەوانە:

**فەرمودەی یەکەم:**

ئیمامی بوخاری و ئیمامی مسلم[٨] لە (أبو هريرة)وە (رضي الله عنه) ڕیوایەت دەکەن کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دانیشت بوو لە ناو مزگەوتدا، و پیاوێك هاتە ژوورەوە نوێژی کرد ئینجا هات سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، وە پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، و پێی فەرموو: ((إرجع فصل فإنك لم تصل)).

واتە: بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە چونکە تۆ نوێژت نەکرد - واتە نەتزانی ڕوکنەکانی نوێژەکەت بێنیتەجێ -.

پیاوەکەیش گەڕایەوە نوێژەکەی کردەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) هەر وەکو جاری یەکەم سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، وە پێغەمبەریش (ﷺ) بە هەمان شێوە وەڵامی دایەوە، و وەکو جاری یەکەم پێی فەرموو:

((إرجع فصل فإنك لم تصل)).

وە هەروەها جاری سێیەمیش بەهەمان شێوە، ئیتر پیاوەکە زانی کەناتوانێت نوێژەکەی ڕاست بکاتەوە، و بەو شێوەیەی ئەو دەیکات نوێژەکەی بەتاڵە ئینجا فەرمووی: ((علمني يا رسول الله ...)) واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێرم بکە هەر ئەوندە دەزانم؟

ئینجا پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فێری کرد چۆن دەبێ (رکوع) و

---

[٥] صحيح البخاري رقم: (١١١٧) .

[٦] انظر باب التيمم من كتاب "بلوغ المرام" ص: (٣٣ - ٣٦).

[٧] انظر المحلى: (٢/٢٣٥-٢٤٤) مسألة : (٢٧٩) .
وقد حسن العز بن عبد السلام قول ابن حزم في كتابه "قواعد الأحكام": (٢ /٦)، وانظر: "بدعة التعصب المذهبي" ص : (٢٣٩) .

[٨] صحيح البخاري رقم: (٦٢٥١) وصحيح مسلم رقم: (٣٩٧).

(سجود)ی نوێژ بەتەواوی ببات، بۆ ئەوەی بە تەواوی نوێژ بکات .

جێی مەبەست لەم فەرمودەیەدا ـ بۆ باسەکەمان ـ ئەوەیە:

کە ئـەم پیـاوە چـەندین جـار نوێـژی فەرزی بەم ناتەواویەوە کردووە، چونکە نـەی دەزانـی نوێـژ بکـات، وە سـەرەڕای ئەمە پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) پێـی نەفـــــەرمووە نوێـــــژەکانت (قـــــەزا) بکەرەوە ! ! !.

**فەرمودەی دووەم:**

هەروەها ئیمـامی بوخـاری و ئیمـامی مسـلم[٩] لـە (عـەمماری کـوڕی یاسـر)ەوە (رضي الله عنه) ڕیوایـەت دە کـەن کـە پێغەمبـەر (ﷺ) بۆ کارێکی ناردووە ئەویش لـە ڕێـی کارەکە توشی (لەش گرانی) بووە، و هیچ ئاوی دەست نەکەوتووە بۆ (غسل) کردن، ئیتر خۆی لـە خـاك گەوزانـدوە بـە نیـەتی (تەیەموم) کردن بۆ نوێژکردن، وە کاتێك کــە گەڕاوەتـــەوە بـــۆ لای پێغەمبـــەری خوشەویست (ﷺ) وە قسەو باسەکەی بۆ گێڕاوەتـەوە، پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆی ڕوون کردووەتـــەوە کـــە چـــۆنێتی (تەیـــەموم) کردنـی هەڵەیـە، و چـۆنێتی (تەیـەموم)ی فێرکردووە .

جێـی شـاهد ـ بـۆ باسـەکەمان ـ لـەم فەرموودەیەدا ئەوەیە:

کە (عمار رضي الله عنه) لە شوێنێکی دوور لە ئاو بووە، و توشی (لەش گرانی) بووە، بۆ لابردنـــی (جەنابـــەت)ەکـــە بـــە هەڵـــە (تەیەموم)ی کردووە، و بـەم (تەیـەموم)ە هەڵەیەوە نوێـژی کـردووە، وە کاتێـك کـە گەڕاوەتـــەوە بـــۆ لای پێغەمبـــەر (ﷺ) ، پێغەمبـــەر (ﷺ) (تەیـــەموم)ەکـــەی بـــۆ ڕاست کردووەتـەوە، وە پێـی نەفـەرمووە ئـەو نوێژانـە (قـەزا) بکاتـەوە کـە بـەم (تەیەموم)ە هەڵەیەوە کردووتە ! ! !.

*** نـــەبونی ( قـــەزا ) کـــردن لـــەم دوو فەرمودەیەدا لەبەر نەزانینی حوکمەکەیە :**

ـ وە ئەگەر بوترێت: پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمانی (قـەزا ) کردنـەوەی بـەو کەسـە ڕانەگەیاندوە کە بە هەڵە نوێژی کـردووە ـ فەرموودەی یەکەم ـ وە هـەروها فـەرمانی (قـەزا ) کردنـەوەی بـە (عـەممار) (رضي الله عنه) ڕانەگەیانـدووە کـە نوێـژی کـردووە بـە (تەیەموم)ێکی هەڵە ـ فەرمودەی دووەم ـ چـونکە ئەمانـە نـەیان زانیـوە (العـــذر بالجهل) هەروەکو چۆن هەردوو زانای پایە بەرز (ابن تيمية وابن القيم )بـۆی دەچـن[١٠]

---

[٩] صحيح البخاري رقم: (٣٤٧) وصحيح مسلم رقـم: (٣٦٨).

[١٠] إعلم ـ رحمني الله وإياك ـ أن شيخ الإسلام ابن تيمية وتلميذه ابن القيم قد ذكرا أمثلة كثيرة من السنة المشـرفة على نحو هذا المعنى، وحملا العلة في عدم أمر النبي (ﷺ) لهم بالقضاء على العذر بالجهل . انظر: "الفتاوى الكبرى" لابن

ئەگەر نا کردنەوەی نوێژی لەسەریان (واجب) دەکرد ئەگەر (عمداً) نوێژەکەیان نەکردایە؟

ئەوا وەڵامی ئەمە لە فەرموودەی (سێیەم) و (چوارەم ) و تەواوی ئەم باسەدایە:

**فەرموودەی سێیەم:**

ئیمامی مسلم لە (ابن عمر)ەوە (رضي الله عنه) ڕیوایەت دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الذي تفوته صلاة العصر كأنما وتر أهله وماله))[11].

واتە: ئەوەی نوێژی عەصری بفەوتێت وەکو ئەوە وایە کە کەس و کارەکەی و ماڵەکەی لە دەست چووبێت.

جێی شاهد لەم فەرمودەیەدا ئەوەیە کە: پێغەمبەر (ﷺ) باس لە تاوانی فەوتاندنی نوێژێك دەکات کە چەند گەورەیە ئەمەش مانای ئەوەیە کە (قەزا ) نییە، ئەگەر نا کەی فەوتاندنی نوێژ هەیە ئەگەر (قەزا) هەبێ؟

تيمية : (٢٤٦/٢)، و"إعلام الموقعين" لابن القيم: (٢٥٨/٢) .

وألزم البعض - هؤلاء المعذورين بالجهل على قول ابن تيمية وتلميذه - بالقضاء دون دليل بل بعكس الدليل! . فقد ذكر السيوطي: أن الجهل مسقطٌ للإثم فقط أما الحكم فإن وقع في ترك مأمورٍ يسقط بل وجب تداركه . انظر: "الأشباه والنضائر" ص : (١٨٨) .

[11] صحيح البخاري رقم: (٥٢٢) وصحيح مسلم رقم : (٦٢٦).

واتە: ئەگەر (قەزا) کردنەوەی نوێژی نەکراو لە کاتی خۆیدا حوکمێکی شەرعی بوایە ئەوا فەوتاندنی نوێژ هیچ بوونی (وجودی) نەدەبوو[12].

وە ئەگەر (قەزا) کردنەوەی نوێژی نەکراو لە کاتی خۆیدا حوکمێکی شەرعی بوایە بۆچی دەیان فەرموودەی وەکو ئەمە باس لە تاوانی فەوتاندنی نوێژ دەکەن، وە تەنها یەك فەرموودە نییە باس لە شەرعییەتی (قەزا) بکات؟؟!!!

**فەرمودەی چوارەم:**

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((إذا أدرك أحدكم - أول - سجدةٍ من صلاة العصر قبل أنْ تغرب الشمس فليتم صلاته، وإذا أدرك - أول - سجدةٍ من صلاة الصبح قبل أنْ تطلع الشمس فليتم صلاته))[13].

واتە: ئەگەر یەکێکتان بگاتە یەکەم سەجدەی نوێژی عەصر پێش ئەوەی کە ڕۆژ ئاوا بێت ئەوا با نوێژەکەی تەواو بکات، وە هەروەها ئەگەر گەیشتە یەکەم سەجدە لە نوێژی بەیانی پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵ بێت ئەوا با نوێژەکەی تەواو بکات .

جێی شاهد - بۆ باسەکەمان - لەم فەرمودەیەدا هەر شێخی (الألباني) خۆی

[12] انظر: المحلى : (٢٣٨/٢) .

[13] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٦٦) . والحديث عند البخاري دون الزيادتين اللتين بين الشاريحتين ، فهما عند النسائي والبيهقي وغيرهما .

پاش (تخريج) کردنی فەرموودەکە لە هەمان سەرچاوەدا لە کاتی باس کردنی سودەکانی فەرموودەکە باسی دەکات و دەفەرمێت:

**سودی چوارەم:** کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: با نوێژەکەی تەواو بکات کاتێ دەگاتە سەجدەی یەکەم پێش ڕۆژ ئاوا بوون لەنوێژی عەصر، وە پێش ڕۆژ هەلاتن لە نوێژی بەیانی، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر نەگەیشتە ئەم سەجدەیە ئەوا بە کاتەکە ڕانەگەیشتوە، وە نوێژەکەی بەتاڵە، کەواتە تەواوکردنی نییە، ئیتر ئەگەر ئەمە حاڵی کەسێك بێت کە گەیشتۆتە بەشێکی نوێژەکە پێش دەرچونی کات ئەوا دەبێ حاڵی ئەو کەسە چی بێت کە کاتی نوێژ کۆتایی هاتووە ئەویش هێشتا نوێژەکەی نەکردوە؟؟! ! واتە: ئەگەر ـ یەکەمینەکەـ کە بە بەشێکی کاتی نوێژەکە گەیشتووە بۆی نەبێ نوێژی خۆی تەواو بکات، چۆن دەبێ ـ دووەمینەکە ـ بۆی هەبێ نوێژەکەی خۆی کە (عمداً ) نەی کردووە هەتا لە کاتەکەی خۆی دەرچوە (قەزا )ی بکاتەوە[١٤]؟؟! ! ...

بابەتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە وە پێویستی بەدووان (تعليق) نییە!

[١٤] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١/١٤٠ ـ ١٤١) .

## * چەند بەڵگەیەکی ئەو زانا بەڕێزانەی کە بۆ شەرعیەتی ( قەزا ) کردنەوەی نوێژ دەچن:

١ ـ **بەڵگەی یەکەم**: ئەگەر بوترێت:

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە موسڵمانان ڕاناگەیەنێت کە دوای ئەوچەند سەرکردەیەك دێن نوێژ لە کاتی خۆی دوا دەخەن، ئەو کاتە ئێوە نوێژەکەتان لە کاتی خۆیدا بکەن، پاشان ئەگەر پێی ڕاگەیشتن لەگەڵ ئەوانیشدا نوێژەکە بکەن، بۆتان بە (سوننەت) دەژمێردرێت؟؟

جێی شاهد لە فەرمودەکەدا ئەوەیە کە: ئەم سەرکردانە نوێژەکەیان پاش کاتی دیاری کراوی نوێژ کردوویانە، ئەمەش مانای (قەزا)یە، وە نوێژەکەیان ئەگەر نادروست بوایە ئەوا پێغەمبەری خوشەویست (ﷺ) دیاری دەکرد، وە فەرمانی بە موسڵمانان نەدەکرد کە نوێژ لەدوایاندا بکەن[١٥]؟

[١٥] ونص الحديث عن أبي ذر(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال: ((كيف أنتم إذا كان عليكم أمراء يؤخرون الصلاة عن وقتها أو يميتون الصلاة عن وقتها؟)) قال ـ أي: أبو ذر (رضي الله عنه) قلت: فما تأمرني؟ قال: ((صل الصلاة لوقتها فإن أدركتها معهم فصل فإنها لك نافلة)) الحديث أخرجه مسلم: (٦٤٨/٢٤٤) وأبو داود : (٤٣١) والترمذي: (١٧٦) وأحمد: (٣٣٨/٤) وغيرهم ولها ألفاظ . وأنظر: "مجموع الفتاوى" لشيخ الإسلام أبن تيمية: (٢٢/ ١٥) .

وەڵامەکە: بەڵێ ئەمە فەرمودەیەکی (صحیح)ە ئیمامی (مسلم ) ڕیوایەتی دەکات، بەڵام نابێتە بەڵگە بۆ ڕاستی قەزا کردنەوەی نوێژ، چونکە مانای: ((یؤخرون الصلاة عن وقتها)) ئەوە نییە کە پاش کاتی نوێژەکە نوێژەکە دەکەن، بەڵکو مانای ئەوەیە کە نوێژەکە دوا دەخەن لە یەکەم بەشی کاتەکەی نەك لە هەمو کاتەکەی هەروەك چۆن ئیمامی (النووي) لە شەرحی فەرمودەکەدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ بە بەڵگەی (واقع) کە دەفەرمێت: هیچ سەرکردەیەکی موسڵمانان نوێژی دوا نەخستوە بۆ پاش تەواوبوونی کاتەکەی، وە پێویستە فەرموودەکە واقعیانە لێك بدرێتەوە[16].

٢ ـ **بەڵگەی دووەم: قەزا کردنەوەی نوێژی ئێوارەی ڕۆژی خەندەق:**

وە ئەگەر بوترێت:

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی عەصری لە غەزوەی (خەندەق)دا پاش خۆر ئاوا بوون (قەزا) نەکردووە[17]؟

وەڵامەکە: ـ بەڵێ ڕاستە وایە، بەڵام ئەمە پێش دابەزینی ئایەتی (نوێژی ترس، صلاة الـخوف) بوو، بۆیە دوای دابەزینی شەرعییەتی (نوێژی ترس) لە کاتی جەنگدا پێویستە لە سەر ئەو موسڵمانەی کەوا بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ دووژمندا دەکەوێتە تەنگەبەرییەوە: نوێژی ترس ئەنجام بدات و نابێت نوێژەکەی لە کاتی دیاری کراوی خۆی دوا بخات بە بیانووی ڕووبەڕوو بوونەوەی دووژمن لە جەنگدا .

بۆیە زۆرینەی زانایان بۆچوونیان وایە کە ئەم قەزاکردنەوەیەی ڕووداوەی (غەزوەی خەندەق) مەنسوخە بە ئایەتی شەرعییەت دان بە (نوێژی ترس).

ـ دووەم: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی لەبیر کردووە لەبەر زۆری کاری (جیهاد) نەك (عمداً) نەی کردوە، هەر وەکو لە ڕیوایەتی بوخاریدا هەمان فەرمووده بەدرێژ تر باس کراوە لە (ئیمامی عومەر)ەوە (رضي الله عنه) کە تێیدا (عمر) (رضي الله عنه) نوێژەکەی وەبیری پێغەمبەر (ﷺ) هێناوەتەوە، وە تێیدا باس دەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) پاش ڕۆژ ئاوا بوون نوێژەکەی کردووە پاشان نوێژی (مغرب)ی کردوە، واتە: ئەم فەرموودەیە باس لەوە ناکات کە کەسێك (عمداً) نوێژ نەکات[18].

[16] أنظر: شرح صحيح مسلم للنووي: (١٤٩/٥) و"عون المعبود" : (٧٠/٢) و "مجموع الفتاوى: (٢٢ /٥٤).

[17] صحيح البخاري رقم: (٢٩٣١) و (٤١١١) و (٤٥٣٣) و (٦٣٩٦) وصحيح مسلم رقم: (٦٢٧). وانظر: "الفقه الإسـلامي وأدلته" للزحيلي : (١١٤٧/٢) ، و "الفتاوى الإسلامية" : (١/ ٢٣٧) و (١ / ٢٦٣) .

[18] أنظر: الـمحلى لابن حزم: (٢ / ٢٤٣) .

*** دوو حاڵەت کە کار لە کاتی نوێژ ناکەن: لەبیر کردن و نوستن:**

وە لێرەدا شیاوی وەبیرخستنەوەیە کەدوو حاڵەت هەن ئەگەر مرۆڤ بەهۆیانەوە نوێژ لە کاتی خۆیدا نەکات ئەوا تاوانبار نابێت، وەبۆی هەیە پاش نەمانی ئەم دوو حاڵەتە پاش کاتی نوێژەکە نوێژەکەی بکاتەوە ئەگەر بەم کردنەوەیەی نوێژ پاش کاتەکەی جابڵێین (قەزا ) یان (أداء) هیچ جیاوازی یەك نی‌یە[١٩] وە ئەم دوو حاڵەتە بریتین لە:

**یەکەم: نوستن**

**دووەم: لەبیرکردن**

بەڵگەی ئەمەش فەرموودەکەی (أنس)ە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من نام عن صلاة أو نسيها فليصلها إذا ذكرها لا كفارة لها إلا ذلك))[٢٠].

واتە: هەر کەسێك نوێژێك لەبیر بکات یان لە کاتەکەیدا خەوتبوو ئەوا کاتێ بەبیری هاتەوە با نوێژەکەی بکات هیچ کەفارەتێکی نی‌یە ئیللا ئەمە نەبێ.

وە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دوو حاڵەتە ـ نوستن و لەبیرکردن ـ تایبەتمەند دەکات ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە کە نوێژ لەبەر هەر حاڵەتێکی تر لە کاتی خۆیدا نەکرێت ئەوا خاوەنەکەی بۆی نی‌یە بیکاتەوە، چونکە مەرجی (کات) کە یەکێکە لە مەرجەکانی نوێژ نەماوە[٢١] .

*** ئەوەی ( عمداً ) نوێژ لە کاتی خۆیدا نەکات قیاس نا کرێت لە سەر ئەوەی لە کاتی نوێژدا نوستوە یان نوێژەکەی لە بیر چووە:**

ـ وەئەگەر بوترێت: ئەگەر فەرموودە هەبێ لەسەر کردنەوەی نوێژ بۆ ئەو کەسەی کە نوستووە یان لەبیری کردووە لە کاتی بەخەبەر هاتنی یان بە بیرهاتنەوەی ـ پاش کاتی نوێژەکە ـ ئەوا بۆچی ئەوەی (عمداً) نوێژی لەکاتی خۆیدا نەکردبێت لە سەری قیاس ناکرێت ؟[٢٢]

وەڵامەکە: بە سێ خاڵ دەدەینەوە:

١ ـ ئەوەی (عمداً) نوێژەکە نەکات تاوانبارە، بەڵام ئەوەی کە خەوتووە

---

[١٩] قال شيخ الإسلام: (الفرق بين (لفظ الأداء والقضاء) هو فرق إصطلاحي لا أصل له في كلام الله ورسوله، فإن الله سمى فعل العباد في وقتها قضاءً قال تعالى: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ [ الجمعة/١٠] وقال تعالى في الحج: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ [ البقرة /٢٠٠]، مع أن هذين لايفعلان إلا في الوقت). "الفتاوى العراقية" : (٤٢/١).

وأنظر هذا المعنى في كلام الرسول (ﷺ) في السلسلة الصحيحة: (٣/ ١٣٧٩، ١٣٩٢، ١١٩٨) .

[٢٠] صحيح البخاري رقم : (٥٩٧) وصحيح مسلم رقم : (٦٨٤) .

[٢١] انظر: نيل الأوطار للشوكاني : (٢ / ٢٥) .

[٢٢] انظر: الفقه الإسلامي وأدلته للزحيلي : (١١٤٨/٢) .

لەکاتی نوێژەکەدا یان نوێژەکەی لەبیرکردووە هیچ تاوانی لە سەر نییە، کەواتە چۆن دەبێ تاوانبار لە سەر بێ تاوان قیاس بکرێت؟!...

قیاسێکی ئاوا پێچەوانەی بنچینەکانی شەریعەتە[٢٣].

٢ ـ وە هەروەکو چۆن ئەم قیاسە پێچەوانەی بنچینەکانی شەریعەتە، هەروها دژی ئامانجەکانی شەریعەتیشە، چونکە شەریعەت کەفارەتی بۆ (لەبیرچوو) و (خەوتوو )داناوە کە ئەویش کردنەوەی نوێژەکەیە، وە بێجگە لە تەوبە کردن هیچ کەفارەتێکی بۆ ئەو کەسە دانەناوە کە (عمداً) نوێژەکەی نەکردووە لەکاتی خۆیدا، ئەمەش وەکو نیشانەیەك بۆ گەورەیی تاوانەکەی، واتە ئەگەر هەرکەسێ بۆی هەبێ پاش تەواو بوونی کاتی نوێژەکەی نوێژی خۆی بکاتەوە ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی سوکایەتی کردن بە نوێژ و کاتەکەی، نوێژ کە گەورەترین خودا پەرستییە پاش وشەی یەکخواپەرستی، ئەمەش دژی ئامانجەکانی شەریعەتە(٢٤).

٣ ـ ئەوەی نوێژ لەبیردەکات یان لە کاتی نوێژدا نوستووە، زۆر زانایان لەسەر ئەوەن کە کاتی نوێژ بەنسبەت ئەم دوو کەسە بریتییە لە کاتی وەبیرهاتنەوە و بەخەبەر هاتنیان، وە بەڵگەشیان ڕیوایەتی (ئیمامی البیهقي)و (ئیمامی الدارقطني)یە: ((من نسي صلاةً فوقتها إذا ذكرها)).

واتە:ئەوەی نوێژێك لەبیر دەکات کاتەکەی کاتی وەبیر هاتنەوەیەتی.

بۆیە ئەم زانایانە دەڵێن: کات دوو کاتە: کاتی ئیختیاری ، و کاتی (عوزر ).

یەکەمیان: دیارە، و دووەمیان کاتی نوێژە بۆ نوستوو و لەبیرچوو، ئەویش بریتییە لەو کاتەی کەتێیدا وەبیریان دێتەوە و بەخەبەر دێن .

کەواتە لە ئەسڵدا ئەمانە ـ لەبیرچوو و خەوتو ـ لەکاتی خۆیاندا نوێژیان کردووە، ئیتر چۆن دەبێت ئەوەی (عمداً) نوێژی لە کاتی خۆیدا نەکردبێ لە سەریان قیاس بکرێت[٢٥] ؟؟!!! ئیتر بەم سێ خاڵە ئەم قیاسە پوچەڵ دەکرێتەوە بە تایبەت خاڵی یەکەم، واتە: دووری قیاس کردنی تاوانبار لە سەر بێ تاوان .

**نوێژە ( سوننەتەکان ) قەزا دەکرێنەوە بە پێچەوانەی نوێژی ( فرض )** .

بۆیە هەر لە ڕوانگەی خاڵی یەکەمەوە جیاوازی دەکرێت لە نێوان نوێژی (فەرز) و نوێژی (سوننەت) چونکە نەکردنی

---

[٢٣] انظر : المحلى : (٢ / ٢٣٧) .

[٢٤] نفس المصدر .

[٢٥] أنظر: السلسلة الصحيحة : (١ /١٤٢،١٤١).

نوێژی سوننەت لە ئەسڵدا تاوان نیە بە پێچەوانەی نوێژی (فەرز)، بۆیە هەر کەسێ لەبەر هەر هۆیەك نوێژێکی سوننەت نەکات بۆی هەیە قەزای بکاتەوە، بەڵگەی ئەمە ئەم دوو فەرموودەیەدایە:

یەکەم: پێغەمبەر (ﷺ): ئیقراری کەسێکی کردووە کە سوننەتی پێش نوێژی بەیانی نەکردووە، و پاشی نوێژی بەیانی سوننەتەکە دەکاتەوە[٢٦].

دووەم: (أم سلمة) (خوای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەری (ﷺ) بینیوە کە پاش نوێژی عەسر سوننەتێك دەکات ئەویش پرسیاری لێ کردووە: ئەمە چ سوننەتێکە پاش نوێژی عەسر دەیکەیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) بۆی ڕوون کردەوە کە لەبەر کاری وەفدی (بني عبد القيس) سوننەتی پاش نیوەڕۆی نەکردووە، ئێستا دەی کاتەوە، واتە: پاش نوێژی عەسر[٢٧].

کەواتە: بەڵگەی فەرموودە، و قیاسی ڕاست ـ صحیح ـ یەك دەگرنەوە لەسەر دروستی (قەزا )کردنی نوێژی سوننەت کاتێ لەبەر هۆیەك نەکرێت، وەهەروها فەرموودە و قیاسی ڕاست ـ صحیح ـ یەك دەگرنەوە لەسەر نادروستی (قەزا) کردنەوەی نوێژی (فەرز) کاتێ لەبەر هەر هۆیەك لەکاتی خۆیدا نەکرێت بێجگە لە نوستن و لە بیرکردن[٢٨].

وە نەکردنی نوێژی (فەرز) لە کاتی خۆیدا (عمداً) تاوانێکی گەورەیە پێویستی بە (تەوبە) کردن هەیە نەك (قەزا) کردنەوە[٢٩].

### * نوێژی (فەرز) لەسەر ئەو عیبادەتانە قیاس ناکرێت کە (شەرع) ڕێ بە (قەزا) کردنیان دەدات:

* <u>وە ئەگەر بوترێت:</u>

نەخێر قیاسی ڕاست ئەوەیە کە نوێژی (فەرز) قەزا بکرێت وەکو چۆن: ئەگەر کەسێك ڕۆژوەکەی شکاندبێت بە خۆڕشاندنەوە (عمداً) قەزای لە سەر دەکەوێت بە بەڵگەی (صحیح)[٣٠] ئەوا نوێژیش هەمان شت

---

[٢٦] صحيح سنن الترمذي ، وأنظر أيضاً فقهها ومذاهب العلماء فيها في : "نيل الأوطار" : (٣/٣٠) .

[٢٧] صحيح البخاري رقم : (١٢٣٣) وصحيح مسلم رقم : (٢٩٧) .

[٢٨] أنظر الفصل الثاني من كتاب إعلام الموقعين : (٢/٥) وما بعدها ... في بيان [أنه ليس في الشريعة شيءٌ على خلاف القياس، وأن ما يظن مخالفته للقياس فأحد الأمرين لازم فيه ولابد: إما أن يكون القياس فاسداً، أو يكون ذلك الحكم لم يثبت بالنص كونه من الشرع ] فهو هام جداً .

[٢٩] أنظر : المحلى : (٢ / ٢٤٤) .

[٣٠] عن أبي هريرة (رضي الله عنه) مرفوعاً ((من ذَرعه القيء فلا قضاء عليه، ومن إستقاء فعليه القضاء)) صحيح سنن أبي

ئەگەر (عمداً) لە کاتی خۆیدا نەکرێت دەبێ قەزا بکرێتەوە، چونکە ئەمە قەرزی خودایە (والله أحق بالوفاء)[٣١].

ئەمە لە لایەك، وە لەلایەکی تریشەوە بەپێی بنەما (أصولی)یەکان هەر شتێك بەپێی فەرمانی خودا واجب ببێ لە کاتێکی دیاری کراودا ئەگەر (مکلّف) لە کاتی خۆیدا نەی کرد ئەوا هەر لە سەری دەمینێ و پێویستە قەزای بکاتەوە[٣٢].

وەلامەکە: بەلگەی (صەحیح) هەیە لەسەر قەزا کردنەوەی ڕۆژوو کاتێ کەسێك (عمداً) لە کاتی خۆیدا ـ رمضان ـ ڕۆژووی شکاندبێ بە خۆڕشاندنەوە، وە هەروها یاسای (أصولی) هەیە کە کاتێ شتێك بە فەرمانی (شرع) واجب دەبێ وە (مکلّف) لە کاتی خۆیدا نەیکات ئەوا لە سەری دەمینێ هەتاوەکو قەزای دەکاتەوە[٣٣].

بەلام قیاس کردنی نوێژ لە سەر ڕۆژوو، وە هەروها سەپاندنی ئەم بنەما (أصولي)انە بەسەر کەسێکدا کە نوێژی (عمداً) لەکاتی خۆیدا نەکردبێ شتێکی نادروستە .

*** ئەگەر نوێژی (فەرز) لە کاتی خۆیدا نەکرا ئەوا چ شتێك جێی دەگرێتەوە لە ڕۆژی دوایی دا ؟؟**

ئەگەر کەسێك چەند نوێژێکی (فەرز)ی لە کاتی خۆیدا نەکردبێت ئەوا با (نوێژی سوننەت) زۆر بکات، چونکە لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە ئەو (فەرز)انەی کە چواندویانە بۆیان قەرەبوو دەکاتەوە بەم سوننەتانە .

عن أبي هريرة (ﷺ) عن النبي (ﷺ) قال: ((إن أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة من عمله صلاته، فإنْ صلحت فقد أفلح وأنجح، وإنْ فسدت فقد خاب وخسر، فإنْ إنتقص من فرضته شيء، قال الرب عزوجل: أنظروا هل لعبدي من تطوع؟ فيكمل بها ما انتقص من الفريضة، ثم يكون سائر عمله على ذلك))[٣٤].

---

داود رقم : (٢٣٨٠) وصحيح سنن الترمذي رقم: (٧٢٠).

[٣١] صحيح البخاري رقم : (١٨٥٢) .

[٣٢] أنظر: الإبهاج في شرح المنهاج : (٦٤/١) وهو: شرح منهاج الوصول إلى علم الأصول للعلامة البيضاوي شرحه تقي الدين علي السبكى وولده. و "إحكام الفصول في علم الأصول" : (١٠٨،١٠٩/١) للإمام أبي الوليد الباجي صاحب المنتقى في شرح الموطا.

[٣٣] وهو قول بعض أصحاب الشافعي والرأي المختار عند جمهور الحنفية كالقاضي أبي زيد وفخر الإسلام البزدوي وابي بكر الرازي وإليه ذهب الحنابلة . أنظر: (إحكام الفصول للباجي : (١/ ١٠٨،١٠٩) .

[٣٤] صحيح سنن الترمذي رقم : (٤١٣) .

واتە: یەكەم شت كەوا لێپرسینەوەی عەبدی لە سەر بكرێت لە قیامەتدا لە كردەوەكانیدا بریتی‌یە لە نوێژەكانی، جا ئەگەر بەچاكی و ڕێكی ئەنجامیانی دابێت ئەوا سەرفراز و سەركەتوو دەبێت، وە ئەگەر خراپ بێت و كەموكوڕی تێدا بێت ئەوا بێ‌ئومێد و خەسارەتمەند دەبێت، وە ئەگەر هەندێك نەقوسانی لە فەرزەكانیدا هەبێت (واتە: بە كاملی هەمووی ئەنجامنەدابێت) ئەوا خوای گەورە دەفەرمێت: بڕوانن بزانن ئایا عەبدەكەم نوێژی سوننەتی هەیە؟ بەو سوننەتانە نەقوسانی‌یەكانی نوێژە فەرزەكانی بۆ تەواو و كامڵ دەكرێت، ئەنجا هەموو كردارەكانی بەم شێوەیە لێدەكرێت .

قال شيخ الإسلام ابن تيمية: (تارك الصلاة عمداً لا يشرع له قضاؤها ولا تصح منه، بل يكثر من التطوع).

واتە: ئەو كەسەی كەوا بە ئەنقەست (عمداً) واز لە نوێژ دەهێنێت دروست نی‌یە بۆی بە قەزا بیانكاتەوە و لێشی وەرناگیرێت، بەڵكو دەبێت نوێژی سوننەت زۆر بكات .

هەروەها (ابن حزم)یش فەرموویەتی: (وأما من ترك الصلاة عمداً حتى خرج وقتها، هذا لا يقدر على قضائها أبداً، فليكثر من فعل الخير وصلاة التطوع، ليثقل ميزانه يوم القيامة، وليتب وليستغفر الله عز وجل)[٣٥].

واتە: ئەو كەسەی كەوا بە ئەنقەست (عمداً) واز لە نوێژ دەهێنێت تاوەكو كاتەكەی بەسەر دەچێت، ئەوا ئەمە هەرگێز ناتوانێت بە قەزا بیكاتەوە بە هەتاهەتایی، بەڵكە با كرداری چاكە و نوێژی سوننەت زۆر ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی تەرازووی چاكاكانی قورس بێت لە ڕۆژی قیامەتدا، وە با تەوبە بكات و داوای لێبوردن و لێخۆشبوون لە خوا بكات .

وە كاتێ بەڵگەیەكی (صحیح)ی ئاوا هەبێ نابێ پەنا بۆ قیاس[٣٦] یان بۆ بنەمایەكی (أصولی) ببرێت كە زاناكان لەسەری ناكۆكن[٣٧] ، بەڵكو بەم بەڵگەیە كێشەكە یەك لا دەكرێتەوە.

وە ئەوەی شیاوی باسە لێرەدا ئەوەیە كە فەرموودەكە دوو خاڵ دەگرێتەوە خۆی:

---

[٣٥] المحلى .

[٣٦] قال الإمام القرطبي: (القياس إذا ورد عليه النص بطل القول به). الجامع لأحكام القران : (٨ /١٠٢) .

وللمزيد انظر : "الحديث حجة بنفسه في العقائد والأحكام" للإمام الألباني ص (٣٥-٤٤) و "أصول مذهب أحمد - دراسة أصولية مقارنة -" للشيخ عبدالله عبدالمحسن التركي ص : (١١١) وما بعده و "مبحث هام في سقوط الأجتهاد عند ظهور النص" .

[٣٧] ذهب جمهور المالكية والشافعية إلى أنه لا تجب قضاء الفوائت إلا بأمر ثان .

یەکـەم: جێگرتنـەوەی سوننەتەکان بۆ ئەو (فەرز)انەی کە نەکراون .

دووەم: پڕکردنەوەی سوننەتەکان بۆ ئەو کەم وکورتی‌یانەی کـە لـە (فـرض)ە کراوەکاندا هەیە .

زانای ناودار (ابن العربي) لـە شـەرحی (سنن الترمذي)دا، و ( ئیمامی سندي) لـە شـەرحی (سنن النسائي) دا بـۆ یەکەمەکـە دەچـن[٣٨] بەبەڵگـەی ڕیوایـەتی (أبوداود): ((ثم الزكاة مثـل ذلـك))[٣٩] ، وە کـاتێ زەکـاتی (فرض) بـە سـەدەقەی سـوننەت (تطوع) قـەرەبوو بکرێتـەوە ئـەوا هـەمان شـت بـە نسـبەت نوێـژ هـەروەکو ڕواڵـەت (ظـاهر)ی فەرموودەکەیـە، وە زۆر لـە زانایان بۆ ئـەوە دەچـن کـە فەرموودەکـە هەردوو خاڵەکە دەگرێتەوە .

کەواتــە لێــرەدا بۆمــان دەرکــەوت ئەگەر کەسـێك چـەند نوێـژە (فـەرز)ێکـی نەکردبێت (عمداً) ئەوا گوناهێکی گەورەی کردووە و پێویستی بە دوو شت هەیە:

یەکەم: تەوبەکردن .

دووەم: زۆر کردنی نوێژی سـوننەت، چونکە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا بەم سـوننەتانە (فـەرز)ەکـانی بـۆ قـەرەبوو دەکاتەوە .

## * وریـا کردنەوەیـەك لـە دوو خـاڵی ترسناك:

ئـەو زانایانـەی کـە دەڵـێن (قـەزا) کردنەوەی نوێژی (فەرز) بۆ کەسێکە کـە (عمداً) نـەیکردبێ پێویسـتە، سـەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نی‌یـە نـە لە قورئان، و نە لە فـەرموودە، وە نـە لـە قیاسێکی دروست، ووتەکـەیان دوو کـاری ترسناکی لێ دەکەوێتەوە:

یەکــەم: کەســێك کــە زۆر نوێــژی (فــەرز)ی نــەکردبێ، و بــیر لــە( توبــە) بکاتەوە ئەوا هەستکردنی بەوەی کە زۆر (قـەزا)ی لەسـەرە بـار گرانـی‌یـەکی بـۆ دروســت دەکــات، کــە لەوانەیــە دوری بخاتەوە لە (توبـە) کـردن، واتـە: دەسـت کردنەوە بە نوێژ کردن .

دووەم: زۆر جار لەبەر کـارێکی کـەم خەڵکانێك نوێژی (فـەرز) لـە کـاتی خۆیـدا ناکەن، وە دەڵێن (قەزا)ی دەکەینـەوە ! ! ئەمــــەش لەبــــەر بەشــــەرعیەت زانینی(قەزا)کردنەوە !

## * تەوبەیــەك لــە دڵــەوە هــەموو خراپەیەك دە کاتە چاکە :

بۆیە برایان وخوشکانی موسڵمان لـەم دوو هەڵـە گەورەیـە ئاگادارتـان دەکەینـەوە و

---

[٣٨] أنظر: عارضة الأحوذي : (٤٢١/١)، و "سنن النسائي بشرحي السـندي والسـيوطي" : (٢٣٣/١)، و "تحفـة الأحوذي : (٤٧٧/٢)، و "عون المعبـود" : (٨٢/٣)، و "المـحلى" : (٢٤٥/١) .

[٣٩] صحيح أبـي داود رقم : (٨٦٦) .

وەبیریان دەخەینەوە، کە تەوبەیەکی لە دڵەوە هەموو خراپەیەك دەکاتە چاکە.

خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿فَأُولَئِكَ يبدلُ الله سـيِئَاتِهِم حسناتٍ﴾ [الفرقان: ٧٠] .

واتە: ئەو تەوبەکارانە خوا خراپەکانیان دەگۆڕێتەوە بۆ چاکە .

وعن أبي ذر (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((إن الله يبدل لعبده التائب بدل كل سيئةٍ حسنةً)) (٤٠) .

واتە: خوای پەروەردگار دەیگۆڕێتەوە بۆ عەبدە تەوبەکارەکەی هەموو خراپەیەك بۆ چاکەیەك .

## * شەرع ڕێ بە ( جمع ) کردنی نوێژ دەدات نەك ( قەزا ) کردنەوەی نوێژ:

ئایینی ئیسلام هەمووی ئاسانکاری و ڕەحمەتە، وە کاتێ کارێکی پێویست هەبێ موسڵمان بۆی هەیە نوێژەکانی (جمع) بکاتەوە، واتە: نوێژی نیوەڕۆ و عەصر لەکاتی یەکێکیاندا بکات، وە (مغرب) لە گەڵ (عشاء) لە کاتی یەکێکیاندا بکات .

بە بەڵگەی فەرموودەکەی (ابن عباس) (رضي الله عنه) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) لە (مەدینە ) ـ واتە: لەسەفەر نەبووە ـ وە نە ترس هەبووە نە باران نوێژی نیوەڕۆ و عەسری (جمع) کردووە، وە هەروها نوێژی (مغرب) و (عیشا)ی (جمع) کردووە، وە پرسیاری ئەمە لە (ابن عباس) دەکرێت، ئەویش لە وەلامدا دەفەرمێت: ((أراد أنْ لا يحرج أحداً من أمته)) (٤١) .

---

(٤٠) صحيح مسلم رقم : (٣١٤) .

(٤١) صحيح مسلم رقم : (٧٠٥) . وما ادعاه الترمذي من إنعقاد الإجماع على عدم العمل بهذا الحديث رده النووي في "شرح صحيح مسلم" : (٢٢٥/٥ ـ ٢١٨) وقد عمل به ابن عباس كما عند "الطيالسي" رقم : (٢٦١٤) وانظر: "الإرواء" : (٣ / ٣٥) .

واعلم أن عدم عمل الناس بالحديث الصحيح ليس دليلاً على عدم العمل به :

قال الإمام النووي: (إذا ثبتت السنة لا تترك لترك بعض الناس أو أكثرهم أو كلهم لها)، أنظر كتاب : "المسح على الجوربين" للعلامة القاسمي ص : (٦٩)، و"شرح صحيح مسلم" للنووي.

واتە : ئەگەر سەلمێنرا کردارێك سوننەتە ئەوا وازی لێ ناهێنرێت لە بەر ئەوەی کە هەندێك لە خەڵك یان زۆربەیان یان هەموویان کاریان پێنەکردبێت .

وقال الإمام الشافعي : (إن حديث رسول الله (ﷺ) يثبت بنفسه لا بعمل غيره)، أنظر: "الرسالة" للشافعي : (١١٦٦) ، و"إعلام الموقعين" : (٣ /٣٩).

واتە : فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی خۆی دەسەلمێنێت بۆ ئەوەی کرداری پێبکرێت نەك بە کردار پێکردنی جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) .

مەبەستی ئیمامی (شافعی) ئەوەیە ئەگەر کەسیش کرداری بە فەرموودەیەك نەکردبێت ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەو فەرموودەیە نابێت کاری پێبکرێت بەڵکو

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) بەم (جمع)ە ویستی زەحمەت دروست نەکات بۆ هیچ کەسێك لە ئوممەتەکەی.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە هەر کاتێك زەحمەتێك هەبوو لەبەر کارێك یان هەر شتێك کە بارگرانییەك بۆ موسڵمان دروست بکات ئەوا ئەو کاتە موسڵمان دەتوانێ (جمع)ی نوێژ بکات، باساغ بێ وە باران نەبێ وە ترس نەبێ بەڵام بەمەرجێك نەیکاتە (عادەت)[٤٢].

ئیتر برا و خوشکی خوێنەر کە ئەمەت بۆ ڕون بووەوە، هیچ پێویست ناکات لەبەر زۆری کار نوێژەکەت نەکەی بەبیانوی ئەوەی (قەزا)ی دەکەیتەوە پاش کاتەکەی، چونکە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە (شەرع)ی ئیسلامی پیرۆز (جەمع)ی نوێژی بۆت داناوە نەك قەزاکردنەوە، بەڵکو قەزا کردنەوەی نوێژێك کە (عمداً) لە کاتی خۆیدا نەکرابێت هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، بە پێچەوانەوە بەڵگە هەیە لەسەر نەبوونی (قەزا)کردنەوە هەروەك لە لاپەڕەکانی ئەم باسەدا بۆت دەرکەوت ...

والحمد لله أولاً وآخراً ...

---

بوونی فەرموودەکە خۆی بۆ خۆی جێی کردار پێ کردنە.

(٤٢) قال النووي: (ذهب جماعة من الأئمة إلى جواز الجمع في الحضر للحاجة لـمن لا يتخذه عادة . ثم ذكر ـ رحمه الله ـ نخبة من هؤلأ الأئمة الذين ذهبوا إلى ذلك وذكر أنه اختيار ابن المنذر، ثم قال ـ رحمه الله ـ : (ويؤيده ظـاهر قول ابن عباس (رضي الله عنه): أراد أن لا يحرج أمته)، فلم يعللـه بـمرضٍ ولا غيره . "شرح صحيح مسـلم : (٥ /٢٢٥) و (٥ / ٢١٧) .

واتە: کۆمەڵێك لە پێشەوایان بۆچوونیان وایە کەوا دروستە نوێژە فەرزەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیشدا (واتە: لە شاری خۆتیشدا) کۆبکەیتەوە بەڵام بۆ کەسێك کە ئەمە نەکات بە پیشە و عادەت .

وە ئەوەش پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بکات بریتییە لە ووتەکەی ابن عباس کە فەرموویەتی: بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو شاری مەدینەدا نوێژی نیوەڕۆ و عەصر هەروەها مەغریبی و عیشای پێکەوە بە جەمع ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی نەخاتە تەنگانە و ناڕەحەتییەوە .

وقال إبن تيمية ـ بعد بحثٍ علميٍ بصدد الجمع بـين الصلوات ـ : ( ... فظهر بذلك أن الجمـع هـو لرفـع الحرج، فإذا كان في التفريق حرج جاز الجمع وهو وقـت العذر والحاجة) "مجموع الفتاوى" : (٢٥/٢٢) .

واتە : بەمە دەرکەوت کەوا کۆکردنەوەی نوێژە فەرزەکان لە گەڵ یەکدا بۆ هەڵگرتنی تەنگی و ناڕەحەتییە، بۆیە ئەگەر لە جیاکردنەوەیاندا (واتە: ئەگەر هەر نوێژێك لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت بە بێ کۆکردنەوە) بووە مایەی تەنگی و ناڕەحەتی ئەوا دروستە کۆیان بکەیتەوە کەوا بریتییە لە کاتی بوونی عوزر و پێویستی .

# سوترەی نوێژکەر

# حوكم وئادابەكانی لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوادا( صلى اللّٰه عليه وسلم)

**بەشی دووەم**

**م/ عدنان بارام**

**بەكالوریوس لە زمانی عەرەبی**

## ئەگەر یەكێك ویستی بە نێوان نوێژكەر و سوترەكەیدا تێپەڕ بێت،نوێژكەر چی دەكات؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو:

" لا تصل إلا إلى سترة، ولا تدع أحـدا يمر بين يديك، فإن أبـى فلتقاتله؛ فإن معه القرين" (٤١).

واتــە: نویــژ مەكــە ئــیللا ڕووەو بەربەستێك نەبێ، ڕێگەش بە كەس مـەدە بە بەردەستدا تێپەڕێت، ئەگەر هەر سوور بـوو لـە سـەر ڕۆیشـتن ئـەوا لـە گەڵیـدا بجەنگێ، چونكە شەیتانی لەگەڵدایە .

**هەروەها دەیفەرموو:**

" إذا صلى أحدكم إلى سترة؛ فليدن منها، لا يقطعن الشيطان عليه صلاته " (٤٢) .

واتـە: ئەگـەر یـەكێك لـە ئێـوە ڕووەو بەربەسـتێك نوێـژی كـرد، بـا لێ ی نزیـك بێتەوە، نـەوەكو شـەیتان نوێژەكـەی پـێ ببڕێت.

وە دەیفەرموو: " إذا صـلى أحـدكم إلى شيء يستره من الناس فأراد أحد أن يجتـاز بين يديه فليدفع في نحره [وليدرأ ما استطاع] وە لە ڕیوایەتێكی تـردا هـاتووە: [ فليمنعه مرتين] لە ڕیوایەتێكی تریشدا هاتووە: فإن أبى فليقاتله فإنما هو شيطان " (٤٣).

---

(٤١) قال العلامة الألباني: رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ١ / ٩٣ / ١ ) بسند جيد .

( ٤٢ ) قال العلامة الألباني:رواه أبو داود و البزار( ص ٥٤ ـ زوائده ) والحاكم وصححه ووافقه الذهبي والنووي .

(٤٣) صحيح البخاري (باب يرد المصلي من مر بين يديه) وصحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقـم: (٥٠٥) .

واتە: ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی رووەو بەربەستێك دەكرد رێگربوو لە هاتووچۆی خەڵكی بەبەردەستیدا، وە كەسێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەڕ ببێ، با دەست بنێت بەسینگیەوە، { وەتا دەتوانێ دووری بكاتەوە } لە ریوایەتێكی تردا هاتووە: با رێی لێ بگرێت دوو جار، ئەگەر هەر سوور بوو لە سەر رۆیشتن با لە گەڵیدا بجەنگێ، چونكە ئەوە شەیتانە .

پێشەوا ( **الحافظ ابن حجر** ) فەرموویەتی: " ئەو ووتەیەی كە پێغەمبەر ﷺ كە فەرموویەتی:

" فإنما هو شيطان " واتە: فعله فعل الشيطان، لأنه أبى إلا التشويش على المصلي، وإطلاق الشيطان على المار من الأنس سائغ شائع، وقد جاء في القرآن قوله تعالى: ﴿شياطين الإنس والجن﴾ [سورة الأنعام: ١١٢]، وقال ابن بطال: في هذا الحديث جواز إطلاق لفظ الشيطان على من يفتن في الدين، وأن الحكم للمعاني دون الأسماء، لاستحالة أن يصير الإشارة شيطانا، بمجرد مروره انتهى " (٤٤).

( **أبو صالح السمان**) دەفەرموێت: لە كاتێكدا من لەگەڵ (**أبو سعيد**) دا بووم رضي الله عنه خەریكی نوێژكردن بوو لە رۆژی هەینی، رووەو شتێك كە دەیپاراست لە رۆیشتنی خەڵك بە پێشیدا، لەو كاتەدا لاوێك لە خێڵی ( **أبو معيط**) ویستی بە پێش نوێژەكەیدا بڕوات، بەڵام (**أبو سعيد**) رضي الله عنه پاڵی نا بە سینگیەوە، لاوەكەش شوێنی تری نەبوو جگە لەو رێگەیە نەبێت، بۆیە جارێكی تر گەڕایەوە، ئەویش جارێكی تر و توندتر پاڵی نا بە سینگیەوە، لە جاری یەكەم توندتر بوو، ئەویش بێ تاقەت بوو لە (**أبو سعيد**) رضي الله عنه، پاشان رۆیشتە ناو قەڵەباڵغی خەڵكەكە، و رۆیشتە دەرەوە، و چوە لای ( **مروان** ) و گلەیی ئەو رووداوەی كرد لە لای، و لەو كاتەدا (**أبو سعيد**)یش رضي الله عنه رۆیشتە ژوورەوە بۆ لای (**مروان**)، (**مروان**) پێی ووت: ئەوە چیت بوو لە گەڵ برازاكەتدا، هاتبوو گلەیی لێ دەكردیت؟

( **أبو سعيد** ) یش رضي الله عنه فەرمووی: بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی:

" إذا صلى أحدكم إلى شيء يستره من الناس، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه، فليدفع في نحره، فإن أبي فليقاتله، فإنما هو شيطان " (٤٥).

(٤٤) فتح الباري: ( ١ /٥٨٤ ) .

( ٤٥) صحيح البخاري (باب يرد المصلي من مر بين يديه) رقم: (٤٨٧)، وصحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقم: (٥٠٥).

واتە: ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك دەكرد ڕێگربوو لە هاتووچۆی خەڵكی بەبەردەستیدا، وە كەسێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەڕ ببێ، با دەست بنێت بەسینگی یەوە، تا دەتوانێ دووری بكاتەوە، ئەگەر هەر سوور بوو لە سەر ڕۆیشتن با لە گەڵیدا بجەنگێ، چونكە ئەوە شەیتانە .

كەواتە: لە كۆی هەموو ئەو فەرموودانەی سەرەوە كە باسكرا ئەوە ئاشكرا دەبێت، پێویستە لەسەر نوێژكەر، كە ڕووە و سوترەیەك نوێژی كرد پێویستە ڕێ نەدات بە هیچ كەسێك بە پێشیدا تێپەڕ ببێت .

## ڕێگرتن لە ڕۆیشتنی منداڵ بە نێوان سوترە و نوێژكەردا :

كەسێك پرسیار دەكات لە

( **دەستەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستی یەكان و فەتوا**) سەبارەت تێپەڕبوونی منداڵ بە پێش نوێژەكەیدا:

**پرسیار:** چەند كچە زایەكم هەیە، هەموویان منداڵی بچووكن و تەمەنیان لە پێنج ساڵ تێناپەڕێت، لە كاتی نوێژدا بە پێش نوێژەكەمدا تێپەڕ دەبن، نوێژەكەم پێ دەبڕن، زۆر جار ئەوە ئەنجام دەدەن، نەیشم توانیوە بیانگەڕێنمەوە، لە كاتێكدا لە نوێژدا بووم، ئایا هیچ تاوانێكم لە سەرە؟

**وەڵام:** هەوڵی ئەوە بدە ڕێیان لێ بگریت لەوەی كە بە نێوان خۆت و سوترەكەتدا تێپەڕ ببن، بەڵام ئەگەر نەتوانیت ڕێیان لێ بگریت، و تێپەڕبوون، ئەوا هیچت لە سەر نییە، چونكە جگە لە: ئافرەتی باڵغ بوو، و گوێدرێژ، و سەگ، هیچ شتێك نوێژ نابڕێت، ئەگەر بە نێوان نوێژكەر و سوترەكەیدا، یان نزیك لە نوێژكەردا بڕۆن، لە كاتێكدا سوترەی دانەنابێت، و لە مەودای سێ باڵ، یان كەمتردا بڕوات، ئەوەش لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی: " إذا صلى أحدكم إلى شيء، يستره من الناس، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه، فليدفعه، فإن أبى فليقاتله؛ فإنه شيطان "، سەركەوتنیش تەنها بە دەستی پەروەردگارەو صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، و ئەهل و بەیت، و یار و یاوەرانی بێت [٤٦].

## تەنانەت ڕێگە نادرێت بە مەرو بزنیش بە نێوان سوترە و نوێژكەردا تێپەڕ ببێت :

وە " كان ﷺ لا يدع شيئا يمر بينه وبين السترة، فقد كان يصلي، إذ جاءت

(٤٦) موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين الفتوى رقم: (٩٢٢٦).

شاة تسعى بين يديه، فساعاها حتى ألـزق بطنه بالحائط، [ ومرت من ورائه ] "(٤٧) .

واته: پێغەمبـەری خـوا ﷺ: ڕێـی بـه هیچ نەدەدا بەبەینی ئەو و بەربەستەکەیدا تێپەڕ ببێ، جارێکیان " پێغەمبـەری خـوا ﷺ نوێـژی دەکـرد، شـەکێك ویسـتی بـه بەردەستیدا تێپەڕ ببێ، بەڵام پێغەمبەری خــوا ﷺ دەســت پــێش خــەردەبوو (سـ ـابقها)، بـه شـێوەیەك سـكی بـه دیوارەكـەوە لكانـد و، { وای لێ كـرد بـه پشتیدا تێپەڕ ببێ } .

وه جارێكیـان پێغەمبـەری خـوا ﷺ : لـه نوێـژێك لـه نوێـژه فەرزەكانیـدا بـوو دەسـتی بـرده پێشـەوه و كێشـایەوه، پاشـان كـه لێ بـووەوه، ووتیـان: ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ لـه نوێـژ گۆڕا؟ فـەرمووی: " لا، إلا أن الشيطان أراد أن يمر بين يدي، فخنقته حتى وجدت برد لسـانه على يدي، وأيم الله لولا ما سبقني إليه أخي سليمان، لارتبط إلى سارية مـن سـواري المسجد؛ حتى يطيف به ولدان أهل المدينـة، [فمن استطاع أن لا يحول بينه وبين القبلـة أحد، فليفعل] " (٤٨).

واتـه: نـەخێر، ئەوەنـەبێ شـەیتان ویسـتی بـه بەردەسـتمدا بـڕوات، منـیش چنگم لە ناقیڕەی نا تاوەکو ساردی زمانیم لە سەر دەستم هەست پـێکرد، سـوێندبێ بـه خــوا ئەگــەر پاڕانــەوەی پێغەمبــەر (سلیمان )ی برام نەبوایە كە پێش مـن لـه خــوا پاڕایــەوە، دەبەســـترایەوە بـــه كۆڵەكەیــەك لــه كۆڵەكـەكانی مزگــەوت، تــاوەكو منداڵــەكانی مەدینــه بەدەوریــدا بسووڕاپانەوە، [ بۆیـه هەركـەس لـه ئێـوه تـوانی نـەهێڵێت كـەس بـه بـەینی ئـەو و قیبلەكەیـدا بـڕوات، بـا ئـەو كـارە ئـەنجام بدات ] .

## چ كاتێك نوێژكەر ڕێگر نابێت لە ڕۆیشتنی كەسێك بە پێشیدا ؟

نوێژكــەر ڕێگــر نابێــت لــه ڕۆیشــتنی كەسێك بە پێشیدا، **ئەگەر تێپەڕبوونەكە بەو دیوی سوترەكەیدا بـوو:** پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك"(٤٩) .

واته: ئەگـەر هەریـەك لـه ئێـوه وەكـو ئــەو دارەی لەبەردەســتدا بــێ كــه لەدواوەوەی زینی وڵاخدا هەیـە، ئـەوا بـا نوێژەكەی بكات و هیچ باكێكی نـەبێ بـەو

(٤٧) قال العلامة الألباني: (رواه ابن خزيمة في "صحيحه" (١ / ٩٥ / ١)، والطـبراني (٣ / ١٤٠ / ٣) والحـاكم وصححه ووافقه الذهبي) .

(٤٨) قال العلامة الألباني: (رواه أحمد والدارقطني والطبراني بسند صحيح، وهذا الحديث قد ورد معناه في " الصحيحين " وغيرهما عن جمع من الصحابة ﷺ ) .

( ٤٩) صـحيح مسـلم (بـاب سـترة المصـلي) رقم: (٤٩٩).

کەسانەی کـە بـەودیوی بەربەسـتەکەدا دەڕۆن .

وە **(عون بن أبي جحيفة)** دەگێڕێتەوە کـە لــە بـاوکی یـەوە بیسـتوویەتی دەفـەرمووێت: ڕۆژێکیـان لـە گەرمـەی نیوەڕۆدا بـوو پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاتـە لامان، و ئاوی دەست نوێژیان بۆ هێنـا، و ئەویش دەست نوێـژی شوشـت، و نوێـژی نیـوەڕۆ و عەسـری پێکـردین، لـە پـێش دەسـتیدا دارێـك چـەقێنرابوو بـە زەویـدا، ئـافرەت و گـوێ درێـژیش بـەو دیـوی سوترەکەیدا دەڕۆیشتن (٥٠).

لـە کـۆی ئـەم فەرمودانـەوە بۆمـان ئاشکرا دەبێت کە ئەگەر کەسێك ویستی بە نێوان نوێژکەر و سوترەکەی دا بڕوات، ئەوا پێویستە ڕێی لێ بگرێت تا دەتوانێت، بـەڵام ئەگـەر بـەو دیـوی سـوترەکەیدا ڕۆیشت، هیچی بەرامبەر ئەنجام نـادات، و هیچیشی لەسەر نییە با لەو شتانەش بن، کە ئەگەر بە نێوان نوێژکەر و سـوترەکەی دا بڕۆن نوێژەکەی بەتاڵ دەکەنەوە.

## فەرموودەی کێشانی هێڵ ( خط ) بۆ سوترە ( ضعیف ) ەو نابێت بە بەڵگە:

ئایـا دەکرێـت نوێژکـەر لـە جیـاتی سوترە هێڵێك لە بەردەستی بکێشێت بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە، و ڕێگر بێت لە هاتوو چۆی خەڵك بە پێشیدا ؟

لــە وەڵامــدا دەوترێــت: ئــەو فەرموودەیـەی کـە ( **أبـو هريـرة** ) ﷺ دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە کێشانی هـێڵ لـە جیـاتی سـوترە، و دەقەکـەی بـەم شێوەیەیە:

عن أبي هريرة ﷺ قال: قال رسول الله ﷺ:"إذا صلى أحدكم، فليجعل تلقاء وجهه شيئا، فلينصب عصا، فإن لم يكن معه عصا، فليخط خطا، ثم لا يضره ما مر بين يديه".

واتە: ئەگـەر یـەکێك لـە ئێـوە نوێـژی ئـەنجام دا، بـا لـە پـێش خـۆی شـتێك دابنێت بە سـوترە، با پارچـە دارێـك بـە زەویدا بچەقێنێت، ئەگەر پارچە داری پێ نەبوو، با هێڵێك بکێشێت، ئەوەش کە بەو دیوی سوترەکەدا بڕوات، هـیچ زیانێـك بـە ئەو ناگەیەنێت .

فەرموودەناسان ئەم فەرموودەیـەیان بە فەرموودەیەکی (ضـعيف) دانـاوە، لـە زانایانی پێشـین: (سـفيان بـن عيينـة)، و(الشافعي)، و (البغوي)، و(الـدارقطني)، و(مالك)، و لـە دواییـنـەکانیش (المتأخرين) کە ئەم فەرموودەیەی بە (ضعيف) داناوە: (ابن الصلاح)، و(النـووي)، و(العراقـي) (الحافظ ) ـ بە ڕەحمەت بـن ـ ئـەوەش لـە بەر دوو هۆکار:

یەکەم: (**الاضطراب**) .

دووەم: (**الجهـــالة**) .

---

(٥٠) صحيح البخاري (بـاب الصـلاة إلى العنـزة) رقم: (٤٧٧) .

وه زانایانی فەرمووده‌ناس (العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني) و (العلامة الشيخ مقبل بن الهادي الوادعي) ـ به ڕه‌حمه‌ت بن ـ به (**ضعيف**) یان زانیوه .

بۆ نموونه شێخی (**الألباني**) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ له (سنن ابن ماجه)دا: به ژماره‌ی: (٩٤٣) به ( **ضعيف** )ی زانیوه، شێخ (**مقبل**) یش ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ له (تحفة المجيب على أسئلة الحاضر والغريب: أسئلة إخوة من أمريكا، پرسیاری: ١٢١) پرسیاری ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی لێ ده‌کرێت، ئه‌ویش له وه‌ڵامدا ده‌فه‌رموێت: " وأما حديث الخط فهو ضعيف ... " .

واته: سه‌باره‌ت به فه‌رمووده‌ی هێڵه‌که فه‌رمووده‌یه‌کی ( **ضعيف** ) ه .

وه شێخی (**الألباني**) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ له (تمام المنة في التعليق على فقه السنة) هه‌ندێك به فراوانی باسی له (**ضعيف**) ی ئه‌م فه‌رمووده‌یه کردووه[٥١] .

که‌واته: نابێت هێڵ بکرێت به سوتره، ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی باسی کێشانی هێڵ ده‌کات فه‌رمووده‌یه‌کی ( **ضعيف** ) ه، و ( **ضعيف** ) یش نابێت به به‌ڵگه بۆ هیچ گوفتار و کردارێك .

## چی ڕه‌وا نی‌یه بکرێت به سوتره ؟

(٥١) بڕوانه: " تمام المنة " ل ٣٠٠ - ٣٠٢ ) .

ڕه‌وا نی‌یه گۆڕ بکرێت به سوتره له کاتی نوێژ کردندا، چونکه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ نه‌هی کردووه له نوێژ کردن ڕووه‌و گۆڕ، و ده‌یفه‌رموو: " لا تصلوا إلى القبور ولا تجلسوا عليها " [٥٢] .

واته: ڕووه‌و گۆڕ نوێژ مه‌که‌ن، و له سه‌ریشیان دامه‌نیشن .

## چی نوێژ ده‌بڕێت، و ده‌بێته هۆی به‌تاڵ بوونه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر به نێوان به‌ربه‌ست و نوێژکه‌ردا بڕوات ؟

پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ سه‌باره‌ت به‌و شتانه‌ی که ده‌بنه هۆی به‌تاڵ کردنه‌وه‌ی نوێژی نوێژکه‌ر، ئه‌گه‌ر به نێوان نوێژکه‌ر و سوتره‌که‌یدا بڕۆن، ده‌یفه‌رموو:

" يقطع صلاة الرجل، إذا لم يكن بين يديه كآخرة الرحل: المرأة [ الحائض ]، والحمار، والكلب الأسود " [٥٣] .

واته: ئه‌وه‌ی که نوێژ به نوێژکه‌ر ده‌بڕێت و به‌تاڵی ده‌کاته‌وه ـ ئه‌گه‌ر وه‌کو پاشکۆی زینی وڵاخ له‌به‌ر ده‌ستیدا نه‌بێت ـ ئافره‌تی باڵغ بوو، و گوێ درێژ، و سه‌گی ڕه‌ش، (**أبو ذر**) رضي الله عنه: فه‌رمووی:

( ٥٢) رواه مسلم، وأبو داود، وابن خزيمة (١/ ٩٥ / ٢)، وه بڕوانه کتێبی " تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد " و " أحكام الجنائز وبدعها " که هه‌ردوکیان له نووسینی زانایانی فه‌رمووده‌ناس (العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ) ين ـ رحمه الله ـ .

( ٥٣ ) صحيح مسلم (باب قدر ما يستر المصلي) رقم: (٥١٠) و (٥١١) .

ئـەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ چ جیــاوازی یەکیان هەیە ڕەش بێ یان سوور؟ ئەویش فەرمووی: " الكلب الأسود: شيطان " .

واتە: چونکە سەگی ڕەش شەیتانە.

زانـای فـەرموودەناس ( الشيخ العلامة محمد ناصر الدين الألبـانی ) فەرموویـەتی: مەبەست لێرەدا بـە ووشـەی ( القطـع ): پوچەڵکردنەوەیە

( بڕوانە: صفة صلاة النبي ﷺ ) .

پرسـیار کـرا لـە شـێخ (**محمـد بـن إبراهيم آل الشيخ**)، کە: ئایا ڕۆیشـتن بە پێش نوێژکەردا نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە؟

ئەویش لە وەڵامـدا فـەرمووی: ( نوێـژ پووچــــەڵ و بـــــەتاڵ دەبێتــــەوە بــــە تێپــەڕبوونی: ئــافرەت، و گــوێ درێــژ، و سەگی ڕەش، ئەگەر نوێژکـەر پـێش نوێـژ بێت، یان تەنها، لە نوێژی فەرز بێت، یـان لە نوێژی سوننەت دا، و یەکێك لەو شتانە بـە نێـوان خـۆی و سـوترەکەیدا بـڕوات، ئەگــــەر ســـوترەی هـــەبێت، یـــان بــــە بەردەسـتیدا و نزیـك لێـیەوە بـڕوات، لـە مەودای سێ باڵ لـە پێکانییـەوە، ئەگـەر ســــــوترەی نـــــەبێت ... ڕووکەشـــــی فەرموودەکــە، ئــەوە دەگەیــەنێت کــە مەبەست لە ووشەی (**القطع**) ئەوەیە کە نوێژەکە پوچەڵ و بەتاڵ دەکاتەوە)[٥٤].

جگـە لـەم سـێ شـتەش نوێـژ بـەتاڵ ناکاتەوە ئەگەر تێپەڕ ببێت، بەڵام نابێـت بـە نێـوان نوێژکـەر و سـوترەکەیدا تێپـەڕ ببێت، ئەگەر سوترەی هەبێت .

## ئافرەت ئەگەر خەوتبێت لە پێش نوێژی مێردەکەی، دەتوانێت بیکات بە سوترە:

ڕەنگە هەندێك لە خوێنەران بڵێن: لـە هەنـدێك لـە فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خوادا ﷺ هاتووە کـە ئـافرەتی بـاڵغ بـوو ئەگەر بە پێش نوێژکەردا بڕوات، نوێژەکە بـەتاڵ دەکاتــەوە، لــەو لاشــەوە دایکــە (عائشة) (خوای لێ ڕازی بێت)دەفەرموێت: لەبەر دەستی دا خـەوتووە و پێغەمبـەری خــواش ﷺ ڕووی لێ دەکــرد ! ! چــۆن بتوانین لەم دوو فەرموودەیە تێبگەین؟

لە وەڵامی ئەم پرسـیارە دەووترێـت: ڕاستە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو شتانەی کە دەبنە هۆی بەتاڵ کردنـەوەی نوێژی نوێژکەر، ئەگەر بە نێـوان نوێژکـەر و سوترەکەیدا بڕۆن، دەیفـەرموو: " يقطع صلاة الرجل، إذا لم يكن بين يديه كـآخرة الرحل: المرأة [ الحائض ]، ... "[٥٥].

واتـە: ئـەوەی کـە نویـژ بـە نوێژکـەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە ـ ئەگەر وەکو پاشـکۆی زینـی وڵاخ لـە بـەر دەسـتیدا نەبێت ـ ئافرەتی باڵغ بوو،...

(٥٤) موسوعة فتاوى ورسائل الشيخ محمد ابن إبراهيم .

(٥٥) صحيح مسلم (باب قـدر مـا يسـتر المصـلي رقم: (٥١٠) .

وه جاری وایش هەبوو ـ هەروەکو لە (**البخـــاري**)، و (**مســـلم**) دا هـــاتووه – پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ ڕووەو جێگـــە خەوتنەکـەی (**عـائشـة**) (خـوای لێ ڕازی بێت) نوێژی دەکرد، و (**عـائشة**)ش(خـوای لێ ڕازی بێت) بەسەریەوە لە ژێر لێفەکـەی دا ڕاکشابوو.

بـەڵام ئەگـەر بـە ووردی بڕوانرێنـە هەردوو فەرموودەکە، دەبینرێت کـە دوو بـاری جیـاوازن، یەکـەمیان: بـاس لـەوە دەکات کە ئەگەر ئـافرەتی بـاڵغ بـوو، بـە بەر دەستی نوێژکـەردا بڕوات نوێژەکـەی بەتاڵ دەکاتەوە، کەچی دووەمیان: بـاس لەوە دەکات کە خـودی ئافرەتەکە ـ لە بـاری خەوتنیـدا ـ بکرێـت بـە سـوترە، ئاشکراشە ئەمە وەکو ئەوە نیە کە بـەر دەستیدا تێپەڕ ببێت، بەڵکو هەریەکـەیان حـــوکمێکی تایبـــەتی خـــۆی هەیـــە، یەکـەمیان: کـە تێپەڕبوونـە: نوێـژ بـەتاڵ دەکاتەوە، کەچی دووەمیان: کە خەوتنـە لە بەر دەستی نوێژکەردا: هیچ لە حوکمی نوێژەکە ناگۆڕێت، چ جای نوێژەکەی پـێ ببڕێت، و بەتاڵی بکاتەوە ! هەروەکو چۆن حـــەرام و قەدەغـــە کـــراوە پیـــاوان بـــە بەردەستی نوێژکەردا تێپـەڕ بـبن، کەچـی دانیشـتن لـە پـێش نوێژکـەر بـۆ ئـەوەی بکرێن بە سوترە شتێکی ڕەوایە، بەمـەش وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرا دەبێت .

شـێخی پایـە بـەرزی ئیسـلام (**ابـن القیم**) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەم بارەیـەوە فەرموویەتی: " فإنه صح عنه أنـه يقطـع صلاته؛ المرأة، والحمار، والكلب الأسـود، وثبت ذلك عنه مـن روايـة: أبي ذر، وأبي هريرة، وابن عباس، و عبدالله بن مغفل رضي الله عنهم، ومعارض هذه الأحاديث قسمان:

**صـحيح غـير صـريح، وصـريح غـير صحيح**، فلا يترك العمل بها لمعـارض هـذا شأنه، وكان رسول الله ﷺ يصلي وعائشة (رضي الله عنها) نائمة في قبلته، وكأن ذلك ليس كالمار ؛ فإن الرجل محرم عليه المرور بين يدي المصلي، ولا يكره له أن يكون لابثا بين يديه، وهكذا المرأة، يقطع مرورها الصـلاة دون لبثها، والله أعلم " [٥٦] .

واتـە: ئـەوەی کـە لـە پێغەمبـەری خواوە ﷺ جێگر و سەلمێنراوە کـە نوێـژ بە نوێژکەر دەبڕێت و بـەتاڵی دەکاتـەوە: ئافرەت، و گوێ درێـژ، و سـەگی ڕەشـە، ئەوەش لە (أبي ذر و أبي هريرة و ابن عباس و عبدالله بن مغفـل )ەوە رضي الله عنهم، جـێگیر و ســەلمێنراوە، ئــەو فەرموودانــەش کــە پێچەوانەی ئەمانەن دوو کۆمەڵن:

کۆمــەڵێکیان ( **صـحيح** ) ە، بــەڵام ڕاشـکاو ( **صـريح** ) نیـە، کۆمەڵەکـەی تریـان ڕاشـکاوە بـەڵام ( **صحيح** ) نیـە، بۆیــە نابێــت وازیــان لێ بهێـنین لەبــەر

---

( ٥٦) زاد المعاد لابن القيم: ( ١ / ٣٠٦ ـ ٣٠٧ ) .

بەرهەڵست کارێك کە بەم شێوە بن، وە ئەو فەرموودەیەش کە تێیدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، (**عائشة**)ەش(خوای لێ ڕازی بێت) لە قیبلەکەیدا خەوتبوو، بێ گومان ئەو کردارە وەکو تێپەڕبوو نییە، چونکە پیاوان بۆیان ڕەوا نییە و حەرامە لە سەریان کە بە پێش نوێژکەردا بڕۆن، کەچی نا پەسەند نییە بۆی لەبەر دەستی نوێژکەردا بمێنێتەوە، هەروەها ئافرەتیش بەهەمان شێوەیە، ئافرەتیش تێپەڕ بوونی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە، بە پێچەوانەی مانەوەی هیچ کاریگەریەکی نییە لە نوێژەکە، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

## سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ شوێنکەوتوانی:

( **عبدالله بن عباس** ) رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرمووێت: " أقبلت راكبا على حمار أتان، وأنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام، ورسول الله ﷺ يصلي بالناس [وفي رواية لمسلم: في حجة الوداع] بمنى جدار، فمررت بين يدي بعض الصف، فنزلت وأرسلت الأتان ترتع، ودخلت في الصف، فلم ينكر ذلك علي أحد " (٥٧).

واتە: ڕۆژێکیان بە سواری گوێ درێژێکی مێیە هاتم، لەو ڕۆژەدا تەمەنم نزیکی بالغ بوون بوو، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بە خەڵك دەکرد، لە کاتی حەجی ماڵ ئاوایی بوو، لە مینادا، منیش بە پێش دەستی هەندێك لە ڕیزەکانی نوێژدا ڕۆیشتم، پاشان دابەزیم و گوێ درێژەکەم بەرەڵاکرد بۆ ئەوەی بلەوەڕێت، دوای ئەوە ڕۆیشتمە ڕیزێك لە ڕیزەکانی نوێژەوە، و دوای تەواو بوونی نوێژ کەس هیچ سەرزەنشتێکی نەکردم .

پێشەوا بوخاری کاتێك کە ئەم فەرموودەیە لە (**صحيح**) ەکەیدا دەهێنێتەوە دەڵێت: (باب: سترة الإمام سترة من خلفه)، واتە: بابەتی ئەوەی کە سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە دوایدا نوێژ دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پێشەوا بەڕێزە بۆچوونی ئەوە بووە کە سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ نوێژکەران بە دوایدا.

وە (**النووي**) فەرموویەتی:"وفي هذا الحديث ...وأن سترة الأمام سترة لمن خلفه"(٥٨).

واتە: وە لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ....، وە ئەوەش کە

---

(٥٧) صحيح البخاري (باب سترة الإمام سترة من خلفه) رقم: (٤٧١) وصحيح مسلم رقم: (٥٠٤) و (٥٠٥) .

(٥٨) شرح صحيح مسلم: (٤ / ٢٢٢) .

سوترەی پێش نوێژ سوترەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە دوایدا نوێژ دەکەن .

وە پرسیار کرا لە ( **دەستەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستی یەکان و فەتوا** ): " هل إذا كانت الصفوف خلف الإمام أيمشى بين الصفوف وهل يكون ذلك المشي قطعا للصلاة أم لا ؟ " .

ئەوانیش لە وەڵامدا فەرموویان: " تێپەڕبوون بە نێوان ڕیزەکانی نوێژدا، نابێتە هۆی بڕینی نوێژ، بەڵام پێویستە لە کاتی زەرووڕەت نەبێت وازی لێ بهێنرێت، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە (**ابن عباس**) دەیگێڕێتەوە، و تیایدا دەفەرموێت: "أقبلت راكباً على أتان وأنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام، ورسول الله ﷺ يصلي بالناس بمنى، فمررت بين يدي بعض الصف فنزلت فأرسلت الأتان ترتع، ودخلت في الصف فلم ينكر ذلك أحد " وە لە بەر ئەوەی کە ئەو کارە سەقاڵی نوێژکەران دەکات ... "[٥٩].

**ئەگەر پێش نوێژ سەلامی دایەوە لە نوێژەکەی ئایا ئەو کەسە چی دەکات کە نەگەیشتۆتە بڕێك لە نوێژەکەی، و سوترەیشی نەماوە؟**

ئاشکرایە دوای سەلام دانەوەی پێش نوێژ، ئەو کەسەی کە نەگەیشتۆتە بڕێك لە نوێژەکەی لە گەڵ پێش نوێژدا، ئەوا لە حوکمی مەئمومی دەبڕێت، واتە وەکو کەسێك حیسابی بۆ دەکرێت کە نوێژ بە تەنها بکات، ئا لەو کاتەدا هەوڵی ئەوەدەدات سوترەیەك بۆ خۆی دیاری بکات، بە ڕۆیشتنە پێش بێت، یان پاش، وە یان بە ڕۆیشتنە ئەم لاو ئەولا بێت .

پێشەوا ( **مالك** ) فەرموویەتی: " ولا بأس أن ينحاز الذي يقضي الصلاة، بعد سلام الإمام إلى ما قرب منه، من الأساطين بين يديه، وعن يمينه وعن يساره، وإلى خلفه، يقهقر قليلا، يستتر بها إذا كان ذلك قريبا، وإن بعد أقام، ودرأ المار جهده "[٦٠] .

واتە: هیچی تێدا نییە ئەو کەسەی کە هەندێك لە نوێژەکەی ماوەتەوە دوای سەلام دانەوەی پێش نوێژ خۆی نزیك کاتەوە لەو شتەی کە نزیکێتی، وەك کۆڵەکەکانی مزگەوت، یان لە لای ڕاست و چەپ یەتی، یان هەندێك بڕواتە دواوە، و بیانکات بە سوترە ئەگەر نزیك بوون لێ یەوە، بەڵام ئەگەر دور بوو، ئەوا لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، و بە پێی توانای ڕێگر دەبێت لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە پێشیدا تێپەڕ ببن .

وە پێشەوا (**ابن الرشد**) فەرموویەتی: " إذا قام لقضاء ما فاته من

(٥٩) موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين الفتوى رقم: (٤٣٦٠).

( ٦٠) شرح الزرقاني على مختصر خليل: (١: ٢٠٨)، نقلا عن "القول المبين في أخطاء المصلين" ص: (٨٧ ) .

صلاته: فإن كانت بقربه سارية، سار إليها، وكانت سترة له في بقية صلاته، وإن لم تكن بقربه سارية، صلى كما هو، ودرأ من يمر بين يديه ما استطاع، ومن مر بين يديه فهو آثم ... "[٦١].

واته: ئەگەر ئەو کەسەی کە نەگەیشتۆتە بڕێك لە نوێژەکەی لەگەڵ پێش نوێژدا هەستایەوە بۆ تەواوکردنی ئەوەی کەماوەتەوە، و پێی نەگەیشتووە لە نوێژەکەی، ئەگەر کۆڵەکەیەك لە نزیکی یەوە بوو، ئەوا دەڕواتە لای کۆڵەکەکەوە و دەیکات بە سوترە لەو بەشەی کە ماوە لە نوێژەکەی، بەڵام ئەگەر کۆڵەکەکە لە نزیکی نەبوو، ئەوا هەروەکو خۆی لەو جێگەیەی نوێژەکەی دەکات و تا دەتوانێت ڕێگر دەبێت لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە پێشیدا تێپەڕ بن، وە کەسێکیش کە بە پێشیدا تێپەڕ ببێت تاوانبار دەبێت .

## پاشکۆی فەرموودە ( ضعیف ) ەکان کە سەبارەت بە سوترە هاتوون :

١ - عن ابن عباس قال: قال رسول الله ﷺ: " إذا صلى أحدكم إلى غير سترة فإنه يقطع صلاته الكلب، والحمار، والخنزير، واليهودي، والمجوسي، والمرأة، ويجزئ عنه إذا مروا بين يديه على قذفة بحجر "[٦٢].

٢ - عن الفضل بن عباس قال: " أتانا رسول الله ﷺ، ونحن في بادية لنا، ومعه عباس، فصلى في صحراء، ليس بين يديه سترة، وحمارة لنا وكلبة تعبثان بين يديه، فما بالى ذلك "[٦٣].

٣ - عن كثير بن كثير عن بعض أهلي عن جده أنه رأى النبي ﷺ مما يلي باب بني سهم والناس يمرون بين يديه وليس بينهما سترة، قال سفيان: ليس بينه وبين الكعبة سترة "[٦٤].

٤ - عن أبي هريرة قال: قال رسول الله ﷺ: " إذا صلى أحدكم، فليجعل تلقاء وجهه شيئا، فلينصب عصا، فإن لم يكن معه عصا، فليخط خطا، ثم من مر أمامه"[٦٥].

٥ - " لا تقطع الصلاة شيء "[٦٦].

٦ - عن ابن عباس " أن النبي ﷺ: صلى في فضاء، وليس بين يديه شيء "[٦٧].

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

( ٦١) فتاوى ابن الرشد: (٢ / ٩٠٤)، نقلا عن "القول المبين في أخطاء المصلين" ص: (٨٧) .

(٦٢) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٧٠٤) .

(٦٣) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٧١٨) .

(٦٤) ضعيف سنن أبي داود رقم: (٢٠١٦) .

( ٦٥) ضعيف سنن ابن ماجه رقم: (٩٤٣) .

(٦٦) حديث ضعيف انظر: " تمام المنة " ص: (٣٠٦ ).

(٦٧) سلسلة الأحاديث الضعيفة رقم: (٥٨١٤) .

# ترسناكى زمان له‌ سه‌ر دواڕۆژى ئينسان

## ( زنجيره‌ى دووه‌م )

ئاماده‌كردنى: م/ محسن محمود سلمان
إمام و خه‌طيبى مزگه‌وتى
صلاح الدين له‌ زه‌ڕايه‌ن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسـلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـين وبعد:

له‌ زنجيره‌ى يه‌كه‌مدا به‌ ووردى باسى يه‌كه‌مين خراپه‌ى زمانمان كرد له‌ ژێر ناونيشانى: (جنێودان) له‌ زنجيره‌ى دووه‌مى خراپييه‌كانى زمان دێينه‌ سه‌ر باسى:

٢- **( نه‌فره‌ت كردن )**[1]:

٣- **كافر كردنى خه‌ڵكى:**

زۆرجار ده‌بيستين له‌ناو خه‌ڵكيدا وشه‌ى( كوفر وفيسق وزوڵم) به‌كارده‌هێنرێت به‌رامبه‌ر هه‌ركه‌سێك، بێ ئاگا له‌وه‌ى كه‌ ئه‌م جۆره‌ حوكمانه‌ تايبه‌تن به‌ خواى گه‌وره‌و پێغه‌مبه‌ره‌وه‌(ﷺ)، وه‌ هيچ كه‌سێك خاوه‌نى بڕياردانى نيه‌ ته‌نها ده‌بێت بگێڕدرێته‌وه‌ بۆلاى قورئان وفه‌رمووده‌ صه‌حيحه‌كانى پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)، وه‌نابێت هيچ كه‌سێك به‌كافرو فاسق دابنرێت مه‌گه‌ر به‌پێى به‌ڵگه‌ى شه‌رعى نه‌بێت چونكه‌ هه‌ر كه‌سێك كه‌ شايه‌تمانى هێنا به‌ گوێره‌ى ظـاهيرى شه‌رع به‌ موسڵمان داده‌نرێت مه‌گه‌ر له‌سه‌ر ڕێگه‌ى ڕاست لايدابێت وكرده‌وه‌يه‌ك ئه‌نجام بدات كه‌ ببێته‌ مايه‌ى هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ى ئيمانه‌كه‌ى، به‌كورتى پێش ئه‌وه‌ى به‌ كه‌سێك بوترێت كافر يان فاسق پێويسته‌ ره‌چاوى ئه‌م دوو خاڵه‌ بكرێت:

يه‌كه‌م: ده‌قه‌كانى قورئان وسوننه‌ت به‌ڵگه‌ بن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ى كه‌ ئه‌م ووشه‌يه‌ يان ئه‌م كرده‌وه‌يه‌ كوفره‌، واته‌: به‌پێى ده‌قى قورئان وسوننه‌ت به‌ خه‌ڵكى ده‌وترێت كافر نه‌ك به‌ هه‌واو ئاره‌زوو.

---

١- ته‌ماشاى لاپه‌ڕه‌(٧٦) ئه‌م ژماره‌يه‌ بكه‌، له‌وێدا به‌ درێژى باسى نه‌فره‌ت كردن كراوه‌.

دووەم: دابڕینی ئەم حوكمە بەسەر كەسێكی دیاری كراودا پێویستە كافربوون، یان فاسق بوونی تێدا بێت، وەهیچ بەربەست وبیانویەكی نەبێت، كەواتە: ناوهێنانی خەڵك بەكافر یان فاسق بەبێ بەڵگەیەكی ئاشكرا لە قورئان وسوننەت هەروەك بە تاوانێكی گەورە دادەنرێت هەڕەشەیەكی توند وتیژیشە لەسەر بێژەرەكەی، وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

﴿إذا قال الرجل لأخيه يا كافر فقد باء بها أحدهما، فإن كان كما قال وإلا رجعت عليه﴾[٢].

واتە: ئەگەر مرۆڤ بە براكەی (موسڵمانێك) بڵێت : كافر ئەوا بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەكێكیان، ئەگەر كەسەكە شایەنی بوو دادەبڕێت بەسەریدا، خۆ ئەگەر شایانی نەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەر بێژەرەكەی.

هەروەها لەفەرموودەیەكی تردا دەفەرمێت: ﴿من دعا رجلا بالكفر أو قال عدو الله وليس كذلك إلا حار عليه﴾[٣].

واتە: هەركەسێك بە پیاوێك بڵێت بێباوەڕ یان دوژمنی خوا وە وانەبێت ئەوا بێ گومان ئەو حوكمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆی.

بەپێی فەرموودەكان حوكمی كافركردن وبەدۆزەخی دانانی كەسێك، یان شایەتی دان وبەبەهەشتی دانانی كەسێك تەنها شایانی خوای كاربەدەست وكاربەجێیە.

كەواتە: بەكارهێنانی ووشەی: (كافر، فاسق، فاجر، بێدین، زاڵم، دوژمنی خوا....) بەلای ئێمەوە ئەگەر ئاسایی بێت بەڵام لای خوای گەورە زۆر گران وسەختە خۆ ئەگەر وا نەبێت بێژەرەكەی پێوە دەبێت ومەحكوم دەبێت.

**٤- درۆ كردن:**

یەكێكی تر لەو ڕەفتارە ناشیرینانەی كە مرۆڤ دوچاری سزای دوا ڕۆژ دەكات درۆ كردنە، درۆكردن دەكرێت بە دوو بەشی سەرەكیەوە:

یەكەم: درۆی حەرام كراو:

أ- درۆكردن بەناوی خواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەم بەشەیان خراپترین جۆری درۆیە: ﴿ومن أظلم ممن افترى على الله الكذب﴾ [الصف: ٧].

واتە: كێ لەو كەسە ستەمكارترە كە درۆ هەڵبەستێت بەناوی خوای گەورەوە، هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) هەڕەشە دەكات لەو كەسانەی كە درۆی بەدەمەوە دەكەن

---

٢- (صحيح الترغيب والترهيب، رقم: ٢٧٧٢).

٣- (صحيح الجامع الصغير، رقم: ٥٤٣١).

وەك دەفەرمێت: ﴿من كذب علي متعمدا فليتبؤ مقعده من النار﴾[٤].

واتە: هەركەسێك بە ئەنقەست درۆم بەدەمەوە بكات ئەوا با جێگەی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دیاری بكات.

بەهەمان شێوە بە هەڵە راڤەكردنی قورئان ولێكدانەوەی سوننەت بە ئەنقەست بۆ شەرعاندنی ئەو بۆچونانەی كە پێچەوانەی شەرعە و وا نیشان بدات كە ئەمە چەمكی ئیسلامە، بەدرۆ كردن دادەنرێت بەناوی خواو پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

تێبینی: درۆ كردن بەرامبەر خواو پێغەمبەر(ﷺ) وەكو فێڵ وفریودان بۆ خودی خۆی یان چەواشەكردنی موسڵمانانی دەوروبەری سیفەتی مونافیقە ئیتر بە گفتوگۆ رایبگەیەنێت یان بە هەڵسوكەوت ورواڵەت وانیشان بدات كە ئەهلی تەقواو تاعەتە بەڵام لە راستیدا ئەهلی كوفرو نیفاقە.

ب- درۆكردن لەگەڵ خەڵكیدا:

هەندێك كەس لەكاتی قسەكردندا لەسەر هەر باسێكی ئاسایی، یان گێڕانەوەی هەر رووداوێكی رابردوو دەیبینیت خۆی دەكات بە دەم راست وپاڵەوانی هەموو بەسەرهاتێك، یاخود بۆ جوانكردنی كەسایەتی خۆی چەندەها درۆی رازاوە رێك دەخات ولەكاتی وتندا زمانی بەرەلا دەكات.

بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿آية المنافق ثلاث: إذا حدث كـذب، وإذا وعد أخلف، وإذا اتمن خان، وإن صام وصلى وزعم أنه مسلم﴾[٥].

واتە: نیشانەی مرۆڤی دوو روو سێ شتە: ئەگەر قسەی كرد درۆ دەكات، وەئەگەر پەیمانیدا نایباتە سەر، وەئەگەر ئەمانەتی پێ سپێردرا خیانەتی لێ دەكات، با نوێژ بكات ورۆژوو بگرێت و خۆی بە موسڵمان بزانێت.

ئەو بابەتانەی كەبە زۆری درۆی تێدا دەكرێت:

بەگشتی درۆكردن حەرامە ویاساغە لەگەڵ خەڵك ودەوروبەردا بەتایبەت لەم باسانەدا وەكو:

١- گێڕانەوەی خەو بە درۆ: لە روانگەی ئەو فەرموودانەی كە بە چاوێكی رێزەوە دەڕواننە خەوی باش زۆر كەس خەوی هەڵبەستراو دەگێڕنەوە بە نیازی ئەوەی پیرۆزی خۆی دەربخات وسەرەنجی خەڵك بۆ لای خۆی رابكێشێت، یان هەندێكی تر بۆ لەزەتی دەرونی خۆیان خەو پێكەوە دەنێن، واتە: خەوی درۆینە دەكاتە دەمەتەقێی

---

٤- (صحيح الجامع الصغير، رقم: ٢١٤٢).

٥- (صحيح الجامع الصغير، رقم: ١٦).

ڕۆژانەی خۆی، ئەمەیش پێغەمبەر(ﷺ) هەڕەشەی لێ كردووە وفەرموویەتی:

﴿من تحلم بحلم لم يره كلف أن يعقد بين شعيرتين ولن يفعل﴾(٦).

واتە: هەركەسێك بەدرۆ خەوێك بگێڕێتەوە كە نەیدیبێت ئەوا لە ڕۆژی دواییدا بە زۆر دەبێت دوو دەنكە جۆ پێكەوە گرێ بدات وناتوانێت ومەحاڵە، بەڵام بەم شێوەیە سزادەدرێت وپێی دەوترێت پێویستە گرێیان بدەیت.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿من أفرى الفرى أن يرى الرجل عينيه ما لم تريا﴾(٧).

واتە: خراپترین درۆ ئەوەیە كە پیاو بڵێت لە خەومدا ئەوەم بینیوە لەهەمان كاتیشدا نەیبینیبێت.

٢- شایەتی دانی درۆ: بریتیە لەوەی كە مرۆڤ شایەتی بدات بە پێچەوانەی ئەو زانیاریەی كە لەلایەتی، یاخود بەبێ هیچ زانیاریەك.

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی:

﴿فَاجتَنِبوا الرجس مِن الْأَوثَانِ واجتَنِبوا قَولَ الزورِ﴾ [الحج: ٣٠].

واتە: خۆتان دوربخەنەوە لە هەموو پیسیەك بەتایبەتی بت پەرستی، هەروەها خۆتان دور بگرن لە قسەو شایەتی دانی درۆ.

بەم شێوەیە شایەتی دانی درۆ یەكێكە لە گوناهە گەورەكان، وەكو پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

﴿ألا أنبئكم بأكبر الكبائر، قلنا: بلى يارسول الله، قال: الإشراك بالله، وعقوق الوالدين، وكان متكئا فجلس فقال: ألا وقول الزور وشهادة الزور ألا وقول الزور وشهادة الزور﴾فما زال يكررها حتى قلنا ليته سكت(٨).

واتە: ئایا ئاگادارتان بكەمەوە لە تاوانە زۆر گەورەكان؟ ئێمەیش وتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: هاوبەش پەیداكردن بۆ خوای گەورە، وئازاردانی دایك وباوك، لەم كاتەدا پاڵ كەوتبوو، هەستایە سەر چوار مشقی وفەرمووی: وریا بن لە قسەی درۆ وشایەتی دانی درۆ، وریا بن لە قسەی درۆ وشایەتی دانی درۆ، بەردەوام ئەم قسەیەی چەند بارە دەكردەوە تا وتمان خۆزگە ئەوەندە خۆی ماندوو نەكردایە وبێ دەنگ بوایە.

بەرهەڵستی كردنی پێغەمبەر(ﷺ) لەشایەتی دانی درۆ لەبەر ئەوەیە كە زۆر جار خەڵك بە ئاسانی دادەنێن وخۆیانی لێ ناپارێزن ودەبنە مایەی بە فیڕۆدانی ماڵ

---

٦- (صحيح الترغيب والترهيب، رقم: ٢٧٣٢).

٧- ( مشكاة المصابيح، رقم: ٤٦٢٦).

٨- (صحيح الترغيب والترهيب، رقم: ٢٥٠٨).

وگیـــان وســـامانی خـــەڵکی بێتـــاوان، هـــەروەها حـــەڵاڵی پـــێ حـــەرام دەکـــەن و بەپێچەوانەوە بەناحەق، لەبەر ئـەوە هـیچ گوناهێك لەپاش هاوبەش دانان بـۆ خـوای گـەورە نابێتـە مایـەی زیـان وزەرەر بـۆ خەڵکی بە ئەندازەی شایەتی دانی درۆ.

٣- سـوێندی ناحـەق: هەنـدێك کـەس لـەکاتی فرۆشـتنی شـت ومـەکێك یـان بـۆ دابین کردنی کەمێك لە سامانی خەڵك پەنا دەباتە بەر سوێندی ناحەق، بەم کارەیـان خۆیـان دوچـاری سـزای دۆزەخ دەکـەن، وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿من اقتطع حق امريء مسلم بيمينه فقد وجب له النار، وحرم عليه الجنة، فقال لـه رجل وإن كان شيئا يسيرا يا رسـول الله؟ قال: وإن قضيبا من آراك﴾[٩].

واتە: هەرکەسێك سـامانی موسـڵمانێك (یان هـەر کەسـێك) دابڕێت بـۆ خـۆی بـە سـوێندی ناحـەق، ئـەوا سـزای ئـاگری بـۆ واجـب دەبێـت وبەهەشـتی لێ قەدەغـە دەکرێت، پیاوێك ووتـی ئـەی پێغەمبـەری خوا (ﷺ) ئەگەر شـتێکی کـەمیش بێـت؟ فـەرمووی: ئەگـەر چـڵی داری سـیواکیش بێت.

لێرەدا سیفەتەکە لەبەر چاو دەگیرێت (دابڕینـی ماڵەکـە) نـەك بـڕ وئەنـدازەی ماڵەکـە، بۆیـە هەرکەسـێك ئـەم کـارەی لێوەشایەوە باشترین شوێن وجێگەی ئـەو ئاگری دۆزەخە.

هەر لە میانەی سوێندی ناحەق زۆرجار سوێندەکان بـۆ رەواج پێـدانی شـتومەکی فرۆشـتن دەوترێـت، پێغەمبـەر(ﷺ) لـەم بارەیەوە فەرموویەتی:

﴿ثلاثةٌ لايكلمهم اللهُ يوم القيامةِ ولا ينظُر إليهم ولا يزكيهم ولُهم عذاب أليم، قال أبو ذر: خابوا وخسروا من هم يا رسـول الله؟ قال: المُسبِلُ، والمَنانُ، والمُنفِق سِلْعته ـبالحلفِ الكاذِب﴾[١٠].

واتە: سێ کۆمەڵ لە ڕۆژی دواییـدا خـوای گـەورە نـە قسـەیان لەگـەڵ دەکـات و نـە تەماشایان دەکات ونەپاکیان دەکاتـەوەو سزایەکی بە ئێش و ئازاریان هەیە، أبو ذر فـــەرمووی: خەســـارەت مەنـــد وزەرەر مەنـدبوون کێن ئەوانـە ئـەی پێغەمبـەری خـــوا (ﷺ)؟ فـــەرمووی: ئـــەو پیـــاوەی شـــەرواڵەکەی شـۆڕ کردۆتـەوە بـۆ خـوار گوێزینگی(قولەپێی)، وەمنەت کەر، وئەو کەسەی کە شتومەکەکەی دەفرۆشێت بـە سوێن خواردنی درۆ.

کەواتە: درۆ بەشێوەیەکی رەهـا حەرامـەو تاوانێکە زۆر گەورەیە وبە هیچ شـێوەیەك نابێـــت موســـڵمان نزیکـــی ئاکارەکـــانی بکەوێتـەوە، لەوانەیـە شـەیتان زاڵ بێـت

٩- (صحيح سنن النسائي، رقم: ٥٤١٩).

١٠- ( صححه الشيخ الألباني في: إرواء الغليـل، رقـم: ٩٠٠).

بەسەریدا وتوشی تاوان وسەرپێچی بكات، بەڵام نابێت موسڵمان سیفەتی درۆكردن ودرۆزنی تێدا دەركەوێت، خۆ ئەگەر لەهەریەكێكدا دەركەوت ئەوا دەكەوێتە ژێر ئەم حوكمەی پێغەمبەرەوە(ﷺ) كە فەرموویەتی:

﴿إن الكذب يهدي إلى الفجور، وإن الفجور يهدي إلى النار، ولايزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عندالله كذابا﴾(١١).

واتە: بێ گومان درۆ مرۆڤ دەبات بەرەو خراپەكاری، وەخراپەركاریش دەیباتە ناو ئاگر، پیاوی وا هەیە ئەوەندە درۆ دەكات وبەشوێن درۆدا دەگەڕێت تا لای خوای گەورە ناونوس دەكرێت بە درۆزن.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) بەخەو حاڵی درۆزنەكانی نیشان درا(كەخەوی پێغەمبەران-عليهم الصلاة والسلام- سروشە) كەتاقمێكی بینی بە قولاپی ئاسنین دەمیان هەڵدەدڕا لای ڕاستیان تا پێشی سەریان، پاشان لای چەپیان تا پشتی سەریان، لای یەكەمی تەواو دەكرد لای دووەمی چاك دەبووەوە، واتە: بەبەردەوامی ئەم سزایە دەدران منیش پرسیم: (سبحان الله) ئەمانە كێن؟!

لەوەڵامدا وتیان: ئەوە سزای كەسانێكە كەبەیانی لەماڵ دەردەچێت دەست دەكات بەدرۆكردن بەشێوەیەك درۆكانی هەموو شار دەیبیستێت.

دووەم: درۆی ڕێگە پێدراو:

هەروەك لە پێشەوە باسی خراپی درۆكردنمان كرد و ووتمان یەكێكە لە گوناهە زۆر گەورەكان ونابێت مرۆڤی موسڵمان نزیكی بكەوێتەوە مەگەر لە چەند حاڵەتێكی ناوازەدا نەبێت كە بەرژەوەندییەكی شەرعی تێدا بێت وببێتە مایەی لادانی ستەمێك لەكەسێك، یاخود پاراستنی لە كوشتن، یاخود بۆ پارێزگاری سامانێك لە تاڵان كردن، ئەو حاڵەتانەیش بریتین لە:

١- درۆكردن بۆ ئاشتی خوازی وناوبژیوانی دوولایەن یان دووكەسی ناكۆك ونەیار، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت:

﴿ليس الكذاب الذي يصلح بين الناس فينمي خيرا أو يقول خيرا﴾(١٢).

واتە: ئەو كەسە بەدرۆزن دانانرێت كە قسەی چاك بكات وقسەی باشیان بگوازێتەوە بۆ ئەوەی ئاشتی وتەبایی بخاتە نێوان خەڵك.

٢- درۆ كردن بۆ هونەری جەنگ ولێتێكدانی دوژمنی ئیسلام، وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

﴿الحرب خدعة﴾(١٣).

---

١١-(صحيح الجامع الصغير، رقم: ٤٠٧١).

١٢- (مشكاة المصابيح، رقم: ٥٠٣١).

١٣-(صحيح الجامع الصغير، رقم: ٣١٧٦).

واتە: شەڕ بە فێڵ دەکرێت، مەبەست لە شەڕی حەق وناحەقە نەك شەڕی هۆز ورەگەز.

٣- درۆ کردن بۆ نەهێشتنی ئاژاوەی خێزانی، وەکو دڵنەوایی کردنی هاوسەر ودەربڕینی خۆشەویستی و وەفاداری لەبەرامبەریدا، وە بەپێچەوانەیشەوە ئافرەتان دەتوانن مێردەکانیان بە زمانێکی شیرین بلاوێنن وسۆز وریز بۆ یەکتر ببەخشن أم کلثوم دەفەرمێت:

(ولم أسمعه تعني النبي (ﷺ) يرخص في شيء مما يقول الناس كذب إلا في ثلاث: الحرب، والإصلاح بين الناس، وحديث الرجل امرأته وحديث المرأة زوجها)[١٤].

واتە: گوێم لێ نەبووە پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگە بدات بە خەڵك لەکاتی گفتوگۆدا بەهیچ شێوەیەك درۆ بکەن جگە لەم سێ حاڵەتە:

لەکاتی جەنگدا، لەکاتی سوڵح وئاشیدا، زمان شیرینی پیاو بۆ ژنەکەی وزمان شیرینی ژن بۆ پیاوەکەی باراستیش نەبێت، وەك ئەوەی پیاو بەژنەکەی بڵێت: تۆ خۆشەویستمی یاخود دەست ڕەنگینی.........هتد

بەڵام پەیمان وبەڵێن ناگرێتەوە، ئەگەر مرۆڤ هەر پەیمانێك بدات ئەوا دەبێت جێبەجێی بکات ئەگەر نا تاوانبار دەبێت.

زانایان فەرموویانە: ئەگەر درۆ کردن بۆ ڕزگار کردنی کەسێکی بێتاوان بێت لە کوشتن یان لە سزادان یان بۆ پاراستنی سامانێك بێت لە فەوتاندن ئەو کاتە درۆکردن واجبە وپێویستە.

باشتر وایە درۆکردن بەشێوەی توانج پۆش بکرێت، واتە: قسەیەك بێت کە دوومانا هەڵگرێت، کەسی گوێگر مانا ئاشکراکەی تێبگات، تۆیش مانا نادیارەکەت مەبەست بێت.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

١٤- (مشكاة المصابيح، رقم: ٥٠٣١).

# ئاگادار کردنەوەی باوەڕداران لە کردەوەی نەفرەت لێکراوان

بەشی یەکەم

**وەرگێڕانی: دایکی ئالاء**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**مانای نەفرەت:**

نەفرەت لە زمانەوانیدا: دەرکردن ودورخستنەوەیە لەسەر شێوازی توڕەبوون.

وەلە شەرعدا دورخستنەوەو دەرچونە لە بەزەیی خوای گەورە.

راغب دەفەرمێت: سزای خوای هەیە لە رۆژی قیامەت ولە دونیایشدا دادەبڕێت لە وەرگرتنی بەزەیی و سەرکەوتن.

(إبن أثير) دەفەرمێت: نەفرەت لە بنچینەدا دەرچون ودورکەوتنەوەیە لە خودا، وە لە خەڵکیشەوە جوێن ودوعا کردنە.

**گرنگی ئەم بابەتە:**

لەم رونکردنەوە زاراوەییەدا گرنگی ئەم بابەتە و ترسناکی ئەو کردارانەی کە نەفرەت پێویست دەکەن دەردەکەوێت، نەفرەت لێکراو دوورە لە خودا و لە چاکەو خێر و بەزەیی خوا، ونزیکە لە توڕە بوون و سزای خوا.

**وریا بن ئەی نەفرەت کەران:**

نەفرەت زۆر بووە لەسەر زمانی زۆرێك لە خەڵکی، بە ئارەزوی خۆیان نەفرەت دەکەن لە کەسێك کە بیانەوێت بە بێ هۆکار وپێویست کردنی نەفرەت لەسەری. وە پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لە نەفرەت کردن و ناشیرینی ودەفەرمێت: (لعن المؤمن كقتله)[1].

واتە: نەفرەت کردن لە باوەڕدارێك وەکو کوشتنی وایە.

وەدەفەرمێت: (إن من أكبر الكبائر أن يلعن الرجل والديه، قيل: يارسول الله وكيف يلعن الرجل والديه؟ قال: يسب أبا الرجل فيسب أباه، ويسب أمه فيسب أمه)[2].

واتە: گەورەترین تاوان ئەوەیە کە پیاو نەفرەت لە دایك وباوکی خۆی بکات، پێیان فەرموو: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چۆن پیاو نەفرەت لە دایك وباوکی دەکات؟ فەرمووی: جوێن بە باوکی کەسێك دەدات ئەویش جوێن بە باوکی دەدات، وە جوێن

---

١- (صحيح الجامع الصغير: ٧١٠).

٢- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٥١٤/٢).

بە دایکی دەدات ئەویش جوێن بە دایکی ئەو دەدات.

وە دەفەرمێت: (لا ينبغي لصديق أن يكون لعانا)[٣].

واتە: نابێت ڕاستگۆ نەفرەت کەر بێت.

وە دەفەرمێت: (لا يكون اللعانون شفعاء ولاشهداء يوم القيامة)[٤].

واتە: نەفرەت کەران لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شەفاعەت وشایەتی‌یەکیان لێ وەرناگیرێت.

وە لە جرموز الجهني یەوە(رضي الله عنه) فەرمووی: ووتم : ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاریم بکە؟ فەرمووی:

(أوصيك ألا تكون لعانا)[٥] .

واتە: ئامۆژگاریت دەکەم کە نەفرەت کەر نەبێت.

وەدەفەرمێت: (إن العبد إذا لعن شيئا صعدت اللعنة الى السماء فتغلق أبواب السماء دونها، ثم تهبط الى الارض فتغلق أبوابها دونها، ثم تأخذ يمينا وشمالا فإذا لم تجد مساغا رجعت الى الذي لُعِن فإن كان أهلا لذلك وإلا رجعت الى قائلها)[٦].

واتە: هەر کاتێك ئادەمیزاد نەفرەت بکات لە شتێك ئەوا ئەو نەفرەتە بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان وهەموو دەرگاکانی ئاسمانی لێ دادەخرێت، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی وهەموو دەرگاکانی زەویشی لی دادەخرێت، پاشان بەلای ڕاست وچەپدا دێت ودەڕوات، ئەگەر شوێن وڕێگەیەکی نەبوو تێیدا جێگیر بێت ئەو کاتە دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەت لێکراوەکە ئەگەر شایانی نەفرەتەکە بێت، خۆ ئەگەر شیاوی نەبوو ئەوا لە ئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەت کەرەکە.

وە بزانە کە پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت قەدەغەی نەفرەت کردنی کردووە لە ئاژەڵیش، عیمرانی کوڕی حوصەین(رضي الله عنه)دەفەرمێت: جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) لەسەفەرێکدا بوو ئافرەتێکی ئەنصاری کە بێ تاقەت وناڕەحەت بوو بەسەر وشترەکەیەوە نەفرەتی لە وشترەکەی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لێ بوودەست بەجێ فەرمووی:

(خذوا ماعليها ودعوها فإنها ملعونة)[٧].

---

٣- (صحيح الجامع الصغير: ٧٧٩٥).

٤- (صحيح الجامع الصغير: ٧٧٧٣).

٥-(صحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٢).

٦-(صحيح الجامع الصغير: ١٦٧٢).

٧- (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٩٤/٣).

واتــه: هەرچـی لەسـەرە لـە کەلوپـەل وکەرەستە دای بگرن وبەرەڵای بکـەن بـا بڕوات چونکە نەفرەتی لێ کراوە.

**هەنـدێک لـە حوکمـەکانی نـەفرەت کـردن:**

هەندێك حوکم هەیە تایبەتە بە نەفرەت کردن لێرەدا کورتیان دەکەینەوە:

یەکـەم: هـیچ خـیلاف وجیـاوازیـیـەك نیـیە لەنێوان زانایانـدا لەسـەر دروسـتێتی نەفرەت کردن لـە کـافران بـە شـێوەیەکی گشتی، بـەڵام جیـاوازییـان هەیـە لەسـەر کافرێکی دەسـت نیشـان کـراو، (إبن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا دەفـەرمێت: (جیـاوازی لەنێوان زانایاندا نیـیە لەسـەر دروسـتێتی نەفرەت کردن لە کافران، ئیمامی عومەری کـوڕی خـەتتاب(رضي الله عنه) وپێشـەوایانی دوای ئەویش نـەفرەتیان لـە کـافران دەکـرد لـە قنوت وجگـە لـە قنوتـدا، بـەڵام کـافرێکی ناوبراو(دەست نیشان کراو)، کۆمـەڵێك لـە زانایـان دەڵـێن: نـەفرەتیان لێ ناکرێـت، چـونکە نـازانین کۆتـایی ژیانیـان بـە چـی دێت، بەڵگەیشیان ئەم ئایەتەیە:

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنْظَرُونَ﴾ [البقرة: ١٦١-١٦٢].

واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕبوون وبـەبێ بـاوەڕی مـردوون ئەوانـە نـەفرەتی خـوای گـەورەو فریشـتەکان و هـەموو خـەڵکیان لەسـەرە، وە لـەناو ئـاگری دۆزەخـدا بـە هەمیشـەیی دەمێننـەوە، وەبـەهیچ شـێوەیەك سـزایان لەسـەر سـوك ناکرێـت ومۆڵەت نادرێن بڕوبیانوو بهێننەوە.

وەکۆمـەڵێکی تـر لـە زانایـان دەڵـێن: بەڵکو نەفرەت کردن دروستە لە کـافرێکی ناوبراو، وە (أبو بكر بن العربي المالكي) ئەم بۆچـونەی هەڵبـژاردووە، بـەڵام فەرموودەیـەکی کـردووە بەبەڵگـە کـە لاوازە، وە جگە لەم ئـەو فەرموودەیـەیان کـردووە بەبەڵگـە کـە پیـاوە سەرخۆشـەکەیان دەهێنـاو سـنوریان بەسەردا جێبەجێ دەکرد، پیاوێك ووتـی: نـەفرەتی خـوای لێ بێـت چـەند زۆر دەهێنرێت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (لا تلعنه فإنه يحب الله ورسوله)[8].

واتە: نەفرەتی لێ مەکە چونکە خـواو پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) خۆش دەوێت، کە ئەمە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە هەرکەسـێك خـواو پێغەمبـەری(صلى الله عليه وسلم) خـۆش نـەوێت نەفرەتی لێ دەکرێت).

دووەم: خـیلاف وجیـاوازی نـیـیە لـە نێـوان زانایانـدا کـە نـەفرەت کـردن لـە

---

٨- (مشكاة المصابيح: ٣٦٢٥/٢).

موسڵمان حەرامە ویەك دەنگن لەسەر ئەم شـتە، وە بەڵگـەیش زۆرە لەسـەر حـەرام بوونی کە پێشتر باسکراوە.

سێیـەم: دروسـت نـیـە موسـڵمانێکی دەست نیشان کـراوی تاوانبـار بەنـەفرەت بکرێـت، (إبن العربي) باسـی ئـەوە دەکـات کە نابێـت موسـڵمانی تاوانبـار بەنـەفرەت بکرێــــت بەرێککـــــەوتنی زانایــــان، وە بەڵگەیشــیان ئـــەو فەرموودەیەیــە کـــە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کرد کە نەفرەت لــەو پیــاوە بکرێــت کەبەســـەر خۆشــی هێنایان بۆ جێبەجێ کردنی سنوری خـوا بەســـەریدا، وە هۆیەکەیشــی گەڕانــدەوە بۆئەوەی کە خواو پێغەمبەری(ﷺ) خۆش دەوێت.

شيخ الإسـلام(إبـن تيميـة)دەفـەرمێت: (قەدەغــەی نـــەفرەت کردنــی کەســێکی دیـاری کـراوی کـردووە چـونکە نـەفرەت کردن لە بابەتی هەڕەشەکردنە، وحـوکمی گشتی دەدرێت بەسەردا، بـەڵام کەسێکی دەسـت نیشـان کـراو ئـەم هەڕەشـەیەی لەسـەر لا دەچـێت لەبـەر تۆبـە کردنێکـی ڕاست، یان چاکەیەکی تـاوان لابـەر، یـان بەڵایــەکی پــاك کــەرەوە، یــان تکایــەکی وەرگـیراو، یــان هــەر هۆکارێـك کەسـزای تــاوانی لەســەر لابـدات ئەمــە لــە حــەقی کەسێکی تاوانباری جەخت لەسەر کراو.

چوارەم: دروستە نەفرەت کردن لە گـرۆی تاوانباران وسەرپێچی کەران بەشێوەیەکی گشـتی، ئەمـەیش خیلافـی تێـدا نـیـە، چونکە خوای گەورە نەفرەتی کردووە لـە ســتەمکاران وخراپــەکاران ودرۆزنــان، وە پێغەمبـەر (ﷺ) نـەفرەتی لـە کۆمـەڵێکی زۆر لەتاوان باران کـردووە، وە سـوخۆران وئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچـوێنن بـە پیاوان وبەپێچەوانەوە، وەبـەرتیل خـۆران و هاندەرانی زۆرێکی تر لەتاوان.

(إبن العربي) فەرموویـەتی: نـەفرەت کـردن لـــە تاوانبـــــار بــــەڕەهایی دروســــتە بەیەکدەنگی زانایان، چونکە لە پێغەمبـەر (ﷺ) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی:(لعن الله السارق يسرق البيضة فتقطع يده)[٩].

واتە: خوای گـەورە نـەفرەتی کـردووە لـە دزێـك کـە هێلکەیـەك دەدزێـت ودەسـتی لەسەری دەبڕدرێت.

**خورەوشــتی پێغەمبــەر (ﷺ)وهــاوەڵانی (ﭬ):**

هەرچـەندە کۆمـەڵێك هـەن کـە نـەفرەت لێکردنیــــان دروســــتە وەکــــو کــــافران وخراپـەکاران بەشـێوەیەکی گشـتی بـەبێ دیـاری کردنـی کەسێکی دەسـت نیشـان کـراو لێیــان، بــەڵام پێویســتە لەســـەر موسڵمان زمانی ڕانەهێنێت لەسـەر جـوێن

---

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٧).

ونـەفرەت كـردن، وەدروسـتێتی نـەفرەت كـردن لەمانـە نەكاتـە هۆكارێـك بـۆ زمـان بـەرەڵاكردنی بـە جـوێن ونـەفرەت كـردن بـەبێ سـود، لـە أبـی هريـرەوە(رضي الله عنه) فەرموويـەتی: بـە پێغەمبـەريان (صلى الله عليه وسلم) فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوعـا بكـە لـە هاوبـەش بڕيـاردەران، ئـەويش فەرمووی:

(إني لم أبعث لعانا، وإنما بعثت رحمة)[١٠].

واتە: مـن نـەنێردراوم بـۆ نـەفرەت بـەڵكو نێردراوم بە رەحمەت.

وە إبن عومەر(رضي الله عنه) گوێی لـە پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) بـووە كەسـەری لـە ركـوع بـەرز كردۆتەوە لـەپاش وتنـی (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد) لە ركاتی دووەمی نوێـژی بەيانی دەيفەرموو:

(اللهم العن فلانا وفلانا)[١١].

واتە: خوايە نەفرەت لە فلانە كەس وفلانە كـەس بكـە، خـوای گـەورە ئـەم ئايەتـەی دابەزاندە خوارەوە:

﴿ليس لك مِن الأمر شيءٌ أو يتوب عليهم أو يعذبهم فإنهم ظالمونَ﴾ [آل عمران: ١٢٨].

واتـە: هـيچ شـتێك بەدەسـتی تـۆ نـيیـە، وئيش وكاری ئەوان لای خـوای گەورەيـەو چی ويست لێ بێت بەسـەرياندا دێنێـت لـە تێك شكاندن و لەناو بردن، ياخود لێخۆش بوونيان ئەگەر موسڵمان بن، يـاخود سـزا دانيان.

**بەبەزەیی بن لەگەڵ براكانتاندا:**

لـە إبـن مسـعودەوە(رضي الله عنه) فەرموويـەتی: ئەگەر براكەتان بينی تـاوانێكی كـرد ئـەوا مـەبن بەياريـدەدەری شـەيتان لەسـەری ومـەڵێن نـەفرەتی خـوات لێ بێـت، وخـوا سەرشۆڕت بكات، بـەڵكو داوای پاراسـتنی بـۆ بكـەن، چـونكە ئێمـەی هـاوەڵانی پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) بـەهيچ كەسـێك شـتێك نـاڵێين تـا نـەزانين لەسـەر چـی مـردووە، ئەگەر كۆتايی ژيانی بە كـردەوەی چاكە هات ئەوا زانيومانە كە توشی چاكەو خێـر بووە، وەئەگەر كۆتـايی ژيـانی بـە خراپـە وتـاوان هـات ئـەوا لـە كردەوەكـانی دەترساين.

وە أبــو درداء(رضي الله عنه) بـە لای پياوێكـدا تێپـەڕی توشـی تاوانێـك ببـوو خـەڵكی جوێنيـان پـێ دەدا، أبو درداء(رضي الله عنه) پـێی فەرموون: ئايا ئەگەر لەناو بيرێكدا بيبينن دەری ناهێنن؟ ووتيان: بـەڵێ، فـەرمووی: جوێن مەدەن بە براكەتان وسوپاسی ئـەو خودايـە بكـەن كـە ئێـوەی لـەو تاوانـە پاراستووە، ووتيان ئەی باشە رقمـان لێی نـەبێت؟ فـەرمووی: تـەنها رقمـان لـە

---

١٠- (مشكاة المصابيح: ٥٨١٢/٣).

١١- (صحيح سنن النسائي: ١٠٧٨).

کردەوەکەیەتی ئەگەر وازی لێ هێنا ئەوا برامانە.

بۆ ئەوەی نەبین بە یەکێك لەوانەی کە نەفرەتیان لێ کراوە دەبێت زانیاریمان هەبێت بەو ئایەت وفەرموودانەی کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردون وناوی نەفرەت لێکراوانی تێدا هاتووە، لەوانەی کە نەفرەتیان لێ کراوە:

**یەکەم: ئیبلیس:**

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿إِنْ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا إِنَاثًا وَإِنْ يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَرِيدًا لَعَنَهُ اللَّهُ﴾ [النساء: ١١٧-١١٨].

واتە: هاوبەش بڕیاردەران هیچ شتێك ناپەرستن جگە لە مێینە نەبێت( ئەو بتانەی کە دەیپەرستن ناوەکانیان مێیە وەك: اللات والعزى والمناة، یاخود فریشتە دەپەرستن و بەگومانی خۆیان دەڵێن: کچی خوان!–پەنا بە خوای گەورە–) وە جگە لە شەیتانی دورخراو لە بەزەیی خوای گەورە، نەفرەتی خوای لێ بێت.

هەروەها دەفەرمێت:

﴿قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ﴾ [ص: ٧٥-٧٨].

واتە: ئەی ئیبلیس چی قەدەغەی کردویت کە کڕنوش بۆ ئادەم بەریت لە کاتێکدا کە من بە هەردوو دەستی خۆم دروستم کردووە؟ ئایا ئێستا خۆت بەگەورە زانی یاخود بەردەوام لە خۆبەگەورە زانانی؟ نەفرەت لێکراو لە وەڵامدا ووتی: من باشترم لە ئادەم چونکە منت لە ئاگر دروست کردووە وئەوت لە قوڕ دروست کردووە، خوای گەورەیش لە ئەنجامی ئەم سەرکەشی کردنەی پێی فەرموو: دەرچۆ لەبەهەشت تۆ دەرکراوی لە هەموو خێرێك، وە لەبەزەیی من تارۆژی قیامەت.

ئیبلیس یەکەم نەفرەت لێکراوە وە سەختترین دوژمنی باوەڕدارانە لە رق و کینەو حەسودی وفێڵ و خراپیدا،پێویستە لەسەر موسڵمان خۆی بپارێزێت لە کردەوەکانی ئیبلیس کە ئەمانەن:

١– رەت کردنەوەی فەرمانی خوای گەورەو خۆ بە زل زانین.

٢– درۆ وکەللە رەقی.

٣– رق وحەسودی.

٤– فەرمان کردن بە خراپەکاری وبەدڕەوشتی.

٥– قسە هەڵبەستن بۆ خوای گەورە بە بێ زانیاری.

٦- به چاك زانينـی ناحـەقی ورازانـەوەی لەسەر شێوازی حەقدا.
٧- بانگـەواز كـردن بـۆ كـوفر و گـومڕایی وبـێ بـاوەڕی بـە نـاوە جوانـەكانی خـوای گەورە.
٨- بەربەسـت كـردن و تەمـەڵی لـە كردەوەی چاك.
٩- فـەرمان كـردن بـە ڕەزیلـی و پـەیمان دان بە هەژاری.
١٠- ناكۆكی خستنە ناو خەڵكی.
*جا موسـڵمانی بـەڕێز خـۆت بپـارێزە لـە فێڵ وكردەوەی شەیتان چونكە لـەناوتان دەبـات ودەرتـان دەكـات لـە ڕەحمـەتی خوا، وە پەنا بگـرن بـە خـوای گـەورە لـە دژایـەتی كردنیانـدا، وبـەردەوام بـە ئاگـاو وریـا بـن لێیـان، چـونكە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرمێت: (إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم)[١٢].
واتە: شەیتان دەڕوات بەناو لولەی خوێنی مرۆڤدا.

**دووەم: جولەكەو گاور:**

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿لُعِـنَ الـذِين كَفَروا مِن بَنِي إسرائيلَ علَى لِسـانِ داوود وعِيسى ابنِ مريم ذَلِكَ بِما عصوا وكَـانوا يعتدونَ كَانوا لَا يتناهونَ عن منكرٍ فَعلُـوه لَبِئْس ما كَانوا يفْعلُونَ﴾ [المائدة: ٧٨-٧٩].

واتە: كافرانی بەنی ئیسـرائیل نـەفرەتیان لێ كرا لەسـەر زمـانی داود وعیسـی(عليهما الصلاة والسلام) لە زەبور وئینجیل بەهۆی سەرپێچـی كردنیـان بـۆ فـەرمانی خـواو دەسـت درێـژی كردنیـان بـۆ سـنورەكانی خوای گەورە وبەرهەڵستی نەكردنیان لـەو خراپانەی كـە دەیـان كـرد، كـە ئەمـەیش خراپ ترین كارێك بوو كە دەیان كرد.
وەدەفەرمێت:
﴿وقَالَتِ الْيهود يد اللهِ مغلُولَةٌ غُلت أَيدِيهم ولُعِنوا بِما قَالُوا بلْ يداه مبسـوطَتانِ ينفِـق كَيف يشاءُ﴾ [المائدة: ٦٤].
واتە: جولەكە دەیـان ووت: دەسـتی خـوا بەستراوە(مەبەستیان ئەوە بوو كە خـوای گەورە ڕەزیلە)، خوای گەورەیش دوعایان لێ دەكـات ودەفـەرمێت: دەك دەسـتی خۆیـان بەسـتراوە بێـت لـە دونیـادا(دیـل بكـرێن ودەسـتیان كـۆت وزنجـیر بكرێـت) یاخود لـە قیامەتـدا سـزا بـدرێن بـە كـۆت وزنجـیر كـراوی، وە خـوای گـەورە نـەفرەتیان لێ دەكـات بـەهۆی ئـەو قسـانەیانەوە، بـەڵكو هـەردوو دەسـتی خوای گـەورە كراوەیـەو چـۆنی ویسـت لێ بێت دەبەخشێت.
وەدەفـەرمێت: ﴿فَبِما نقْضِـهِم مِيثَـاقَهم لَعناهم وجعلْنا قُلُوبهم قَاسِيةً يحرفُونَ الْكَلِم عن مواضِعِهِ﴾[ المائدة: ١٣].

---
١٢- (صحيح سنن أبي داود: ٢٤٧٠).

واتــە: بــەهۆی پــەیمان شــکاندنیانەوە نەفرەتمان لە جولەکە کرد ودڵیانمان ڕەق کرد، کە ئەوان دەست کاری تەوراتیان دەکرد ودەیان گۆڕی بەگوێرەی ئارەزوو بەرژەوەندیەکانیان.

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

(لعن الله اليهود والنصارى، إتخـذوا قبـور أنبيائهم مساجد)[١٣].

واتــە: نــەفرەتی خــوا لەســەر جولەکــەو گاورەکـــان بێـــت، کـــە گـــۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت.

وەدەفەرمێت: (إن الله لعن أوغضب علـى سبط من بني إسرائيل فمسخهم دواب يدبون في الأرض)[١٤].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کرد یاخود تورە بوو لە تیرەیەك لە بەنی ئیسرائیل وشێوەیانی گۆڕی وکردیانی بە ئاژەڵێك کە لەسەر زەوی دەڕۆن.

* جا موسڵمانی بەڕێز خۆت بپارێزە لەو کردەوانـەی کـە بۆتـە هـۆی نـەفرەت لێکردنیان، لەوانە:

١- درۆ هەڵبەستن بۆخوای گەورە.

٢- منداڵ دانە پاڵ خوای گەورە.

٣-حـەڵاڵ کردنـی ئـەوەی خـوای گـەورە حەرامی کردووە وبەپێچەوانەوە.

٤- چـواندنی خـوای گـەورە بـە دروسـت کراوەکانی.

٥- وەسـف کردنـی خـوای گـەورە بـە سیفاتی کەم وکوڕ و عەیب دار.

٦- گۆڕین ولادان ودەست کاری کردنی قسەی خوای گەورە.

٧- مرۆڤ کردن بە خوا.

٨- نکـوڵی کـردن وبەرهەڵسـتی کردنـی پێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ).

**سێیەم: کافران:**

خوای گەورە دەفـەرمێت: ﴿إن الله لعـن الكافرين وأعد لهم سعيرا﴾ [الأحزاب: ٦٤].

واتە: خـوای گـەورە نـەفرەتی لـە کـافران کردووە وئاگرێکی سوتێنەری بۆ داناون.

وەدەفەرمێت:

﴿فلما جاءهم ما عرفوا كفروا به فلعنة الله على الكافرين﴾ [البقرة: ٨٩] .

واتە: کاتێك کە پێغەمبەریان (ﷺ) بۆهات و ناسیان کە لە خۆیان نیە باوەڕیان پێ نەهێناو کوفریان پێ کرد، دەی نـەفرەتی خوا لەم کافرانە بێت.

وەدەفـەرمێت: ﴿إن الذين كفروا ومـاتوا وهم كفار أولئك عليهم لعنة الله والملائكة والناس أجمعين﴾ [البقرة: ١٦١] .

واتە: ئەو کافرانەی کە بە کافری مـردوون ئەوانە نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکیان لەسەرە.

---

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٨).

١٤- (صحيح الجامع الصغير: ٧٨٤٩).

وەدەفەرمێت:
﴿كَيف يهدِي الله قوما كفَروا بعد إيمـانهم وشهدوا أن الرسولَ حق وجاءَهم الْبينـات والله لَا يهدِي الْقَوم الظالِمِين أُولَئك جزاؤهم أن علَيهم لَعنةَ اللـهِ والْملَائِكـةِ والنـاسِ أجمعِين﴾ [آل عمران: ٨٦-٨٧] .

واتــە: چــۆن خــواری گــەورە کەســانێك هيدايــەت دەدات كــە هەڵگەڕاونەتــەوە لــە ديــن لــەپاش باوەڕهێنانيــان، وشــايەتی دانيان كە پێغەمبەر (ﷺ) حەقە، و بەڵگە روون وئاشكراكانيان بۆ هـات لـە قورئـان، وموعجيزەكـانی پێغەمبــەريان(ﷺ) بينــی وناسـيان وزانيــان وباوەڕيــان پــێ هێنــا، لەپاش هەموو ئەمانە پاش گەز بوونـەوە، وە خوای گەورە جارێكی تر ڕێنمايی ئـەم خەڵكە ستەمكارە ناكات، وە سزای ئـەم كەسە هەڵگەڕاوانـە ئەوەيـە كـە نـەفرەتی خــواو فريشــتەكان وهــەموو خــەڵكيان لەسەرە.

**چــوارەم: ئــازاردەرانی خــواو پێغەمبــەر (ﷺ):**

خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿إِن الَّذِين يؤذُونَ الله ورسولَه لَعنهم الله فِي الدنيا والْآخِرةِ وأَعد لَهم عـذَابا مهينـا﴾ [الأحزاب: ٥٧].

واتــە: ئەوانــەی كــە ئــازاری خــواو پێغەمبەرەكــەی (ﷺ) دەدەن خــوای گــەورە نــەفرەتی لێ كـردوون لـە دونيـاو قيامەتــدا، وە ســزايەكی رســواكەری بــۆ ئامادەكردوون.

وە شێوازەكانی ئازاردانی خواو پێغەمبــەر (ﷺ) جۆراوجــۆرە، لەوانــە: أبــو هريــرە گێڕاوێتــــيــەوە كــە پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموويەتی:
(يقول الله عز وجل: يؤذيني ابن آدم يسـب الدهر، وأنا الدهر أقلب الليل والنهار)[15].

واتە: خوای گەورە دەفەرمێت: ئـادەميزاد ئازارم دەدات بەوەی كە جوێن دەدات بـە ڕۆژگــار، چــونكە مــن هەڵســوڕێنەری ڕۆژگارم، وشەو ورۆژ دەگۆڕم.

*لــە شــێوازەكانی ئــازاردانی خــواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەمانەن:
كوفرو هاوبەش دانان بـۆ خـوا، پەرسـتنی جگە لە خوای گەورە، بە درۆخسـتنەوەی پێغەمبــەر (ﷺ)، تانــەو تەشــەردان لــە قورئان وسوننەت وئيسلام.
والحمد لله رب العالمين.

١٥- (صحيح سنن أبي داود: ٥٢٧٤).

# بەڵگە سەلەفی یەکان
# بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیدعەچی یەکان

**بەشی یەکەم**

م/ عبدالكريم محمد قادر
ئیمام وخەطیبی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

بیروباوەڕی سەلەفی یەکان بیروباوەڕێکە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە لە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانەوە (رضي الله عنهم)، شوێن کەوتوانی سەلەفی صالح هەموو حەقێکیان تێدا کۆبۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەرنامەیان شوێن کەوتنی سوننەتە و ئاگاداری خەڵکی ئەکەن خۆیان لەبیدعە بپارێزن، بیروباوەڕیان بیروباوەڕی پێغەمبەرە ﷺ، پێشەوای سەلەفی یەکان تەنها رسول اللەیە ﷺ، چین بە چین ئەو بیروباوەڕە بلاو ئەکەنەوە لە ناو گەلەکەیاندا .

بەڵگەیش لەسەر ئەم ڕاستی یە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ:

( لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا يضرهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس)[1].

هەرکاتێك تێکدەرێك بەکاربهێنرێت بۆ تێکەڵ کردنی حەق بەبەتاڵ و شێواندنی ڕاستی یەکان، یان تێکدەرێك ڕەخنە بگرێت لەبیروباوەڕی سەلەفی یەکان ئەبینین شوێن کەوتوانی سەلەفی صاڵح پێش برکێ ئەکەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی و ئاشکراکردنی پوچەڵی یەکانی بیدعەچی یەکان بە بەڵگەی شەرعی (قورئان و سوننەت) وبەڵگە عەقڵی یەکان، ئەمەش سەرخستنی خوایە بۆ سەلەفی یەکان و پشتگیری کردنیانە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إنا لننصر رسلنا والذين آمنوا في الحياة الدنيا ويوم يقوم الأشهاد ﴾ [غافر: ٥١].

---

١- (رواه البخاري: ٣٦٤١، ٧٣١٢)، و(مسلم: ٤٩٣٢) من حديث معاوية بن أبي سفيان(رضي الله عنهما).

واتە : بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان و بڕواداران لە ژیانی ئەم دنیایەدا یارمەتی ئەدەین، وە لەڕۆژی قیامەت کە شایەتان هەڵدەستن بەشایەتی دان .
هەروەها ئەم سەرخستنە پارێزەری خوایە بۆ دینی حەق کە ئیسلامە، خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿ إنا نحن نزلْنا الذكْر وإنا له لَحافظُونَ﴾
[ الحجر: ٩] .
واتە : بەڕاستی ئێمە قورئانمان نارد و بەڕاستی ئێمە پارێزەری ئەویشین.

**بەرچ دانەوەی بیدعەچی‌یەکان لەگەورەترین بەرهەڵستی کردنی خراپەکانە**.

زۆرێك لە موسڵمانان –ولله الحمد- هەستاون بە چەسپاندنی فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە .
خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿كُنتم خير أُمة أُخرِجت للناسِ تأْمرونَ بِالْمعروف وتنهونَ عنِ الْمنكَرِ﴾
[ آل عمران: ١١٠] .
واتە: ئێوەی موسڵمان چاکترین کۆمەڵن کە لەناو خەڵکدا هاتنەدەرەوە، چونکە فەرمان بەچاکە ئەکەن و ڕێ لە ناڕەوا ئەگرن.
وەدەفەرمێت:
﴿ولْتكُن منكُم أُمةٌ يدعونَ إِلَى الْخيرِ ويأْمرونَ بِالْمعروف وينهونَ عنِ الْمنكَرِ ﴾
[ أل عمران: ١٠٤].
واتە: ئەبێ لە نێو ئێوەدا کۆمەڵێك ببن فەرمان بەچاکە بکەن وڕێ لەخراپە بگرن.
عن أبى سعيد الخدري(ﷺ)قال سمعت رسولَ اللهﷺ يقول: (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فان لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف إلايمان)[٢] .
وشەی (المنكر)لە هەردوو ئایەتەکەدا، هەروەها وشە(منكراً) لەفەرموودەکەی پێغەمبەرﷺ گشتی‌یە و هەموو خراپەیەك ئەگرێتەوە .
إمـام (ابـن تيميـة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەو خراپەیەی کەخوا وپێغەمبەرەکەیﷺ قەدەغەیان کردووە گەورەترینیان هاوبەش بۆ خودا پەیدا کردنە کەبریتی‌یە لە: پەرستن وپاڕانەوە لەغەیری خوا، وەکو (خۆر، مانگ، ئەستێرەکان یان مەلائکەیەك لەمەلائیکەکان، یان پێغەمبەرێك لەپێغەمبەرەکان–سەلامی خوایان لەسەر بێت –

---
٢- (رواه مسلم: ١٧٥).

یـان پیـاو چـاکێك لەپیاوچـاکەکان، یـان یـەکێك لەجنۆکـەکان–یـان پەیکـەری ئەمانـە، یـان گۆڕەکانیان یان هەرشتێکی تر کەبەپەرسترێت لەغەیری خوا، یان هانای بۆ ببرێت یان کڕنوشی بۆ ببرێت یان گوێڕایەڵی وملی کەچی بۆ بکرێت لە غەیری خـوا، ئەمانـەو وێنـەی ئەمانـەش هـەر هـەمووی هاوبەشـی بـۆ خـودا پـەیدا کردنـە کـە خـوا حـەرامی کـردووە لەسـەر زوبـانی هـەموو نێراوەکانی خۆی).

هەروەها لەخراپەیە هەموو ئەوکارانـەی کـە خـوا حـەرامی کـردووە، وەکـو کوشـتنی خـەڵك بـە ناحەقی، ماڵی خەڵکی بەبەتاڵ خـواردن، بـەداگیر کردنـی یـان بەسـوو یـان بـەقومار، هـەروەها هەموو کڕین و فرۆشتنێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە.

هەروەها هەموو بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی و ئازاردانی دایك وباوك ودزی کـردن لـە کێـشانەو پێوانەدا و ستەم کردن، هەروەها هەموو پەرسـتنێکی بیـدعیyانـە کەلـە شـەریعەتی ئیـسلامدا نی‌یە)[٣] .

ئاشـکرایە لای زانایـان کـە خراپـەکان پلـەیان جیـاوازە، ئـەو خراپەیـەی کـە گومانـاویی‌یـە وەکو(بیدعە) خراپەکەی گەورەترە لەو خراپەیەی کە ئارەزویی‌یە وەکو (زینـاو نێربـازی)لەگـەڵ ئەوەشدا هەردووکیان لەگوناهە گـەورەکانن، بـەڵام هەنـدێك لەموسـڵمانان کاتێـك زانیـاری بـوو بەخراپەیـەکی ئـارەزوی دەرونـی داوای کردنـی ئـەکات تـا پـێی ئـەگات و زۆر مانـدو ئـەبێت تادەستی ئەکەوێت، بەڵام کاتێك زانیاری بوو بەخراپەیەکی (گوماناوی) لەبیدعە ئەو هەوڵدانەی بۆ ناکات بەڵکو ڕاستەوخۆ سەری بۆ ڕائەوەشێنێ یان ئەڵێت: (إنا لله و إنا إليه راجعون) ئەمەش کارێکی هەڵەیە و پێچەوانەی بەڵگـە شـەرعی‌یەکانـە وپێـچەوانەی بەرنامـەی سـەلەفی صـاڵحە، لەبـەر ئـەوەی بەرنامـەی سـەلەفی صـاڵح کـە باشـترین خـەڵك بـوون لـەدونیادا قـسەی زۆر توندوتیژیان هەیە بەرامبەر بیدعەکان زیاتر لەتوند وتیژی یان دەربارەی گوناهەکانی ئارەزوی.

* إمـامی (البربهاري)( ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرموویـەتی: ئەگـەر پیاوێکـت بینـی لەسـەر سوننەت بوو بەڵام گوناهی ئەکرد لەغەیری بیدعە هاوەڵی بکەو لەگەڵیدا دابنیشە، لەبەر ئەوەی گوناهەکەی بۆ خۆیەتی وزیانـت پـێ ناگەیـەنێ، بـەڵام ئەگـەر پیاوێکـت بینـی زۆر هـەوڵی خـوا پەرستی ئەدات و گۆشەگیرە و خاوەنی بیدعەیە، لەگەڵیدا دامەنیـشە وگـوێ لەقـسەی مـەگرەو لەگەڵیدا مەڕۆ لەڕێگادا، لەبەرئەوەی دڵنیانیم کە ڕێگەکەی بەباش نەزانیت وشوێنی بیدعەکـەی بکەویت.

* إمام (یونسی کوڕی عبید) کوڕەکـەی خـۆی بینـی هاتـەدەرەوە لای بیدعەچـی‌یـەك، (فەرمووی: ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم لەکوێوە هاتیت؟ ووتی: لای فلاَن کەسەوە. فـەرمووی:

---

٣- رسالة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر: ص١٦-١٧).

ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم، ئەگەر بتبینم لای نێرەموکێك بێیتەدەرەوە پێم خۆشترە لای فلاَن کەسی بیدعەچی بێیتەدەرەوە. پاشان فەرمووی: ئەگەر بگەی بەخوای گەورە لەرۆژی دوایدا ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم بەزینا کردن و گوناهباری و دزی وناپاکی یەوە پێم خۆشترە لەوەی بگەی بە خوا بەقسەی فلاَن وفلاَنی بیدعەچی.
ئایا نابینی یونسی کوڕی عبید چاکی زانیوە کە نێرە مووك ناتوانێت کوڕەکەی گومڕا بکات بەلاَم بیدعەچی‌یەکە گومڕای ئەکات تاکافری ئەکات)[٤] .
* إمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەگەر بەندەیەکی خوا بگا بە خوا لەڕۆژی دوایدا بەهەموو تاوانێکەوە بێجگە لەهاوبەشی بۆ خودا پەیداکردن چاکترێکە بگا بە خوا بەهەندێك بیدعەوە)[٥].
* إمامی أحمد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (گۆڕی شوێن کەوتوانی سوننەت کە تاوانی گەورەیان هەیە جگە لە هاوبەش پەیداکردن باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، گۆڕی بیدعەچی‌یەکان کە زوهدیان هەیە چاڵێکە لە ئاگر، گوناهبارانی شوێن کەوتوانی سوننەت دۆستی خوان، زوهادی بیدعەچی‌یەکان دوژمنی خوان )[٦].
* إمامی (سعیدی کوڕی جبیر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەگەر کوڕەکەم هاوەڵی گوناهبارێکی شوێن کەوتەی سوننەت بکات پێم خۆشترە لەوەی هاوەڵی بیدعەچی‌یەك بکات)[٧].
* إمامی (إبن تیمیة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (شەڕی بیدعەچی یەکان زیاترە لە شەڕی گوناهبارە ئارەزوی‌یەکان بە بەڵگەی سوننەت و کۆڕای زانایان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بەشەڕ کردن دژی (الخوارج)، وە قەدەغەی شەڕ کردنی کردووە دژی پێشەوا ستەمکارەکان)[٨].
* إمام (إبن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (زۆربەی بیدعەچی‌یەکان خوا پەرستی یان بە حەرامەکانە و بەگومانی خۆیشی گوێڕایەڵی خوایە و کاری چاك ئەنجام ئەدات بۆ نزیك بونەوەی لەخوا، حاڵی ئەم بیدعەچی‌یانە خراپترە لەکەسێك کە تاوان بە گوناه بزانێت

---

٤- (شرح السنة: ص١١٤-١١٦).
٥- (أخرجه البيهقي في الاعتقاد: ص١٥٨).
٦- (طبقات الحنابلة: ١٨٤/١).
٧- (الشرح والإبانة عن أصول الديانة رقم: ٨٧).
٨- (مجموع الفتاوى: ٦٠/٢٠).

و خۆی بەگوناهبار بزانێت، بیدعە چیەکان ئەیانەوێت بە گۆرانی ودەهۆڵ لێدان نزیك ببنەوە لە خوا و بەبۆچونی خۆیان دۆستی خوان، بەلأم لەحەقیقەتدا دۆستی شەیتانن)[9] .

با چاك بزانین كۆتایی ئەم نەتەوەی ئیسلامە چاك نابێت ئیلا بەو بەرنامە حەقە نەبێت كە نەتەوەی ئیسلامی پێ چاك بووە لەسەرەتادا.

كەوابوو: ئەی گەنجانی بەردەوام لەسەر حەق، ئەی پیرانی هیدایەت دراو بگەڕێنەوە بۆ ئەو حەقەی كە سەلەفی صاڵحمانی لەسەر بووە، ئاڵای بەرپەرچ دانەوەی بیدعەچیەكان هەڵكەن بۆ پارێزگاری لە شەرع وپاك سازی ڕیزەكانمان.

ئاوەڕ مەدەنەوە لە پوچەڵی ئەو كەسانەی كەهەستان ئەجولێنن بۆ بیدعە كردن، ئەوانەی كە بەچاكی ئەزانن نەتەوەی ئیسلام پارچە پارچە بێت نەك یەك بگرێت لەسەر حەق، بیدعەچی- یەكان پێچەوانەی سەلەفی صاڵحن .

كەوتونەتە داوی شەیتانەوە كە گومڕای كردوون بەزۆرو بۆر، بیدعەچیەكان لەبەر نەفامییان لەبیریان چووە كە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ ويوم حنين إذْ أعجبتكُم كَثْرتكُم فَلَم تغنِ عنكُم شيئًا﴾ [التوبة: ٢٥].

واتە: لەڕۆژی حونەین لەو كاتەی كەلە زۆربوونی خۆتان سەرتان سوڕما، بەلأم زۆربوونتان هیچ بەهرەی بۆ نەدان و لە هیچ شتێك ئێوەی بێ نیاز نەكردو كۆسپێكی لەڕێتان لانەبرد.

لەبیریان چووە بە هۆی ڕۆچونی بەسۆزیانەوە كە سەركەوتن پەیوەستە بە پیادە كردنی ئیسلام بە گوێرەی بەرنامەی سەلەفی صاڵح وەكو چۆن لە خوداوە هاتووە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وعد الله الذين آمنوا منكُم وعملُوا الصالحات ليَستخلفَنهم في الْأرضِ كَما استخلَف الذين مـن قَبلهم وليمكنن لَهم دينهم الذي ارتضى لَهم وليبدلَنهم من بعد خوفهم أَمنا يعبدونني لَا يشرِكُونَ بِي شيئًا﴾ [النور: ٥٥].

ئەمەش بەڵێنی خودایە و خوداش لێی پەشیمان نابێتەوە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وعد الله لَا يخلف الله وعده ولَكن أَكْثَر الناسِ لَا يعلَمونَ﴾ [الروم: ٦٦].

واتە: خودایە بەڵێنی داوە ولێی پەشیمان نابێتەوە، بەلأم زۆربەی خەڵك نازانن.

**پێشەكیەك بۆ (١٠) بنچینەی زانستی شەرعی:**

زانایان (١٠) بنچینەی زانستی شەرعیان كۆكردۆتەوە پاڵپشت بە بەڵگەی شەرعی زۆر بە سودە بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیدعە چیەكان كە زمان درێژی ئەكەن لەسەر شوێن كەوتوانی

---

٩- (إغاثة اللهفان: ١٨١/٢).

سوننەتی پێغەمبەرﷺ، بیدعەچی‌یەکان زۆرن و شێوەیان جیاوازە داواکارم لە خوای گەورە کە زۆریان نەکات .

**بنچینەی یەکەم**: ئێمەی موسڵمان فەرمانمان پێ کراوە لە کاتی کێشەو ناکۆکیدا بگەڕێینەوە بۆ لای قورئان و سوننەتی صحیح بۆ زانینی حەق لەبە تاڵ و ڕاستی لەهەڵە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِن تنازعتم في شيءٍ فَردوه إِلى اللّه والرسول إِن كُنتم تؤمنونَ بِاللّه والْيوم الآخرِ﴾ [النساء: ٥٩].

واتە: ئەگەر لەمەبەستێکدا پێك نەهاتن و تووشی جیایی بیروڕابوون ئەوا کێشەی خۆتان بگێڕنەوە سەر فەرموودەی خوا و پێغەمبەرﷺ ئەگەر بڕوتان بە خوا و ڕۆژی قیامەت هەیە.

وەدەفەرمێت:

﴿وما اختلَفْتم فيه من شيءٍ فَحكْمه إِلى الله﴾ [الشورى: ١٠].

واتە: وە لە هەرشتێکدا کە جیاوازیتان تێدا هەیە دادوەری‌یەکەی بەخوایە.

هەرکاتێك حەق ئاشکرا بوو لەبەتاڵ و هەڵەلە ڕاستی جیاکرایەوە موسڵمان هیچ بوارێکی لەبەردەمدا نی‌یە تەنها مل کەچی نەبێت بۆ حەق و فڕی دانی هەوەس و ئارەزوەکانی.

وەدەفەرمێت:

﴿وما كَانَ لمؤمنٍ ولَا مؤمنة إِذَا قَضى الله ورسولُه أَمرا أَنْ يكُونَ لَهم الْخيرةُ من أَمرِهم﴾ [الاحـزاب: ٣٦].

واتە: وە بۆهیچ پیاو و ژنێکی بڕوادار ئەو مافەی نی‌یە کە هەرکاتێ خوا و رەسولی خواﷺ لەکارێکدا فەرمانیان دا بۆیان نی‌یە پەسەندی نەکەن.

وەدەفەرمێت:

﴿ فَلاَ وربك لاَ يؤمنونَ حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثُم لاَ يجِدواْ في أَنفُسِهم حرجا مما قَضيت ويسلمواْ تسليما﴾ [النساء: ٦٥].

واتە: بەڵام سوێند بە پەروەردگارت کە ئەوانە بڕوادار نابن، تا تۆ لە ناکۆکی خۆیاندا نەکەنە دادوەر، لە پاشان لە دادوەری تۆ لە دڵی خۆیاندا هەست بە ناڕەحەتی نەکەن، وەبەتەواوی تەسلیمی دادوەری تۆ بن.

ئەگەر مل کەچی حەق نەبن ئەوە بێگومان شوێن هەوەسی خۆیان ئەکەوەن. خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِن لم يستجِيبوا لَك فَاعلَم أَنما يتبِعونَ أَهواءهم﴾ [القصص:٥٠] .

واتە: جا ئەگەر ئەم پێشنیارەی تۆیان وەرنەگرت و وەلامیان نەدایتەوە جا بزانە کە تەنها هەواو هەوەسی خۆیان پەیڕەوی دەکەن.

شوێن کەوتنی هەوەس دینەکان خراپ ئەکات و شوێن کەوتنی هەوەسەکان بۆ ناو ئاگر ڕادەکێشێت، بۆیە سەلەفی صالح ئاگاداریان کردوین شوێن هەوەس نەکەوین.
* إمامی (مجاهد) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (نازانم کام نیعمەت لەم دوو نیعمەتە گەورەترە لام، نیعمەتی یەکەم: ڕێنموونی کردووم بۆ ئیسلام، نیعمەتی دووەم: پاراستومی لە شوێن کەوتنی هەوەس)[١٠] .

**بنچینەی دووەم :** بیروباوەڕ بەشێکی گەورەی ئیسلامە، بەڵگە لەسەری خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الْيوم أَكْمَلْت لَكُم دينكُم وأَتممت علَيكُم نِعمتي ورضيت لَكُم الإِسلاَم دينا﴾
[المائدة: ٣ ].

واتە: ئەمڕۆ دینی ئێوەم کامڵ کردو نیعمەتی خۆمم بۆ ئێوە تەواو کردووە، وە بۆ ئێوە بە دینی ئیسلام ڕازی بووم.

وە فەرموودەی جبریل کە بەناوبانگە، (کاتێك جبریل هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ کرد دەربارەی ئیسلام و ئیمان و إحسان، دوای وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی جبریل، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە جبریل هات بۆ لاتان تا دینەکەتان فێر بکات)[١١] .

دینی ئیسلام یان بیروباوەڕە (اثبات الصفات الحسنى لله)، یان کردەوەیە (وەکو نوێژ و زەکات) هەر بەڵگەیەك دینی پێ دابمەزرێت بیروباوەڕی پێ دائەمەزرێت بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی بیروباوەڕ بەشێکە لەدین . دین ئەچەسپێت بەبەڵگەی یەقینی (قورئان وسوننەتی متواتر) و بەڵگەی صحیح کە متواتر نەبێت لەبەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلام گەلێك حوکمی پەیوەست کردووە بە زۆری بەرەو یەقینەوە (غلبة الظن) وەکو فەرموودەی (ابن مسعود) (رضي الله عنه): (فليتحر الصواب فليتم عليه)[١٢]، وە فەرمودەی (أبي هريرة رضي الله عنه) (إذا وجد أحدكم في بطنه شيئاً فأشكل عليه أخرج منه شيء أم لا فلا يخرجن من المسجد حتى يسمع صوتاً أو يجد ريحاً)[١٣].

واتە: ئەگەر یەکێك گومانی بۆ پەیدا بوو بە هۆی پێچێکەوە دێت بەسکیدا ئایا دەست نوێژی شکاوە یان نا، با لە شوێن نوێژەکەی نە جوڵێت و نوێژەکەی نەبڕێت تادەنگێك دەبیستێ یان بۆنێك دەکات. لێرەوە مانەوەی لە نوێژدا دوای دروست بوونی گومانێك ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری گومانی کە دەست نوێژی نەشکاوە، بۆیە کردەوە بەگومانی پێشووی ناکات.

---

١٠- (أخرجه الدارمي في السنن رقم:٣٢١).
١١- (رواة مسلم: ٨).
١٢- (متفق عليه).
١٣- (مسلم).

بەڵگەی یەقینی قطعی و غلبة الظن هەمووی بە علم ناوی نراوە .

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فإنْ علمتموهن مؤمنات فلا ترجعوهن إلى الكفار﴾ [الممتحنة: ١٠] .

زانیاریمان بەکەسێك کە بانگەشەی ئیمان بکات یەقینی نیە بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری گومانی خێر (غلبة الظن) .

هەروەها شوێن کەوتنی بۆ چونی (الأرجح) لە صحیح دانان و ضعیف کردنی سەنەد، یان شوێن کەوتنمان بۆ بەڵگەیەك لە مەتن دا لە شوێن کەوتنمانە بۆ چاکتر کە خوا فەرمانی پێ کردووە کە ئەویش زانیاریە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿واتبعوا أحسن ما أنزل إليكم من ربكم﴾ [الزمر: ٥٥].

زانای بەناوبانگ (إبن تيمية) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (واتە: هەموو چاکەیەك کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە، زانیاریش فەرمانی پێ کراوە، هەروەها فەرموویەتی: بەهۆی ئەو زانیاریەوە دەتوانیت بگەیتە أرجح ئەمەیش شوێن کەوتنی زانیاریە نەك گومان، ئەمەش شوێن کەوتنی بۆچونی چاکترە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿فخذها بقوة وأمر قومك يأخذوا بأحسنها﴾ [الأعراف: ١٤٥].

وەدەفەرمێت: ﴿الذين يستمعون القول فيتبعون أحسنه﴾ [الزمر: ١٨].

وەدەفەرمێت: ﴿واتبعوا أحسن ما أنزل إليكم من ربكم﴾ [الزمر: ٥٥].

پاشان فەرموویەتی: ئەگەر بەڵگەیەکیان أرجح تر بوو شوێن کەوتنی ئەو (أرجح)ە چاکترە، ئەمەش ئاشکرایە)[١٤].

هەندێك لە بیدعەچیەکان بەهەڵەدا براون کە بەمەرجیان گرتووە بەڵگەی چەسپاندنی بیروباوەڕ هەرهەمووی دەبێت(قطعي يقيني )بێت نەك(غلبة الظن) ئەم بۆچونەیش هەڵەیە ولەچەند روویەکەوە زانایانی باوەڕدار روونیان کردۆتەوە وفەرموویانە:

١- پێغەمبەرﷺ کە معاذی نارد بۆیەمەن پێی فەرموو: دڵنیابە دەچیتە ناو نەتەوەیەکەوە کە جولەکەو گاورن، بایەکەم فەرمانت لە بانگەوازتدا بریتی بێت لە بانگ کردنیان بۆئەوەی بە تەنهاو بەحق زاتی الله بپەرستن.

لەم فەرموودەیەدا ئاشکرایە کە معاذ تەنها خۆیەتی، واتە: خەبەری متەواتر نیە لەگەڵ ئەوەیشدا کە پێغەمبەرﷺ رازی بوو بە چەسپاندنی بیروباوەڕ بەیەك کەس کەواتە (غلبة الظن) بەسە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ .

---

١٤- (مجموع الفتاوى: ١٣/ ١١٤).

٢– باسمان کرد کە بیروباوەڕ لە دینە، کەواتە: هەر بەڵگەیەك کە دینی پێ بچەسپێت بیروباوەڕیشی پێ دەچەسپێت بەبێ جیاوازی، هەرکەسێکیش جیاوازی بخات پێویستە بەڵگەی پێ بێت کە پێی نییە.

٣– هەموو کردەوەیەکی چاك لە دیندا بیروباوەڕ دەگرێتە خۆی بۆنمونە: سیواك کردن کە کردەوەیەکە لەهەمان کاتدا بیروباوەڕە، چونکە بیروباوەڕمان وایە کە سیواك کردن سوننەتە، چونکە ئەگەر بیروباوەڕت وانەبێت کە سیواك کردن سوننەتە سیواك کردنەکەت بەکارێکی شەرعی دانانرێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیدعەچییەکان ئەو بەڵگانەی کە (غلبة الظن)ە وەری دەگرن بۆ چەسپاندنی کارێکی شەرعی کە بیروباوەڕ نەبێت، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕ بوو وەری ناگرن ئەمەیش بۆچونی دژوارە کە تێی کەوتوون ورزگاریان نابێت تا ئەو بۆچونەیان هەبێت.

**دوو تێبینی بەسود:**

١– زانای بەناوبانگ إبن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (تایبەت کردنی علم لە قطعیات زاراوەی متکلمینە

( ئەوانەی عەقڵ پێش شەرع دەخەن)[١٥].

٢– لەشەرعدا ظن بەمانای یقین هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الذين يظُنونَ أنهم ملَاقُو ربهم﴾

[البقرة: ٤٦].

لەم ئایەتە پیرۆزە ظن مانای یەقینە، هەروەها لەشەرعدا ظن بەمانای گومان (وهم) هاتووە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إنْ يتبِعونَ إِلا الظن وإِن الظن لَا يغنِي من الْحق شيئًا﴾ [النجم: ٢٨].

لەشەرعی خوادا بە خراپی باسی کەسانێك نەکراوە کە شوێنی ظن الغالب بکەون بەڵکو بە خراپی باسی ئەوانە کراوە کە شوێنی گومان– وهم– دەکەون بۆ بەرپەرچ دانەوەی بەڵگە شەرعییەکان.

**بنچینەی سێیەم:**

زانینی مانای إجماع وبەشەکانی وهەندێك کاری گرنگ کە پەیوەندی بە إجماعەوە هەیە:

گرنگترین بەڵگەی شەرعی کە بنچینەی بیدعەچییەکان هەڵئەوەشێنێتەوە بریتییە لە الإجماع کۆی زانایان، لەبەر ئەوەی بیدعەچییەکان وکلکەکانیان بۆچونیان بەرامبەر الإجماع دوو جۆرە:

**جۆری یەکەم:** بەرهەڵستی دەکەن وبەبەڵگەی شەرعی دانانێن، سەرکردەی ئەم بۆچونەیش(النظام المعتزلي)یە.

---

١٥- (الإستقامة: ١/٥٤).

زانای بەناوبانگ لای قوتابی عیلم (إبن قدامة) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەم فەرموودانەی کە بەردەوام ئاشکرایە لە نێوان هاوەڵان وشوێنکەوتوان کردویانە بەبەڵگە لەسەر چەسپاندنی بەڵگەی شەرعی کە (الإجماع)ە، هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەم فەرموودانەی نەکردووە تا رۆژگاری (النظام) نەبێت)[١٦].

زانای بەناوبانگ (إبن تيمية) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ( الإجماع بەڵگەیەکی شەرعیيە لای هەموو زانایان(الإجماع وهو متفق عليه بين عامة المسلمين من الفقهاء والصوفية وأهل الحديث والكلام وغيرهم في الجملة، وأنكره بعض أهل المعتزلة والشيعة)[١٧].

**جۆری دووەم:** بەئاشکرا بەرهەڵستی ناکەن بەڵام بەکارێکی ناگونجاوی دادەنێن ودەڵێن نابێ، وەکو (أبو بكر الباقلاني) دەڵێت: (لا ينعقد الإجماع مع مخالفة العوام)[١٨].

ئەم بۆچونەیش ئەوە دەگەیەنێت کە إجماع بونی نیيە ونابێت.

(أبو الخطاب الكلوذاني) وەڵامی ئەم قسەیە دەداتەوە ودەڵێت: (کەسانی ئاسایی پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی زانا تێکۆشەرەکان بکەن کە خۆیان ماندوو کردووە لە ڕێگەی تێگەیشتنی دیندا، بۆ کەسانی ئاسایی نیيە پێچەوانەی زانایان بکەن بە بۆچونی تاك ڕەوانەی خۆیان.

هەرکاتێك زانایانی سوننی کۆبوون لەسەر حوکمێك ئەو حوکمە بۆ هەموو خەڵکە وکەسانی ئاسایی لەناو خەڵکدا جێگەیان دەبێتەوە، ئەو یەك دەنگیيەی زانایان (إجماع)ە، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی إجماعیان بەڵگەی شەرعیيە کەسانی ئاسایی توانای بەڵگەیان نیيە بۆیە گوێ بە بۆچونی بێ بەڵگەیان نادرێت و وەکو منداڵ وشێت حسابیان بۆ دەکرێت)[١٩].

(إمام إبن قدامة) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ئەم بۆچونەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ بەتاڵ کردنەوی إجماع لەبەر ئەوەی ناگونجێت قسەی هەموو نەتەوەی ئیسلام یەك بگرێت لەیەك رووداودا)[٢٠].

چاوەڕوانی بەشی دووەم بن لە ژمارەی داهاتوودا بە پشتیوانی خوای گەورە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

١٦- (روضة الناظر: ٤٤٨/٢).

١٧- (مجموع الفتاوى: ٣٤٨/١١).

١٨- (الإحكام في أصول الأحكام).

١٩- (التمهيد: ٢٥١/٣).

٢٠- (روضة الماظر: ٤٥١/٢).

# منداڵەکانمان

## لەنێوان پەروەردە و فێرکردندا

مامۆستا : کامران

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله الذي ربى العالمين وعلمهم، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين .

برایان و خوشکانی بەڕێز: سەلامی خواتان لێ بێت، وا ئەم جارەش بە پشتوانی پەروەردگار لەم بابەتەدا بەیەك دەگەینەوە و داواکارم لەخوای گەورە کە لێمان وەربگرێت و بیکات بەمایەی ڕەزامەندی خۆی و پاشان هاوکاری و یاریدەدەری ئەو براو خوشکانە بێت کەسەرقاڵی بیرکردنەوەن لە چۆنێتی پەروەردەکردن و فێرکردنی ڕۆڵەکانیان، وە هەوەها بیکات بەسەر مەشق و ڕابەری ئەو خوشکانەی کە بەو شێوەیەی هەر لەسەرەتاوە پێویست بوو بۆ پەروەردە و فێرکردنی ڕۆڵەکانیان خەمخۆری بن، ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە !

جا بۆ هەردوولا ئەم چەند لاپەڕەیە ئاڵاو واڵا دەکەم بەو هیوایەی کە منداڵانی ئەمڕۆمان پیاوان و ژنانی زانا و دانا و تێگەیشتووی دوا ڕۆژ بن، وە ئەوانیش بەهەمان شێوە خەمخۆری نەوەی دوای خۆیان بن .

برایان و خوشکانی دایك و باوك:

ئەمەی کە بۆ ئێوە نوسراوە تەنها چەند وشەیەکی سەر ڕووی لاپەڕەکان نییە، بەڵکو بریتییە لە ئەزمونێکی پیادەکراو لەسەردەمی ئێستای خۆماندا، کە بەڕاستی لە کاتی نەخشە بۆ کێشاندا زۆر سودم لە ڕابردووی پاکی پر لەخێر و بەهرەی زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتە وەرگرتووە لە پەروەردە و فێرکردنی ڕۆڵەکانیان .

زۆر جارمان ئەبیست کە لە سەردەمی ڕابردوودا دەیان و سەدان و هەزاران زانا و دانای موسڵمانان هەر لەسەرەتای منداڵییانەوە و لە تەمەنی شەش حەوتساڵیدا هەموو قورئانیان لەبەر کردووە، وەك وێنەی ئیمامی شافیعی و هەزاران شافیعی تر، (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، زۆرمان پێ سەیر بوو! ئایا ئەوانە دەبێت موعجیزەی زەمانی خۆیان بن؟ !

یـان هـەیان بـووە کـە لـە تەمـەنی دوازدە ســاڵیدا ئیمامــەتی حــەرەمی مـەککیـیان کـردووە لـە تەراویحەکانـدا وەك ئیمــامی ئــیبن و حەجــەری عەسقەلانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) .

یـان بەسـێ سـاڵی لـە مەجلیسـی عولەمامی خۆیاندا ئامادەیان کـردوون، وەك ئیمامی سیوطی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) .

یان لەسەرەتای سەردەمی گەنجی‌یـەوە بـوون بـە خـاوەنی فـەتوا و چـەندەها پــەرتووکی بەســوودیان نوســیوە و کەسـانی دوا ڕۆژی دوای خۆیانیـان پـێ بەهرەمەند کردوون .

ئەمانە و چەندەهای تر لە هەزارەها بەرهـەمی نایـاب و سـەر سـوڕهێنەر کـە بەڕاسـتی ئەگــەر ســەرنجی شــێوازی پەروەردە و فێرکردنیان بـدەین ئـەزانین کــە ئەمانــە وەك بلــێی مــوعجزەبن! مــوعجزە نـین، بــەڵکو پــێ گەیشـتووی دەستی کەسانی شارەزا و لێهاتوو بـوون کە خەمخۆری ژیـانی دونیـا و ئـاخیرەتی فێرکراوەکانیان بوون .

کـە چـی ئەڕوانینـە ژیـانی ئـەمڕۆی ســەردەمی بــەناو عـیلم و پێشـکەوتنی تەکنـەلۆجیا و کۆمپیتـەر و ئەنتـەرنێت، زۆر بەدەگمــەن پــەروەردە و فێرکـراوی وەك ئـــەو ڕابـــوردووە شـــارەزا و بەڕێزانەمان دەست دەکەوێت .

بـۆ نمونـە ئەگـەر لـەناو منداڵانـدا یەکێك هەڵبکـەوێت کـە هـەموو قورئـانی لەبـەر بێـت ئـەوە مـوعجیزەی زەمانەیـە لــەلای هــەمووان، یــان ئەگــەر توانـای دانـانی چـەند پـەرتووکێکی بەسـودی هەبێت ئەوە بلیمەتی سەردەمە!

جا ئایا ئێمە ئەگەر بتوانین بەهەمان ڕێگای ئەواندا بڕۆین و هـەمان نەخشـە و بۆچـــوونی شـــێوازی پـــەروەردەیی و فێرکردنی ئەوان بگرینە بەر! ئایا هەمان نەوەی وەك ئەوان پێ ناگەیەنین؟ !

وە ئایــا ئەگــەر ئێمــە خــاوەنی کەســایەتی خۆمــان بــین و بــەدوای نەخشــەی دانــراوی دەســتی بێگانــە نەکەوین کە بریتی‌یە لە دەرهێنـانی دیـن لە دونیا، هەوڵ و تێکۆشانمان تـەنها بـۆ دونیا نەبێت، ئایا ناتوانین وەك ئەو زانـا بەڕێزانەی پێشوو نەخشەی پەروەردە و فێرکردنمــان بــە بــەرزترین ئاســتدا ببەین؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: بـەڵێ دەتـوانین زۆر بـە دڵنیایشـەوە کـە بڵێین گەیشـتن بـەو ئاسـتە کـارێکی خـەیاڵی نـی‌یـە و بەدیهێنانی بە گوێرەی ئـەو نەخشـانەی ئـەوان دایـان دەڕشـت ئاسـانە و تـاقی کردنەوەش ئەم ڕاستی‌یە دەسەلمێنێت.

جا با بێینە سەر خاڵێکی زۆر گـرنگ هـەتا لێکۆڵینـەوەی لـە ئاسـتدا ئـەنجام بدەین، ئەویش ئەوەیە کە ئایا تەمـەنی

گونجا و لە قۆناغی منداڵیدا بۆ پەروەردە و فێرکردن دەبێت لە تەمەنی چەندساڵیەوە دەست پێ بکات ؟

ئەوەی لەسەردەمی خۆماندا پەیڕەوی دەکرێت ئەوەیە کە منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵی‌یەوە دەخرێتە بەر فێرکردن بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە منداڵان دەبینین لە تەمەنی سێ ساڵی- یەوە توانای وەرگرتنیان هەیە و دەتوانرێت ئەو تەمەنە بکرێت بەسەرەتا بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە منداڵان لە ڕابردوودا لەو تەمەنەوە خراونەتە بەر پەروەردە و فێرکردن، وە هەزارەها نمونەش هەیە، وە توێژینەوەی زانستی لەم بارەیەوە ئەوەی سەلماندووە، ئەوەتا لە یابان ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوەی دەرخستووە کە منداڵ لەتەمەنی سێ ساڵیەوە دەتوانێت بە قۆناغی پەروەردە و فێرکردندا بڕوات، وە توانای ئەوەی تێدایە، جا بۆیە ئیستا لەوێ قوتابخانەی تایبەتی هەیە بۆ ئەو مەبەستە .

ئەوەی کە مەبەستم بوو ئەوەیە کە بڵێم لەڕوانگەی تەمەنەوە با منداڵەکانمان لە سێ ساڵی‌یەوە ئامادە بکەین بۆ فێرکردن نەك لە تەمەنی شەش ساڵی، چونکە هەتا ئەو تەمەنە سێ ساڵی تەمەنیان بە خۆڕایی دەڕوات کە تێیدا دەتوانرێت قۆناغێکی باشیان پێ ببڕێت .

خاڵێکی تر ئەوەیە لەبارەی دابین کردنی هەموو هۆکارەکانی پەروەردە و فێرکردنەوەیە، ئەوە بەگوێرەی توانای دایکان و باوکان کە هەوڵ بدەن ئەو هۆکارانەیان بۆ ئامادەبکەن وەك دەفتەر و قەڵەم و کتێب و تەختەی لەسەر نوسین و ... هتد .

هەروەها وەك هۆکارەکانی یاری و جوڵە و ئامێری وەرزشی بۆ ئەوەی کاتی بێ تاقەتی خۆیانی پێ بەسەر بەرن چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا هەموو گیانی جوڵە و توانایە، وە پێویستە ئەو توانایەی نەشارێتەوو بیخاتە کار .

وە خاڵێکی تر ئەوەیە سەبارەت بەو نەخشەیەی کە ڕۆژانە بۆیان ئامادە دەکرێت لە دانانی وانەی بەسوود و شێوازی وتنەوەی کاتی دانراو .

لەم قۆناغی ساڵی‌یەدا پێویستە بە شێوازێکی نەرم و پێشکەش کردنێکی پڕ لە ئارامەوە دایك و باوك هەوڵ بدات کاتی دیاری کراو بەوانەی بە سوود لەگەڵ منداڵەکانی بەسەر بەرێت، وە لە گەڵ کەسانی شارەزا ئەونەخشەیە دابنێن، یاخود وەربیگرن بە تایبەتی لەو کەسانەی کە لە مەیدانی جێبەجێکردندا تەمەنێکیان بردۆتە سەر.

جا لێرەدا وا نەخشەیەك دەخەینە ڕوو وەك نمونەیەكی پیادەكراو لەگەڵ منداڵی تەمەن سێ ساڵدا هەتا تەمەن دە ساڵی كە لە ئەنجامدا كاریگەرێتی باشی هەبووە لەسەر تێگەیاندن و فێركردنیان .

سەرەتا پێویستە ـ وەك ئاماژەمان پێكرد ـ هۆكارەكانی خوێندنەوە و نوسینیان بۆ ئامادە بكرێت، بۆ نمونە قەڵەم و دەفتەریان لەبەر دەستدا دابنرێت، وە دەستیان ڕابهێنرێت بۆ نوسین، تا ماوەیەك بەم كارەوە خەریك دەبن پاشان شێوازی پیتە عەرەبیەكانیان فێردەكرێت تا بە شێوەی ڕاست و دروست هەموو پیتەكان دەنوسن .

بێگومان ئەمەش كاتێكی زۆری دەوێت كە ئارام گرتنێكی باشی دایكان و باوكانی لێداوا دەكرێت .

پاش خوێندنەوە و لەبەر كردن و نوسینەوەی پیتە عەرەبیەكان ئینجا پیتە كوردیەكانیان فێردەكرێت بەهەمان شێوە .

دوابەدوای فێربونیان بۆ پیتەكانی عەرەبی و كوردی پاشان هەوڵ دەدرێت كە ووشەی عەرەبی و كوردیان پێ ڕێك بخرێت، پاشان قۆناغی خوێندنەوەی عەرەبی و كوردی دەست پێدەكات .

وە لەم قۆناغەدا وانەی لەبەر كردن زۆر كاریگەرە لەسەر منداڵان، بۆ نمونە بەشی كۆتایی قورئانیان پێ لەبەر دەكرێت لە گەڵ سورەتی (الفاتحة)دا .

بەڵام سورەتەكانی بەشی كۆتایی لە سورەتە بچوكەكانەوە دەست پێدەكرێت تاوەكو زوو زوو منداڵكە هەست بكات بەوەی كە سورەتێكی لەبەر كردووە و دەچێتە سەر سورەتێكی تر، ئەمە دەبێتە هۆی هاندانی بۆ لەبەر كردنی سورەتەكانی تر.

پاشان بابەتەكانی نوێژیان فێردەكرێت وەك پاراستنی خاوێنی و گرنگیدان بە جل و بەرگ و خۆداپۆشین و چۆنێتی دەست نوێژگرتن و فێركردنی كاتی نوێژەكان و ژمارەی ڕكات و شێوازی دروستی نوێژكردن، ئەمەش بەپشت بەستن بەو كتێب و نامیلكانەی كە شێوازی ڕاست و دروستی دەست نوێژی پێغەمبەری (ﷺ) تێدا باس كراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی كە هەر لەسەرەتاوە دوربن لەو هەڵانەی كە هەزاران كەس لەبەر نەزانی ئەو شێوازە ڕاستە ئەنجامی دەدەن .

وە لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە كە منداڵان لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن كە ئاین و ئەوەی پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە زۆر بە ڕێز لەبەر چاوی خۆیانی ڕابگرن و بە

پەرۆشەوە گوێ بیستی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بن .

وە گرنگی بدرێت بە ژیان نامەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوڕێیانی، وە هەروەها ژیان نامە و چیرۆکی پێغەمبەران .

لەم قۆناغە و قۆناغەکانی داهاتوودا پرسیاری منداڵان لە باوك و دایکیان سەبارەت بە دەوروبەریان دەست پێدەکات، جا پێویستە زۆر بە لێزانانە وەڵام بدرێنەوە بە شێوازێکی ڕاست و دروست و دوور لە هەموو نا ڕاستییەك، چونکە ئەم وەڵامانە دەبنە بناغە بۆ زانیاری و زانستی ئەو منداڵانە .

پێویستە دایك و باوك زۆر ئاگاداری لایەنی تێکەڵاوی منداڵەکانیان بن بە تایبەتی کچان و کوڕان چ لەگەڵ خۆیان یاخود لەگەڵ میوان و دراوسێ و کەس و کار، بە بەردەوامی چاو دێرییان بکەن و پێیان ڕابگەیەنن کە ئاگەداری لە خۆیان بکەن هەر کارێکی ناوازەیان بینی دایك و باوکیانی لێ ئاگادار بکەنەوە .

هەروەها ئاداب و نەریتی ڕاستیان فێر بکرێت سەبارەت بە خەوتن و هەستان و جل لەبەرکردن و نان خواردن و چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوە و ئیزن وەرگرتن و لە دەرگادان و سەلام کردن و چونە مزگەوت و ڕێزلێنانی گەورە و میهرەبانی نواندن و خۆبەکەم زانین و .... هتد، لەگەڵ فێر کردنی ئەو زیکر و یادانەی لەفەرموودەی ڕاستی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە و پەیوەستە بەو بابەتانەی باسمان کرد .

کاتێك کە هەستمان کرد منداڵەکان قۆناغێکی باشیان بڕیوە و پێویستییان بە فێرکردنی زیاتر هەیە ئەوە جار لەگەڵ جار نەخشەیان بۆ دەگۆڕێن بە پێی توانای زیرەکی و وەرگرتانیان، بۆ نمونە: دەتوانین تەفسیری بەشی کۆتایی قورئان و واتای ووشەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی و ئاسان لە دوای لە بەرکردنیان بۆ ئەو بەشە ئاڕاستە بکرێت، وە هەروەها لە بەرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وەك فەرموودەکانی (الأربعين النووية) و شیکردنەوەی واتاکانی و وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری لەو فەرموودانە .

لە گرنگترین ئەو زانستانەی کە پێویستە بریتییە لە وانەی بیروباوەڕ، ئەویش دەتوانرێت بە دەست پێکردنی ئەو نامیلکانەی کە لەم بوارەدا دانراون وەك (الأصول الثلاثة) و (القواعد الأربع) .. و هتد .

بەم شێوەیە دەتوانین منداڵەکان بەرەو پێشەوە بەرین وەك ووتمان بە گوێرەی توانای وەرگرتنی منداڵەکان .

وە خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە هاندان و بەرەوپێش بردنی منداڵەکانیان

لــەیاد نەچــێت وەك پێشــكەش كردنــی دیـــاری و دڵ خـــۆش كردنیـــان و دەرخســتنی خۆشەویســتی بۆیــان تــا هەست بە بێزاری و دڵ تەنگی نەكەن .

لە كۆتاییدا ئەم چەند ئامۆژگارییە پێشكەش دەكەم بۆ دایكان و باوكان لە كـــاتی پــــەروەردە و فێركردنـــــی منداڵەكانیان:

* ئامـــادەكردنی دەورو بـــەرێكی گونجــاو، وە دور لەدەســتی كەســانی نەشــارەزا تــا ئــەو هەوڵدانــە بــە فــیڕۆ نەچێت .

* هــەر كــەس بــەپێی توانـای خـۆی كات تەرخان بكات بۆ ئەم مەبەستە .

* نوانــدنی نــەرم و نیــانی و ئــارام گـــرتن و لێبـــووردن لـــە بەرامبـــەری سەركێشی و نالەباری منداڵەكان .

* شـــێوازی ووتنـــەوە شـــێوازێكی ســـادە و ســـەرەتای بێــت لەگـــەڵ بەكارهێنانی هۆكاری پێشبڕكێ لە نێوان منداڵەكاندا .

* بەكارهێنانی هۆكاری لێپرسینەوە و بەدواداچون .

* هەموو دەزانین كـە هـەر منـداڵێك توانـای تایبـەتی خـۆی هەیـە جـا لەبـەر ئەوە نابێت دایكان و باوكان بەیەك چـاو ســەیری منداڵــەكان بكــەن ســەبارەت بەتوانایان ئەمەش خاڵێكی كاریگەرە بـۆ ئــەوەی كــە هــەرگیز بــێ هیــوا نــەبن لەئاســتی ئــەو منداڵانــەی كــە توانایــان كەمە، بەڵكو پێویستە كە هەردەم هەوڵ بدەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی وەرگرتن و تێ گەیاندنیان .

* وە لە كۆتاییـدا باهـەمووان ئـەوە فــەرامۆش نەكــەین كەلــە گــەورەترین هۆكارەكان ئەوەیـە كـەدایكان و باوكـان خۆیان نموونەی تەقوا و لەخواترسان بن و بەردەوام داوا و نـزا لـە خـوای گـەورە بكەن كە خۆیان و منداڵەكانیان بكات بە مایەی چاوڕۆشنی لە دونیا و قیامەتدا ..

﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ .

وَصلَـى الله وَسـلم علــى نبينــا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

# برایەتی نێوان موسڵمانان

## بەشی چوارەم

## مافەکانی برایەتی نێوان موسڵمانان

## ( حقوق الأخوة )

## ( ١١ - ١٤ )

ئامادەکردنی : مامۆستا محمد عبد الرحمن
وتار خوێن لە مزگەوتی: حاجی لەر : کەلار

﷽

**5 - حەسودی بردن بە یەکتر** ((**ولا تحاسدوا**)):

(الحافظ ابن حجر) فەرموویەتی: (**حەسودی:** بریتی‌یە لە خۆزگە خواستنی کەسێك بە نەمانی ناز و نیعمەتی خوا بە سەر کەسێکەوە کە شایستەیەتی بە شێوەیەك کەوا گشتگیر تر بێت لەوەی کە هەوڵ بدات بۆ ئەوە یان هەوڵ نەدات ، جا ئەگەر هەوڵی دا ئەوا دەبێت بە ستەمکار و دەست درێژیکار، وە ئەگەر هەوڵی بۆ نەدا و دەری نەخست و نەشبووە هۆکارێك بۆ جەخت کردنەوە لە هۆکارەکانی ناخۆش حاڵی کەوا موسڵمانی لێقەدەغە کراوە لە ئاستی موسڵماندا ئەوا سەیر دەکرێت: جا ئەگەر ڕێگر لە دەرنەخستن و نەبوونە هۆکار بۆ لە ناودانی بێدەسەڵاتی و بێتوانایی بوو بە شێوازێك کەوا ئەگەر توانای ببێت ئەوە دەکات ئا ئەوە تاوانبارە .. وە ئەگەر ڕێگر لەوە خۆپارێزی کردن بوو لە سزای خوای گەورە ئا ئەوە بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە و تاوانبار ناکرێت چونکە ناتوانێت ئەو خوتورە دەروونی‌یانە لە خۆی دوور خاتەوە، بۆیە ئەوەندەی بەسە کە هەوڵ بدات بۆ ڕەت کردنەوە و دوور خستنەوەی ئەو ختوورانە و کار پێنەکردنیان و بڕیاریش نەدات کەوا کاریان پێبکات و بڕیاریان لە سەر بدات.. . )[١٤].

وە شێخ (ابن العثيمين) فەرموویەتی: (**حەسودی:** بریتی‌یە لەوەی کەوا مرۆڤ پێی ناخۆش بێت خوا ناز و نیعمەتی داوە بە سەر کەسێکی ترەوە جگە لە خۆی، بۆ نموونە: پێت ناخۆش بێت کەوا خوا نیعمەتی خۆیی داوە بە سەر ئەو پیاوەدا بە ماڵ و پارە یان بە کوڕ و

---

[١٤] الفتح : (١٠ / ٥٩٢) .

منداڵ یان بە ژن و خێزان یان بە زانست یان بە خواپەرستی یان بە جگە لەمانە لە نیعمەتەکانی تر، جا خۆزگەی نەمان و لە ناوچوونی بخوازێت یان نەیخوازیت یکسانە و هەر بە حەسودی دەژمێردرێت.

هەرچەندە هەندێك لە زانایانیش دەفەرموون: **حەسودی:** بریتییە لە خۆزگە خواستنی کەسێك بە نەمانی ناز و نیعمەتی خوا بە سەر کەسێکی ترەوە، بەڵام ئەمە پیس ترە و توند و خەس ترە، ئەگینا تەنها پێناخۆش بوونی مرۆڤ بەوەی کە خوا نیعمەتی خۆی بدات بە سەر کەسێکی تردا ئەوە بریتییە لە حەسودی)[١٥].

**٦ - زیاد کردنی نرخی شت و مەك لە سەر یەکتر بە بێ مەبەستی کڕینی** ((**ولا تناجشوا**)):

قال الحافظ: (قوله: "ولا تناجشوا" من النجش: وهو أن يزيد في السلعة وهو لا يريد شراءها ليقع غيره فيها)[١٦].

واتە: (النجش) بریتییە لە زیاد کردنی نرخی شت و مەك لە سەر یەکتر بە بێ مەبەستی کڕینی بۆ ئەوەی کەسێکی تر جگە لە خۆی بکەوێتە ناو ئەو زیادە دانەیەوە .

**٧ - ڕق و قین لە یەکتر بوون:** ((**ولا تباغضوا**)):

قال ابن عبد البر: (وفي هذا الحديث من الفقه أنه لا يحل التباغض لأن التباغض مفسدة للدين حالقة له، ولهذا أمر (ﷺ) بالتواد والتحاب حتى قال: "تهادوا تحابوا"[١٧])[١٨].

واتە: لەم فەرموودەیەدا ئەوە تێدەگەین کەوا ڕقەبەرایەتی حەڵاڵ نییە بەرامبەر یەکتر چوونکە ڕق و قین لە یەکتر بوون تێکدەری دینە و ئایین دادەتاشێت، لەبەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە بە دۆستایەتی و خۆشەویستی یەکتر تا ئەو ڕادەیەی کە فەرموویەتی: دیاری بدەن بە یەکتر بۆ ئەوەی ببن بە خۆشەویستی یەکتر .

وە (الحافظ ابن حجر) فەرموویەتی: ("ڕق و قینتان لە یەکتر نەبێت"، مەبەست ئەوەیە ڕێگا و هۆکارەکانی ڕق لێبوون مەگرنەبەر چونکە ڕق و قین خۆی لە سەرەتاوە بە دەست نایەت، وە ووتراوە: مەبەست قەدەغە کردنی هەوا و ئارەزووە گومڕاکارەکانە کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی ڕق و قین، منیش دەڵێم (الحافظ ابن حجر): بەڵکو گشتگیر ترە لەوەی کە مەبەست قەدەغە کردنی هەوا و ئارەزووە گومڕاکارەکان بێت چونکە گرتنە بەری هەوا و ئارەزووەکان جۆرێکە لە ڕق و قین، وە لە ڕاستیدا ڕق و قین لە نێوان دوو کەسدا دەبێت، بەڵام هەندێك

---

[١٥] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٨) .

[١٦] الفتح : (١٠ / ٥٩٥) .

[١٧] صحيح الجامع الصغير رقم : (٣٠٠٤) .

[١٨] التمهيد : (٦ / ١١٦) .

جار بۆ ئەوەش بە کار دێت ئەگەر لە یەکێکیش لە دووانەوە بێت، وە ئەو ڕق و قینەش زەم کراوە کە لە پێناو جگە لە خوای گەورەدا بێت، چونکە ڕق و قین لە پێناوی خوای گەورەدا واجب و پێویستە و خاوەنەکەشی پاداشت دەدرێتەوە لە بەر ئەوەی حەق و مافی خوای بە گەورە ڕاگرتووە ئەگەر چی هەردووکیان یان یەکێکیانیش لە لای خوا لە کەسانی ئاشتی خواز بن، وەك ئەوەی تێکۆشان و هەوڵدانی ڕێی پێدەباتە بەر باوەڕ بوون بە شتێك بە پێچەوانەی ئەوەکەی ترەوە ئەویش ڕق و قینی لێدەبێت لە سەر ئەوە، ئا ئەو کەسە چاولێپۆشاو کراو دەبێت لە لای خوا)[١٩].

٨ - **پشت لە یەکتر کردن ((ولا تدابروا))**:

(الحافظ ابن حجر) فەرموویەتی: (**"پشت لە یەکتر مەکەن"**، (الخطابي) فەرموویەتی: مەبەست ئەوەیە پشت لە یەکتر مەکەن بەوەی یەکێکتان پشت لە براکەی بکات، لە ڕووکردنی پشتی کەسێك لە کەسێکی ترەوە وەرگیراوە ئەگەر ڕووی تێنەکات و ڕوو لە لا بێت لە کاتێکدا کە دەیبینێت، وە (ابن عبد البر) فەرموویەتی: بە ڕوو لێنەکردن ووتراوە پشت لێنەکردن چونکە ئەو کەسەی ڕق و قینی لە دڵدایە ڕوو لە لا دەبێت، وە هەر کەسێك ڕوو لە لا بوو پشتی لێدەکات، وە خۆشەویستیش بە پێچەوانەوە ڕووی لێدەکات، وە ووتراوە: مەبەست ئەوەیە با یەکێکتان خۆ پێش خەر نەبێت بە سەر کەسێکی ترەوە، وە بە خۆ پێش خەر ووتراوە پشت لێکار لە بەر ئەوەی پشتی لێدەکات کاتێك خۆی پێش دەخات لە شتێکدا بەرامبەر بە ئەوی تر، وە ئیمامی (مالك) لە کتێبی (الموطأ)دا بە لەمە تایبەت تر لێکیداوەتەوە و فەرموویەتی: من پشت لێکردن تەنها بەوە دەژمێرم کە ڕوو لە لا بکات لە کاتی سەلام کردندا، بەوەی کە ڕووی تێنەکات و پشتی ڕوومەتی لێبکات، وەکو بڵێیەی ئەم لێکدانەوەی لە کۆتایی فەرموودەکەوە وەرگرتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "بە یەك دەگەن، بەڵام ئەم ڕوو ناکاتە ئەو، وە ئەویش ڕوو لە ئەم ناکات، وە چاکترینیان ئەوەیانە کە دەست بە سەلام کردن دەکات"، چونکە لەمە وا تێدەگەیت کە دەربڕینی سەلام کردن لە هەردووکیانەوە یان لە یەکێکیانەوە ئەو ڕوو لە لا کردنە هەڵدەگرێت و نایهێڵێت . . . وە ئەوەش پشتگیری ئەم لێکدانەوەیە بکات ووتەکەی (أنس)ە کە فەرموویەتی: پشت لێکردن بریتییە لە ناکۆکی بوون و عاجز بوون)[٢٠].

٩ - **مامەڵە کردن لە سەر مامەڵەی یەکتر: ((ولا يبع بعضكم على بيع بعض))**:

---

[١٩] الفتح : (١٠ / ٥٩٣) .

[٢٠] الفتح : (١٠ / ٥٩٢ - ٥٩٣) .

(ابن عبد البر) فەرموویەتی: (مەبەست بە فەرموودەی "مامەڵە لە سەر مامەڵەی یەکتر مەکەن" ئەوەیە کەوا کڕیار شتومەکێك پەسەند بکات و بە باشی بزانێت و ئارەزووی بکات و بە شێوازێکی گەرمەوە بچێتە دەم بفرۆشەوە و لای بۆ بکاتەوە و هەردووکیان بکەونە ناو باسی نرخەکەیەوە و تەنها ئەوە مابێت کە مامەڵکە دابمەزرێت و ڕازی ببن پێی .. جا ئەگەر بفرۆش و کڕیار گەیشتنە ئەم حاڵەتە ئەوا دروست نییە بۆ هیچ کەسێك بێتە بەینیانەوە و داخوازی بکات لە یەکێکیان کەوا مامەڵەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە، وە ئەگەر هەر کەسێك ئەمەی کرد ئەوا کارێکی خراپی کردووە، وە ئەگەر زانا بێت بە قەدەغەکراوێتی ئەمە ئەوا سەرپێچی خوای کردووە و تاوانبارە، وە ئیمامی (الثـوري) فەرموویەتی: مەبەست ئەوەیە بڵێت: لای من لەمە باشتر هەیە ... )[٢١].

وە (الـحافظ ابن حجر) فەرموویەتی: (زانایان فەرموویانە: فرۆشتن لە سەر فرۆشتنی یەکتر حەرامە، هەروەها کڕینیش لە سەر کڕینی یەکتر، ئەمەش بریتییە لەوەی کەوا لە کاتی پەشیمانیدا بڵێت بەو کەسەی کە شتێکی کڕیوە ئەم مامەڵەیە هەڵوەشێنەوە بۆ ئەوەی من بە نرخێکی کەم تر و هەرزان تر پێت بفرۆشم، یان دەڵێت بە کابرای بفرۆش ئەم مامەڵەیە هەڵوەشێنەوە بۆ ئەوەی من بە نرخێکی زیاتر لێتی بکڕم، ئەمەش حەرامە بە کۆڕای زانایان)[٢٢].

**هەروەها ناشبێت موسڵمان شتی عەیب دار بفرۆشێت بە برای موسڵمانی مەگەر بۆی ڕوون بکاتەوە:**

وقال الـحافظ: (وقال عقبة بن عامر: "لا يحِل لامرئٍ أنْ يبيع سلعة يعلم أن بـها داء إلا أخبره" في رواية الكشميهني "أخبر به"، وهـذا الـحديث وصله أحمد وابن ماجه والـحاكم من طريق عبد الرحمن بن شِماسـة ـ بكسـر الـمعجمة وتخفيف الـميم وبعد الألف مهملة ـ عن عقبة مرفوعاً بلفظ: "الـمسلم أخـو الـمسلم، ولا يـحل لـمسلم بـاع مـن أخيه بيعاً فيه غش إلا بينه له"، وفي رواية أحمد: "يعلم فيه عيباً " وإسناده حسن)[٢٣].

واتە: حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك شتومەکێك بفرۆشێت بە کەسێکی تر لە کاتێکدا کە دەزانێت ئەو شتومەکە عەیب دارە ئیللا مەگەر هەواڵی بداتێ، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "موسڵمان برای موسڵمانە، وە حەڵاڵ نییە بۆ هیچ موسڵمانێك شتێك کەوا غەش و خیانەت و کەم و کوڕی تێدا بێت بفرۆشێت بە براکەی ئیللا مەگەر بۆی ڕوون بکاتەوە .

**١٠ ـ داخوازی کردنی ژن لە سەر داخوازی یەکتر ((ولا يخطب الرجل على خطبة أخيه)):**

---

[٢١] التمهيد : (١٣ / ٣١٧) .

[٢٢] الفتح : (٤ / ٤٤٧) .

[٢٣] الفتح : (٤ / ٣٩٣) .

قال الـحافظ: (قوله: باب "لا يـخطب على خِطبة أخيه حتى ينكح أو يـدع" كـذا أورده بلفظ "أو يدع" وذكره في الباب عن أبي هريرة بلفظ: "أو يترك" وأخرجه مسـلم مـن حديث عقبة بن عامر بلفظ "حتـى يـذر"، وقد أخرجه أبو الشيخ في كتاب النكاح من طريق عبد الوارث عن هشام بن حسان عن محمد بن سيرين عن أبي هريرة بلفظ " حتى ينكح أو يدع" وإسناده صحيح ...

واتە: نابێت موسڵمان بچێتە خوازبێنی ئافرەت لە سەر خوازبێنی برای موسڵمانی تـاوەکو ئـەو دەیخوازێـت یـان وازی لێدێنێت.

قوله: "أو يأذن له الـخاطب" أي حتى يأذن الأولُ للثانـي ...

واتـە: یـان تـاوەکو خـوازبێنی کـاری یەکـەم ڕێی پێبـدات واتـە بـەوەی دووەم...

(الـحافظ ابن حجـر) فەرموویـەتی: (زۆرینەی زانایان فەرموویانە:

ئـەم قەغەکردنـەی خـوازبێنی لەسـەر خـوازبێنی بـۆ حـەرامێتیـیە، وە (الـخطابي) فەرموویـەتی: ئـەم قەغەکردنەی خوازبێنی لە سەر خوازبێنی لـە ڕەوشـت و ئاکـار بەرزیـیە و بـۆ قەغـەکردنێکی حـەرامێتی نـییە کـەوا گرێبەنـد و عەقـدی یـەك خـستنی ژن و مێـرد هەڵوەشـێنێتەوە لای زۆرینـەی زانایـان، (الـخطابي) ئـاوای فـەرمووە بـەڵام هـیچ پەیوەست بوونێك نـییە لـە نێـوان ئـەوەی کـە بـۆ حـەرامێتی و هەڵوەشاندنەوە بێت لای زۆرینەی زانایـان بەڵکو ئەمە لای زۆرینەی زانایان بۆ حەرام بوونـە و گرێبەنـد و عەقدەکـەش هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو (النووي) کۆڕای زانایانی گێڕاوەتەوە لـە سـەر ئـەوەی کـە ئەم قەغەکردنە بۆ حەرامێتییە ...

قوله: "حتـى ينكح" أي حتـى يتـزوج الـخاطب الأول فيحصل اليأس الـمحض .

واتە: تـاوەکو خـوازبێنی کـاری یەکـەم مـارەی دەکـات و ئـەو کاتـە تـەنها بێئومێدی دێتـە دی بـۆ خـوازبێنی کـاری دووەم .

وقوله: "أو يتـرك" أي الـخاطب الأول التزويج فيجوز حينئذ للثانـي الـخِطبة، فالغايتان مختلفتان: الأولـى ترجع إلى اليأس، والثانية ترجع إلى الرجاء ...)[٢٤].

واتـە: یـان تـاوەکو خـوازبێنی کـاری یەکەم واز دێنێت لە خواستنی، ئـەو کاتـە دروستە بۆ ئەوەی دووەم بچێتە خـوابێنی ئـەو ئافرەتـە داواکراوە، لێرەدا هـەردوو دەرئەنجامەکـە جیـاوازن: یەکـەمیان دەگەڕێتەوە بۆ بێئومێدی، وە دووەمیـان دەگەڕێتەوە بۆ ئومێد و هیوا بوون ...

١١ ـ **ستەم لێکردن ((لا يظلمهُ))**:

قال الـحافظ: (قوله: "لا يظلمه" هـو خبر بـمعنى الأمر، فإن ظلـم الـمسلم للمسلم حرام)[٢٥].

---

[٢٤] الفتح : (٩ / ٢٤٩ ـ ٢٥٢) .

[٢٥] الفتح : (٥ / ١٢١) .

واتە: "ستەم و زوڵمی لێناكات" ئەمە هەواڵە بە واتای فەرمان پێكردن بەوەی كە ستەم و زوڵم لە یەكتر نەكەن، چونكە ستەم و زوڵمی موسڵمان لە موسڵمان حرامە .

وە شێخ (ابن العثـيمين) فەرموویەتی: (ستەم و زوڵمی لێناكات نە لە ماڵ و سامانیدا، وە نە لە لاشەیدا، وە نە لە سومعەت و ناموسیدا، وە نە لە خێزان و كەس و كاریدا، واتە ستەم و زوڵمی لێناكات بە هیچ جۆرێك لە جۆرەكانی ستەم و زوڵم. . .)[٢٦].

**١٢ ـ نەدان بە دەستەوەی یەكتر ((ولا يُسلمه)):**

(الـحافظ ابن حجـر) فەرموویەتی: (مەبەست بە "نایدات بە دەستەوە" ئەوەیە كەوا وازیلێناهێنێت بۆ كەسێك یان بۆ شتێك كە زیانی پێبگەیەنێت بەڵكو سەری دەخات و بەرگیری لێدەكات، وە ئەمەش تایبەت ترە لە ستەم لێنەكردن، وە ئەمەش هەندێك جار واجبە و هەندێك جاریش سوننەتە بە پێی جیاوازی حاڵەتەكان، وە لە ڕێگایەكی تری فەرموودەكەدا هاتووە: " نایدات بە دەستەوە لە كاتێكدا كە بەڵایەك ڕووی تێدەكات "...)[٢٧].

وە شێخ (ابن العثـيمين) فەرموویەتی: ("وە نایدات بە دەستەوە" مەبەست ئەوەیە نایدات بە دەست كەسێكەوە كە ستەم و زوڵمی لێباكات، بەڵكو بەرگیری لێدەكات، و دەیپارێزێت لە خراپە و زیان و زەرەر، كەواتە ئەمە دوو شتی كۆكردووەتەوە:

**یەكەم**: كەوا خۆی ستەم و زوڵمی لێناكات .

وە **دووەم**: كەوا نایدات بە دەست كەسێكی ترەوە كە ستەم و زوڵمی لێباكات، بەڵكو بەرگیری لێدەكات .

لە بەر ئەمە زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: واجب و پێویستە لە سەر مرۆڤی موسڵمان كەوا بەرگیری بكات لە برای موسڵمانی لە سومعەت و ناموس و لاشە و ماڵ و سامانیدا، واتای بەرگیری كردن لە سومعەت و ناموسی ئەوەیە: كە ئەگەر بیستی یەكێك جوێنی پێدەدات و غەیبەت و زەمی دەكات ئەوا پێویستە بەرگیری لێبكات، هەروەها واتای بەرگیری كردن لە لاشەی ئەوەیە: كە ئەگەر یەكێك ویستی دەست درێژی بكاتە سەر برایەكی موسڵمانت و تۆش لە تواناتدا هەیە ئەو دەست درێژی كردنە ڕەت كەیتەوە ئەوا پێویستە لە سەرت كەوا بەرگیری لێبكەیت، هەروەها واتای بەرگیری كردن لە ماڵ و سامانی ئەوەیە: كە ئەگەر یەكێك ویستی ماڵكەی ببات، ئەوا پێویستە لە سەرت كەوا بەرگیری لێبكەیت)[٢٨].

---

[٢٦] شرح رياض الصالـحين : (١ / ٥٩٢) .

[٢٧] الفتح : (٥ / ١٢١) .

[٢٨] شرح رياض الصالـحين : (١ / ٥٩٢) .

١٣ ـ **خیانەت نەکردن لە یەکتر ((ولا یخونه))**:

شێخ (ابن العثیمین) فەرموویەتی: (مەبەست بە "خیانەتی لێناکات" ئەوەیە: کە غەدری لێناکات لە جێگای متمانێ پێکردندا ئەگەر ئەمانەتی پێدا بە سەر شتێکدا یان بە سەر ماڵێکدا یان بە سەر نهێنییەکدا یان بە سەر جگە لەمانەدا ئەوا خیانەتی لێناکات .

وە **خیانەت**: بریتییە لە غەدر کردن لە کەسێك لە جێگای متمانێ پێکردندا، وە دروست نییە بۆ کەسێك کەوا خیانەت بکات لە برای موسڵمانی ئەگەر چی ئەویش خیانەتی لەم کردبێ، واتە ئەگەر برایەکی موسڵمانت خیانەتی لێت کرد ئەوا تۆ خیانەتی لێ مەکە لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: "ئەمانەتەکە بدەرەوە بە دەست ئەو کەسەی کە داوێتی بە دەستت، وە خیانەت مەکە لەو کەسەی کە خیانەتی لێت کردووه"[29]...)[30] .

١٤ ـ **درۆ نە کردن لە گەڵ یەکتردا ((ولا یکذبه))**:

قال الشیخ ابن العثیمین: ("لا یکذبه" أي لا یحدثه بکذب، والکذب حرام)[31].

واتە: مەبەست ئەوەیە درۆی لە گەڵدا ناکات، چونکە درۆ حرامە .

١٥ ـ **پشتی بەرنادات ((ولا یخذله))**:

قال الصنعاني: ("ولا یخذله": والخذلان ترك الإعانة والنصر، ومعناه: إذا استعان به في دفع أي ضر أو جلب أي نفع أعانه)[32].

واتە: پشتی بەرنادات، وە پشت بەردان بریتییە لە یارمەتی نەدان و سەرنەخستن، وە مەبەستیش ئەوەیە: ئەگەر داوای پشت گیری لێکرد بۆ دوور خستنەوەی هەر زیانێك یان بۆ دەست کەوتنی هەر سوودێك ئەوا پشت گیری دەکات .

١٦ ـ **سوکایەتی نەکردن بە یەکتر ((ولا یحقره))**:

شێخ (ابن العثیمین) فەرموویەتی: ("بە چاوی سوکەوە سەری ناکات" واتە: بە کەمی نازانێت و سوکایەتی پێناکات، تەنانەت ئەگەر چ لەویش گەورەتر بێت لە تەمندا، وە ئەگەر چی لەویش پارەی زۆر تر بێت، وە ئەگەر چی لەویش زانیاری زۆر تر بێت ئەوا هەر بە چاوی سوکەوە سەری ناکات، وە بە کەم زانینی خەڵك و بە چاوی سوکەوە سەیر کردنیان بەشێکە لە فیز زلی و خۆ بەگەورە زانین خوا پەنا بدات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "الکِبر بطر الحق وغمط الناس"[33] واتە: "خۆ بە گەورە زانین بریتییە لە ڕەت کردنەوە

[29] صحیح سنن أبي داود رقم : (٣٥٣٥) وصحیح سنن الترمذي رقم : (١٢٦٤) .

[30] شرح ریاض الصالحین : (١ / ٥٩٥) .

[31] المصدر السابق .

[32] سبل السلام شرح بلوغ المرام : (٤ / ١٩٥) .

[33] صحیح مسلم رقم : (٩١) .

و قەبوڵ نەكردنی حەق و بە كەم زانینی خەڵك و بە چاوی سوكەوە سەیر كردنیان")[٣٤].

**سیانزەیەم: دا پۆشینی عەیبە و تاوان و كەم و كوڕیی یەكتر** ((**ومن ستر مُسلماً ستره الله یوم القیامة**)):

(الحافظ ابن حجر) فەرموویەتی: ("هەر كەسێك موسڵمانێك داپۆشێت" واتە: دەیبینێت بە سەر كارێكی نابەجێوە و ئاشكرای ناكات بۆ خەڵك و دایدەپۆشێت، وە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كەوا وازبێنێت لە ڕێ لێ گرتن و قەدەغە لێكردن و ئامۆژگاری كردنی لە نێوان هەردووكیاندا، وە حاڵەتی دروستێتی شایەتی دان لە سەری بەوە لێكدەدرێتەوە كەوا ئەگەر ڕێی لێ گرت و ئامۆژگاری كرد بەڵام ئەو هەر وازی نەهێنا لە كردەوە خراپ و نابەجێكەی و ئەنجا ئاشكراشی كات، هەروەها موسڵمان فەرمانی پێكراوە بەوەی كە خۆی داپۆشێت و خراپەكانی ئاشكرا نەكات ئەگەر ئەنجامیدا، وە ئەگەر ڕۆیشت بۆ لای كاربەدەستان و دانی نا بە تاوان باری خۆی ئەوا ڕێگری ئەمەی لێناكرێت، وە ئەوەی ڕوون بێت ئەم داپۆشینە لە كاتێكدا دەبێت ئەگەر تاوانەكە كۆتایی پێهاتبێت، وە ڕێ لێ گرتن و قەدەغە لێكردن بۆ تاوانێكە كەوا كەوتبێتە ناوییەوە و سەرقاڵی ئەنجام دانی بێت لەم حاڵەتەدا واجبە ڕێی لێبگرێت ئەگینا بەرزی دەكاتەوە بۆ لای دەسەڵات داران، وە ئەمەش بریتی نییە لە غەیبەتی حەرام و قەدەغە كراو بەڵكو بەشێكە لە ئامۆژگارییە واجبەكان، وە ئاماژەشی تێدایە بۆ وازهێنان لە غەیبەت كردن چونكە هەر كەسێك خراپەكانی براكەی ئاشكرا بكات ئەوا دای نەپۆشیوە ... )[٣٥].

**چواردەیەم: خۆ بەدوور ڕاگرتن لە خوێن و ماڵ و ناموسی یەكتر بە ناحەق** ((**كُلُّ المسلم على المسلم حرام دمه وماله وعرضه**)):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێناسەی موسڵمانی ڕاست و ساغ و كامڵدا فەرموویەتی: ((المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده))[٣٦].

واتە: موسڵمان ئەو كەسەیە كەوا موسڵمانان پارێزراو و سەلامەت بن لە زمان و دەستی .

لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا: ((سباب المسلم فسوق وقتاله كفر))[٣٧] واتە: "جوێن دان بە موسڵمان فاسقێتی و لە ڕێدەرچوونە، وە كوشتار كردنیشی بەشێكە لە بێباوەڕی" (المناوي) فەرموویەتی: (ففي الحديث تعظيم حق المسلم والحكم على من سبه بغير حق

---

[٣٤] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٥ ـ ٥٩٦) .

[٣٥] الفتح : (٥ / ١٢١ ـ ١٢٢) .

[٣٦] صحيح البخاري رقم : (١٠) وصحيح مسلم رقم : (٤١).

[٣٧] صحيح البخاري رقم : (٤٨) وصحيح مسلم رقم : (٦٤).

بالفُسق، وقتاله كفر ... بمعنى كفران النعمة والإحسان في أخوة الاسلام)(٣٨) .

واتە: ئەم فەرموودەیە گەورەیی مافی موسڵمانی تێدایە، هەروەها حوكم و بڕیار دان بە سەر ئەو كەسەی كەوا جوێنی پێدەدات بە ناحەق بە فاسقێتی و لەڕێدەرچوون، و كوشتار كردنشی بە بەشێك لە بێباوەڕی ... بە واتای بێباوەڕی و داپۆشینی نیعمەت و چاكەكاری لە برایەتی موسڵمانانەدا .

هەروەها (المناوي) فەرموویەتی: (وقتالُ المسلم أخاه في الدين وإنْ لم يكن من النسب كفر أي يشبه الكفر من حيث إنه من شأن الكفار، فأطلق عليه الكفر لشبهه به أو أراد الكفر اللغوي وهو التغطية لأن حق المسلم على المسلم أنْ يعينه وينصره ويكف عنه أذاه)(٣٩) .

واتە: كوشتار كردنی موسڵمان لە گەڵ برای ئایینییدا ئەگەر چی لە بنەواشدا برای نەبێت كوفرە واتە لە كوفر دەچێت لەو ڕووەوە كەوا ئەمە لە ئاكاری كافر و بێباوەڕەكانە ... چونكە مافی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە ئەوەیە كەوا یارمەتی بدات و پشتیوانی بكات زەرەر و زیانیی لێبگرێتەوە .

(٣٨) فيض القدير : (٤ / ٨٤) وانظر الفتح : (١ / ١٥٠) .
(٣٩) فيض القدير : (٤ / ٥٠٥) ، وانظر الفتح : (١ / ١٥٠).

*** شرح بعض الألفاظ الواردة في الحديث:**

قال الحافظ: (قوله: "**وكونوا عباد الله إخوانا**"، زاد مسلم: "كما أمركم الله"... وهذه الجملة تشبه التعليل لما تقدم، كأنه قال إذا تركتم هذه المنهيات كُنتم إخواناً، ومفهومه إذا لم تتركوها تصيروا أعداء، ومعنى كونوا إخواناً: اكتسبوا ما تصيرون به إخواناً مما سبق ذكره وغير ذلك من الأمور المقتضية لذلك إثباتاً ونفياً) .

(وقوله: "**عباد الله**" أي يا عباد الله بحذف حرف النداء، وفيه إشارة إلى أنكم عبيد الله فحقكم أنْ تتواخوا بذلك، قال القرطبي: المعنى كونوا كإخوان النسب في الشفقة والرحمة والمحبة والمواساة والمعاونة والنصيحة، ولعل قوله في الرواية الزائدة: "كما أمركم الله" أي بهذه الأوامر المقدم ذكرها، فإنها جامعةٌ لمعاني الإخوة، ونسبتها إلى الله لأن الرسول (ﷺ) مبلغٌ عن الله ...)(٤٠) .

لە كۆتاییدا دەڵێم:

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ ...

(٤٠) الفتح : (١٠ / ٥٩٣) .

﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

م / خليل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقە و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بە سوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:

پ١/ **چۆن بزانین مانگی نوێمان بەسەردا هاتووە لە هەموو مانگەکاندا بۆ نموونە مانگی ڕەمەزان؟**

وەڵام / مانگی نوێ دەرکەوتنی (هلال) واتە: بینینی مانگی نوێ پاش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەگەر دوای ئەوەی خۆر ئاوابوو بینرا ئەوا بێ گومان دەچینە ناو یەکەم شەوی مانگی داهاتووەوە، ئەوەش بزانە لەم کاتەدا تەنها ئەوانە دەیبینن چاویان تیژە، بەڵام لە شەوی دووەمدا هەموو کەسێك دەتوانێت بیبینێت، لەم شەوەدا ئاوابوونی مانگ نزیکەی سێ چارەك سەعات لە خۆر ئاوابوون دوا دەکەوێت، هەروەها لە نزیك شەوی سێیەمدا لە کاتی نوێژی خەوتنان (عشاء) ئاوا دەبێت، لە (نوعمان)ی کوڕی (بەشیر)ەوە سەلمێنراوە کە فەرموویەتی: (من زاناترین کەسم بەکاتی نوێژی خەوتنان (عیشا) (واتە: کاتی ئاوابوونی مانگی شەوی سێیەم لە مانگدا، واتە: دوای ئاوابوونی خۆر بەیەك سەعات و نیو ئەمەش کاتی نەمانی سورایی خۆرە (شەفەق) .

بەڵام ئەگەر مانگ بینرا زۆر نزیك بوو لە خۆر یان پێشی کەوتبوو ئەوە هی مانگی پێشووە، هەروەها ئەگەر هی کۆتایی مانگ بێت ئەوا لە ئاسۆدا بە شێوەی کەوانە دەبینرێت هەر دووسەری

کەوانەیە ڕووی لە سەرەوە دەبێت، والله اعلم[١].

**پ٢/ ئایا بۆ موسڵمانان دروستە بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان و شکاندنی لە کۆتایی مانگدا پشت بە حیسابی فەلەکی ببەستن یان هەر نەبێت مانگ ببینن؟**

وەڵام/ شەریعەتی ئیسلام شەریعەتێکی ئاسان و گشتییە حوکمەکانی بۆ هەموو عالەمی جین و ئادەمیزادە بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە، زانا و نەزان و شاریی و دەشتەکییان، بۆیە خوای گەورە ڕێگەی زانینی کاتەکانی بۆ ئاسان کردوون، وای کردووە بۆیان، هاتن و تەواو بوونی کاتەکانی بۆ دیاری کردوون بە چەند نیشان و شتانێك هەموویان وەك یەك بیناسن و بزانن .

بۆیە ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی ئێوارە (مغرب) و نەمانی نوێژی عەسر، هەروەها نەمانی سورایی پاش ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی (عیشاء)، هەروەها بینینی مانگ دوای دیار نەمانی لە کۆتایی مانگی پێشوو بۆ کردوون بە نیشان بۆ دەست پێکردنی مانگی تازە و کۆتایی هاتنی مانگی پێشوو، خوای گەورە تەکلیفی لێ نەکردووین - بۆ زانینی مانگی تازە - بە شتانێك کە کەسانێکی کەم دەیزانن وەك زانستی ئەستێرەناسی یان زانستی حیسابی فەلەکی، بۆیە دەقەکانی قورئان و سوننەت ئەم بۆچوونە پشت ئەستوور دەکەن:

بینینی مانگی ڕەمەزان بەچاو نیشانەیە بۆ دەست پێکردنی ڕۆژوو گرتن، هەروەها بۆ جەژنی قوربان و ڕۆژی (عرفە)، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [سورة البقرة: (١٨٥)]،

وە دەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ﴾[سورة البقرة: (١٨٩)]،

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((إذا رأيتموه فصوموا، وإذا رأيتموه فأفطروا، فإنْ غُم عليكم فأكملوا العدة ثلاثين))[٢].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێگیر بوونی ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان و شکاندنی بە ستووە بە بینینی مانگەوە بە چاو نەك بە حساب و بەدواگەڕانی ئەستێرەکانەوە، بەمەش کارکراوە لە کاتی پێغەمبەر (ﷺ) و کاتی هەر چوار خەلیفەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و چوار پێشەوای بەناوبانگ و سێ سەدەی شایەتی بۆ دراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە فەزڵ و چاکە .

کارکردن و گەڕانەوە لەم مەسەلەیەدا بە زانستی ئەستێرەناسی بیدعەیە و خێری تێدا نییە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر

---

[١] جواب (الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن بن جبرين) فتاوى رمضان : (٥٧/١) ترتيب أشرف عبد المقصود .

[٢] صحيح البخاري رقم: (١٩٠٠) .

نیە، بۆیە وولاتی سعوودیە بەوە کار دەکات کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێشینە پیاو چاکان لەسەری بوونە، بەڕاستی لە دینداریدا خێر لەوەدایە شوێنی پێشینە پیاو چاکان بکەویت و هەموو خراپەیەکیش لە شوێنکەوتنی بیدعەدایە[٣].

**پ٣/ ئایا حوکمی موسافیر لە ڕەمەزاندا شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان دەگرێتەوە لە سەفەردا لە کاتێکدا بەردەوام لە سەفەردان؟**

وەڵام / بەڵێ حوکمی سەفەریان لەسەردا دێت، بۆیان هەیە نوێژ کورت بکەنەوە و کۆبکەنەوە و بە ڕۆژووش نەبن.

ئەگەر کەسێك بڵێت: ئەی کەی ڕۆژوو بگرن لە کاتێکدا بە درێژایی ساڵ ئەمە کاریانە؟ لە وەڵامدا ئەڵێین: لە ڕۆژانی زستاندا با ڕۆژوو بگرن لەبەر ئەوەی ڕۆژەکانی کورت و ساردن، بەڵام ئەو شۆفێرانەی لە ناو شاردا کار دەکەن ئەم حوکمەیان نیە و واجبە بە ڕۆژوو بن[٤].

**پ٤ / ئایا دروستە بۆ ئافرەتان داو و دەرمان بەکار بهێنن بۆ قەدەغە کردنی خوێنی (حیض) لە ڕەمەزاندا یان نا؟**

وەڵام / دروستە ئافرەتان داو و دەرمان لە ڕەمەزاندا بەکار بهێنن بۆ قەدەغە کردنی خوێنی (حیض) بەمەرجێك پزیشکی متمانە پێکراوی پسپۆڕ یان کەسانی شارەزا ئەوە بسەلمێنن کە هیچ زیانی بۆیان نییە و هیچ کاریگەری بۆ سەر منداڵدانی نییە، چاکتر وایە بۆ ئافرەتان ئەمانە بەکار نەهێنن چونکە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە بۆیان ڕۆژوو نەگرن و لە کاتێکی تردا قەزای بکەنەوە[٥].

**پ٥/ ئایا بۆ ئافرەتی حامل و شیردەر دروستە بە ڕۆژوو نەبن لە ڕەمەزاندا؟ ئایا واجبە لەسەریان قەزای بکەنەوە یان (کەفارەت)یان لە سەرە؟**

وەڵام / (ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ئەگەر لەخۆیان و منداڵەکانیان بترسن بە ڕۆژوو نابن و هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، بەڵگەی ئەوەیش لە کتێبی خوای پەروەردگار دا:

﴿ وَ عَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾، ڕووی هەڵێنجاندی بەڵگەش (وجه الإستدلال) ئەوەیە کە ئەم ئایەتە تایبەتە بە پیاو و ئافرەتی پیر و نەخۆشێك کە هیوای چاك بوونەوەی لێ نەکرێ و شیردەر و سك پڕ ئەگەر لە خۆیان و منداڵەکانیان بترسن، هەر وەکو

---

[٣] وەڵامی لیژنەی هەیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا، لە کتێبی: فتاوی رمضان: (١ / ٦٠ ـ ٦١) .

[٤] جواب الشیخ محمد بن صالح العثیمین رحمه الله، فتاوی رمضان: (٢ / ٣٣٣ ـ ٣٣٤).

[٥] وەڵامی لیژنەی هەیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا، لە کتێبی: فتاوی رمضان: (١ / ٣٥٤) .

باسەکە ئاشکرا دەکرێت لە ڕیوایەتەکانی (ابن عباس) و (ابن عمر)ەوە (رضي الله عنهم)...

(ابن عباس τ) فەرموویەتی: ((... وثَبت للشيخ الْكَبِير والْعجوز الْكَبِيرة إِذَا كَانا لا يطيقَان الصوم، والحُبلَى والمُرضِع إِذَا خافَتا أَفْطَرتا وأَطْعمتا كُل يومٍ مسكينا))[٦] .

واتە: ... وە ئەوە جێگیر بوو کە پیاو و ئافرەتی پیر ئەگەر توانای ڕۆژوویان نەبێ و ئافرەتی سك پڕ و شیر دەریش ئەگەر لە خۆیان و منداڵەکانیان ترسان بە ڕۆژوو نابن و بۆ هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن ...

(ابن عباس) (رضي الله عنه) ئەم حوکمەی داوە بۆ ئافرەتی سك پڕ و شیردەر، باشە لە کوێوە ئەم حوکمەی داونەتێ؟ گومان لەوە دا نییە کە لە سوننەتەوە، بە تایبەت خۆی بە تەنها ئەمەی نەفەرمووە، بەڵکو (عبدالله بن عمر) (رضي الله عنه) هاو دەنگە لە گەڵی دا کە دەگێڕێتەوە ئەم ئایەتە (مەنسوخە) .

لە (مالك) ەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە (نافع)ەوە کە (ابن عمر) (رضي الله عنه) پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئافرەتی سك پڕ ئەگەر لە منداڵەکەی ترسا، فەرمووی:

" تفْطر وتطْعم مكَانَ كُل يومٍ مسكيناً مداً من حنطة "[٧]،

واتە: ڕۆژوو ناگرێت و بەرامبەر بە هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات بە گوێل(مد)یك لە گەنم . وە لە (ابن عمر)ەوە(رضي الله عنه) دەیگێڕینەوە کە فەرموویەتی:

(الحَاملُ والمُرضع تفْطر ولا تقْضي)[٨] .

واتە: ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ڕۆژوو ناگرێت و قەزاشی ناکاتەوە.

وە لە ڕێگەیەکی ترەوە: (أن امرأته سأَلَته وهي حبلَى، فَقَالَ: أَفْطري وأَطْعمي عن كُل يومٍ مسكيناً ولا تقْضي) (إسناد)ەکەشی (جيد)ە، وە لە ڕێگەی سێیەمەوە هەر لەوەوە(رضي الله عنه): ( أن بِنتاً له كَانت تحت رجلٍ من قُريش، وكَانت حاملاً، فَأَصابها عطَش في رمضان، فَأمرها أَنْ تفْطر وتطْعم عن كُل يومٍ مسكيناً ...).

لە ( ابن عباس ) ەوە(رضي الله عنه) دەگێڕنەوە کە یەکێك ـ لەو کەنیزەکانەی

---

[٦] أخرجه ابن الجارود رقم: (٣٨١) ، والبيهقي: (٤/٢٣٠)، وأبو داود رقم: (٢٣١٨)، وسنده صحيح .

وثبت عنه أنه قال: ((إذا خافت الحامل على نفسها، والمرضع على ولدها في رمضان، قال: يفطران ويطعمان مكان كل يومٍ مسكيناً، ولا يقضيان صوماً)) صحيح عزاه الشيخ الألباني في "الإرواء" (١٩ / ٤) إلى الطبري (٢٧٥٨) وقال إسناده صحيح على شرط مسلم . نقلاً عن "الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز" ص : (١٩٩) .

واتە: ئەگەر ئافرەتی سك پڕ (حامل) ترسی لەسەر خۆی هەبوو، وە ئافرەتی شیردەر ترسی لەسەر منداڵەکەی هەبوو لە ڕەمەزاندا ئەوا بە ڕۆژوو نابن و لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، و ڕۆژوو قەزا ناکەنەوە .

[٧] أخرجه البيهقي في "سننه": (٤/٢٣٠) من طريق الإمام الشافعي، وسنده صحيح.

[٨] أخرجه الدارقطني: (١ / ٢٠٧) وصححه .

کە منداڵی لێی هەبوو (أم ولد) - بە سک پڕی یان شیردەری بینی و فەرمووی:

( أنت من الذين لا يطيقُونَ ، علَيـك الجَزاءُ ، ولَيس علَيك القضاءُ)[٩].

واتە: تۆ لەوانەی کە توانای ڕۆژوویان نییە، فیدیەدانت لە سەرە نەک قەزا کردنەوە[١٠].

**پ٧ / ئەگەر هاتوو پیاو لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژ ماچ یان دەسبازی لە گەڵ خێزانی خۆی کرد ئایا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە یا نا؟**

وەڵام / ماچ کردن و دەسبازی پیاو لە گەڵ خێزانیدا بە بێ جیماع کردن لە کاتێکدا بە ڕۆژوو بێت دروستە و هیچی تێدا نییە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ماچی خێزانی دەکرد و یاری لە گەڵ دەکرد، بەڵام ئەگەر ترسا بکەوێتە حەرامەوە لە بەر ئەوە شەهوەتی بەرز بوو مەکروهە ئەو شتانە بکات، ئەگەر (منـي) دابەزی ئەبێت خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە و جماع تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە، پاشان ئەو ڕۆژە بگرێتەوە و (کفارە)ی لەسەر نییە لای زۆر بەی زانایان، بەڵام (مذي) ڕۆژووی پێ بەتاڵ نابێتەوە لە ڕای پەسەندکراوی زانایاندا، چونکە ئەسڵ ئەوەیە ڕۆژووەکە تەواو بێت و بەتاڵ نەبێتەوە، هەروەها گرانە ئادەمیزاد خۆی لەو کارە بپارێزێت[١١].

**پ٨/ پرسیار کرا لە شێخ** محمد بـن صالح العثمين **دەربارەی ڕۆشتنی خوێن لە ڕۆژووان ئایا ڕۆژوو دەشکێنێت؟**

وەڵام / ئەو خوێن ڕۆشتنەی بە هۆی ددانەوە دروست دەبێت هیچ زیانێکی بۆ ڕۆژووەکە نییە، بە مەرجێك هەوڵ بدات خۆی بپارێزێت لە قوتدانی ئەو خوێنە چونکە دەرچوونی خوێن بەبێ ویستی مرۆڤ بە یەکێك لەوانەی ڕۆژوو دەشکێنێت ناژمێردرێت، کەسێك ئەم حاڵەی بەسەر هات واجب نییە ڕۆژووەکەی قەزا بکاتەوە[١٢].

**پ٩/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە بە ڕۆژووە و خوێنی لێ وەردەگیرێت بەمەبەستی شیکاری خوێن؟**

وەڵام / ئەم جۆرە شیکاریانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵکو بواری پێدراوە، چونکە ئادەمیزاد پێویستی بەم جۆرە شیکاریانە هەیە، ئەنجا لەو شتە ئاشکرایانە نییە کە ڕۆژوو دەشکێنن لە شەرعدا[١٣].

**پ١٠/ پرسیار کراوە لە شێخ** ابن بـاز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی**

---

[٩] أخرجه الدارقطني: (١ / ٢٠٧).

[١٠] وەڵامی (سليم الـهلالـي وعلـي الـحلبـي) لە کتێبی: صفة صوم النبـي .

[١١] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتـاوى رمـضان: (٢ / ٤٥٢) .

[١٢] جواب (الشيخ محمد بن صالـح العثيمين رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٠) .

[١٣] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٥) .

**بەکارهێنانی دەرزی لە دەمار** (ورید) **و** (عضلة)، **جیاوازی بۆ ڕۆژووان چییە؟**

لــە وەڵامــدا دەفــەرمووێت: ئــەوەی پەسەندە ڕۆژوو ناشکێنن، تەنها ئەوەی ڕۆژوو دەشکێنێت دەرزی (مغـذي)یە[١٤]...

پ١١/ **پرسیار کراوە لە شێخ** ابن بـاز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی حوکمی هەڵگرتنی دەرمان لە کۆمەوە** (الـحقنة الشرجية) **بۆ ڕۆژووان لە کاتی پێویستیشدا؟**

لە وەڵامدا دەفەرمووێت: لە وەڵامی پەسەندکراوی زانایاندا بۆ نەخۆش ئەگەر پێویستی پێی هەبوو دروستە ئەمە هەڵبژاردەی شێخی ئیسلام (ابن تيمية)یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان، چونکە وەکو خواردن و خواردنەوە نییە[١٥].

پ١٢/ **پرسیار کراوە لە شێخ** محمد بن صالح العـثمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی قەترەی چاو و لووت هەروەها چاوڕەشتن و قەترەکردنە گوێ ئایا ئەمانە ڕۆژوو دەشکێنن؟**

لـە وەڵامـدا دەفـەرموێت: قـەترەی لووت ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگ ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەی (لقيط)ی کوڕی (صـبرة)دا دەفـەرموێت: ((بالغْ في الاستنـشاق إلا أنْ تكونَ صائماً))[١٦].

کەوابوو بۆ ڕۆژووان دروست نییە قەترە بکاتە لووتی ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگی، وە ئەگەر نەگاتە قورگی یان گەرووی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت.

بەڵام قەترەی چاو و چاوڕەشتن و قەترەی گوێ ئەوا ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە بە تایبەت و هیچ دەقێکیش نەهاتووە بیانگرێتەوە، هەروەها چاو دەرگا و کونێك نییە بۆ خواردن و خواردنەوە، هەروەها گوێچکەش.

زانایـان ووتویانـە: ئەگـەر مرۆڤ هەردوو پێی بەشتێك چەور بکات تامی ئەو شتەش لە قورگی دا هەست پێ بکات ڕۆژووەکەی ناشکێت، چونکە دەرگای چوونە ژوورەوەی خواردن نییە، کەوابوو ئەگەر کل بکاتە چاووی یان قەترە بکاتە چاووی یان گوێی ڕۆژووەکەی ناشکێت ئەگەر لە قورگیدا هەست بەتامی نەکات .

هەروەها خۆی چەورکات بە ڕۆنێك بۆ چارەسەری یان بۆ مەبەستی چارەسەریش نەبێت هیچ زیانێکی نییە، یان ئەگەر هەناسەی کورت بێت ئەتوانێت (بەخاخ) بەکاربهێنێت بۆ ئاسانکردنی هەناسەی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە ناگاتە گەرووی، وە خواردن و خواردنەوەش نییە، والله أعلم[١٧] .

---

[١٤] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .
[١٥] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .
[١٦] صحيح أبـي داود رقم: (١٤٢) و (١٤٤) .
[١٧] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٥١١) .

پ١٣/ **پرسیار کرا لە شێخ** صالح الفوزان **ئایا بۆ ڕۆژووان دروستە (معجـون)ی ددان بەکاربهێنێت لە ڕۆژەکانی ڕەمەزاندا؟**

لە وەڵامدا دەفەرموێت: بەڵێ بۆ ڕۆژووان دروستە بەکاری بهێنێت لەگەڵ ئاگاداریدا کە هەندێك لەو گیراوەیە بچێتە ناو قورگییەوە، سوننەتە دانەکانی پاك بکاتەوە بە سیواك و شتی تر جگە لە سیواك، بە شتانێك نەگاتە قورگی، هەروەها دروستە ئاو هەڵدات بە دەمیدا بۆ دەست نوێژ بەمەرجێك زیادە ڕەووی نەکات بۆ ئەوەی نەچێتە ژوورەوە [١٨].

پ١٤/ **پرسیار کراوە لە شێخ** محمد بـن صالح العثمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی غوسڵی لەشگرانی دوای دەرکەوتنی فەجر بۆ ڕۆژووان ؟**

لە وەڵامدا فەرموویەتی: ئەڵێین دروستە و ڕۆژووەکەشی تەواوە، چونکە هیچ گوناهی تێدا نییە کەسی ڕۆژووان دەست بە ڕۆژووگرتن بکات لە کاتێکدا لەشی گران بێت با فەجریش دەرکەوێت، بەڵێ هیچی لەسەر نییە و پاشان خۆی دەشوات، بۆ لەشگرانی پێغەمبەر (ﷺ) فەجری بەسەردا دەهات لە کاتێکدا لەشی گرانبوو لە خێزانەکانی ئەنجا خوسڵی دەکرد و ڕۆژووەکەشی بەسەر دەبرد.

ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی گومانی تێدا نییە دروستە بۆ ئێمەش، چونکە ڕابەر و سەرمەشقی ئێمەیە، هەر شتێك ئەو بیکات موسڵمانان شوێنکەوتەی ئەون لەو شتەدا مەگەر بەڵگە تایبەتی بکات بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) [١٩].

پ١٥/ **ئایا ڕۆژووی شەش ڕۆژی مانگی شەوال پێویستە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بگیرێت یان دەتوانرێت چەند ڕۆژێک دوای جەژن ئەنجام بدرێت بەیەکەوە واتە یەک لەدوای یەک؟**

وەڵام / واجب نییە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی جەژن ئەنجام بدرێت، بەڵكو دروستە دوای جەژن بە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك لەسەر یەك (متتالـي) یان بە لە یەك جیا (متفرق) لە مانگی (شەوال)دا بگرێت چۆن بۆی ڕێککەوت، مەسەلەکە فراوانە، ئەنجا حوکمی سوننەتە واجب نییە [٢٠].

والسلام عليكم ورحمةُ الله وبركاته ...

---

[١٨] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٩٦) .

[١٩] بڕوانە : فتاوى رمضان : (٢ / ٥٤٧) .

[٢٠] بڕوانە : فتاوى رمضان : (٢ / ٦٩٣) .

# بەسەرکردنەوەی نەخۆش و ئادابەکانی

ئامادەکردنی: م/ کامەران خالد

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

إن الحمـــد لله، نحمـــده ونســـتعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفســنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له... وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك لــه... وأشــهد أن محمدا عبده ورسوله... أما بعد:

بەســەرکردنەوەی نــەخوش مافیکــە لــە مافــەکانی برایــەتی لــە پێنــاو خــوادا، هەروەك ئەبوهورەیرە(رضي الله عنه)دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێت:

{حق المسلم على المسلم خمس: رد السلام، وعيادة المريض، واتباع الجنــائز، واجابــة الدعوة، وتشميت العاطس}[1] .

واتە: مـافی موسـڵمان لـە سـەر موسـڵمان پێنجـــە: وەلاّم دانـــەوەی ســـەلاّوی، بەســـــەرکردنەوەی نەخۆشـــــــی، بەدووکـەوتنی جـەنازەی، وەلاّم دانـەوەی دەعواتی، وەلاّمدانەوەی پژمینی.

چـــونکە بەســـەرکردنەوەی نـــەخوش کاریگەری هەیە بو سەر نـەفس ودڵـەکان، وەئـەو خوشـك و برایـەی کـە مـل ملانێـی هەیە لەگەڵ نەخۆشی لـە هـەموو کەسـێك زیاتر پێویستی بە سەردانە بۆ دڵ دانـەوە ویارمـــەتی و ووره‌بـــەرزکردن، وەڕەنگـــە بەسەرکردنەوەی ـ لەدوای یارمـەتی خـوا ببێتە هۆی بارسووکی دەردی وزاڵ بـوون بەسەر ئازارو ئەشکەنجەکانی.

وەبــۆ ئەوکەســانەی کــە ســـەردانی نــەخۆش دەکــەن چــەند گــوڵێکی بــۆن خۆشــیان پێشــکەش دەکــەین لــە لایــەن پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم):

١ – (البخاري:١٢٤٠) واللفظ له، و(مسلم: ٢١١٦).

له(ثوبـان)ەوە(رضي الله عنه)کە خزمەت کاری پێغەمبـــەر(صلى الله عليه وسلم)بـــوو، دەفـــەرمووێت: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)دەفەرمووێت:

{من عاد مريضاً لم يزل في خرفة الجنة، قيل: يارسـول الله، وماخرفـة الجنـة؟ قـال ((جناها))}.(٢)

واتـــە:(هـــەر کەســـێك نەخۆشـــێك بەسەربکاتەوە بەردەوام لە کۆکردنـەوەی بـەروبومی بەهەشـتە(واتەیـەکی تـر بـۆ - خرفـة الجنـة- ڕێگـای بەهەشـتی گرتوتـە بەر)

وەلە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه)دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێت:

(من عاد مريضاً نادى منادٍ مـن السـماء: طبت، وطاب ممشاك، وتبوأت مـن الجنـة منزلاً)(٣).

واتـە: (هـەر کەسـێك نەخۆشـێك بەسـەر بکاتـەوە بانگـەوازکارێك لـە ئاسمانـەوە بانگ دەکـات: خـوا گوزەرانـت لـە دوونیـا خـۆش بکـات، وەرێگرتنـت بـۆ دوونیـاو قیامـــەت خـــۆش ودروســـت بکـــات، وەجێگایـــەکت بـــۆ ســـاز بکریـــت لـــە بەهەشت).

جا ئە ئەگەر ئەمە دووعای ئەهلی ئاسمان بێـــت بـــۆ ئەوانـــەی کـــە نـــەخۆش بەسـەردەکەنەوە تـۆ بڵـێ خـوا دووعـای ئەوان ڕەت بکاتەوە؟!....

وەهـــەر لەئـــەبو هـــورەیرەوە(رضي الله عنه) دەفـــەرموویت: پێغەمبـــەری خـــوا (صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێت:

(من اصبح منكم اليوم صائماً؟، قـال أبـو بكر: أنا، قال: من أطعم اليوم مسكيناً؟، قال أبـوبكر: أنـا، قـال رسـول الله(صلى الله عليه وسلم)((ماأجتمعن في رجـل إلا دخـل الجنة))(٤).

واتـە: (کـێ لـە ئێـوە ئـەمڕۆ بـە ڕۆژوو بـوە؟، ئـەبو بـەکر(رضي الله عنه)فـەرموی: مـن، فەرموی: کێ لە ئێوە ئـەمڕۆ نەخۆشـێکی بەســـــەر کردۆتـــــەوە؟، ئـــــەبو بەکر(رضي الله عنه)فەرموی: من، فەرموی: کێ لـە ئێـوە ئـەمڕۆ ئامـادەی ئەسـپەردەکردنی مردویەك بوە؟، ئەبو بەکر(رضي الله عنه)فـەرموی: مـن، فـەرموی: کـێ لـە ئێـوە ئـەمڕۆ هـــــەژارێکی نـــــان داوە؟، ئـــــەبو بـەکر(رضي الله عنه)فـەرموی: مـن، پێغەمبـەری خوا(صلى الله عليه وسلم)فەرموی:( ئەم کردەوانە لە هـیچ

٢- (مسـلم: ٢٥٦٨)، و(أحمـد: ٢٧٧/٥ح٢٢٤٤٣)، و(الطبراني: المعجم الكـبير)(١٠١/٢ح١٤٤٥و١٤٤٦)، و(أبن أبي شيبة: ١٠٨٣٢) .

٣ – (الترمذي: ٢٠٠٩)، و(ابن ماجة: ١٤٤٣) وحسنه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع الصغير:٦١٦٣).

٤ – (مسلم: ١٠٢٨).

پیاوێك نیە کۆببێتەوە ئیلا دەچێتە ناو بەهەشت).

وەلە(علي کوری ئەبی طالب)ەوە (ﷺ) دەفەرمووێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرمووێت:

( مامن امرئٍ مسلم يعود مسلماً الإابتعث الله سبعين ألف ملكٍ يصلون عليه في أي ساعاتِ النهار كان، حتى يمسي، وأي ساعاتِ الليل كان حتى يصبح)[٥].

واتە: (هیچ موسڵمانێك نیە سەردانی برایەکی موسڵمانی بکات ئیلا خوای گەورە حەفتا(٧٠)هەزار مەلائیکەت دەنێرێت دووعای خێری بۆ دەکەن جا لە هەر کاتێکی ڕۆژدابێت تاوەکو شەو دادێ، یان (بەسەرکردنەوەکە)لە هەر کاتێکی شەودابێت تاوەکو ڕۆژ دادێ).

وەهەر لەبەر گەورەیی بەسەرکردنەوەی نەخۆش، هەندێك لە زانایان بەسەرکردنەوەی نەخۆش بە (واجب) دادەنێن وەبەڵگەشیان حەدیسی ئەبو مووسای ئەشعەریە(ﷺ)دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرمووێت: (أطعموا الجائع، وعودوا المريض، وفكوا العاني)[٦].

واتە: (خواردن ببەخشن بە برسیان، وەنەخۆش بەسەربکەنەوە[٧]، وەدەستی یەخسیران بکەنەوەو ئازادیان بکەن).

وەزانای پایەبەرز ئیمامی بوخاری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صحیح)ەکەی بابێکی داناوە بەناونیشانی: (باب وجوب عيادة المريض). واتە: (بابی پێویستی بەسەرکردنەوەی نەخۆش).

پێشەوا ئیبن وحەجەر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (حوکمەکەی براندوێتەوە بەوەی (واجب)ە لەسەر (ظاهر)ی فەرمان کردن بە

٥ – (الترمذي: ٩٦٩)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع: ٥٦٨٧)، و(السلسلة الصحيحة: ١٣٦٧).

٧- (البخاري: ٥٦٤٩).

٨– زانایان ئەمەیان کردۆتە بەڵگە بۆ بەسەرکردنەوەی هەموو نەخۆشێك، چ پیاو بێت یان ئافرەت، بچووك بێت یان گەورە، موسڵمان بێت یان کافر، هەر شێوە نەخۆشیەکی هەبێت. بڕوانە: (فتح الباري: ١١٧/١٠). هەروەها درووستە ئافرەت پیاوی نەخۆشی بێگانە بەسەر بکاتەوە گەر ئەمین بوو لە فیتنە، وە خەلوەت دروست نەبێت، وەچاوەڕوانی ئەوە نەکرێت کە لەو سەردانە خراپە کاری لێ بکەوێتەوە، دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) بیلالی (ﷺ)بەسەر کردەوە کاتێك نەخۆش بوو بڕوانە: (البخاري٦٣٤٩) ومسلم (٢٦٨١)، وەبەڵگە بۆ بەسەر کردنەوەی کافر، پێغەمبەر(ﷺ)ئەوەتا ئەو گەنجە جولەکەیەی بەسەر کردەوە کە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد(ﷺ)نەخۆش بوو، بڕوانە: (البخاري: ٥٦٥٧) هەروەها سەردانی(أبو طالب)ی مامی کرد کەنەخۆش بوو، بڕوانە: (زاد المعاد: ٤٩٤/١).

بەسەرکردنەوە، ئینجا (بطال)دەفەرمووێت: ڕەنگە فەرمان کردن بە (واجب)بوون مەبەست پێی (فرض الكفاية)بێت، وەك خواردن بەخشین بە برسیان، و ئازادکردنی یەخسیران، وەڕەنگە بۆ(ندب)بێت، بۆ سووربوون و بەردەوام بوون لەسەر پەیوەندی وبرایەتی وخۆشەویستی، وە(داودی) پێ داگرتنی لەسەر ئەوەی یەکەم کردوە کە دەڵێت: بەسەرکردنەوە فەرزی کیفایەتە، واتە گەر هەندێك هەڵسێت بە بەسەرکردنەوەکە لەسەر هەندەکەی تر لا دەچێت.

وە(جمهور)دەڵێت: لە(أصل)دا بۆ (ندب)ە، وەهەندێ جار دەگاتە (وجوب)لە حەقی هەندێك بۆ هەندێکی تر، وە ئیمامی نەوەوی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئجماعی (واجب)نەبوونی بۆ نەقڵ کردووین، واتە: لە سەر تاکەکان[8].

مەبەستی ئەوەیە کە(فرض العین) نییە، بەڵکو (واجب)ە بە شێوەیەکی گشتی،وە ئیلا (فەرزی کیفایەتە) گەر هەندێك هەڵسێت بە بەسەرکردنەوەکە لە سەر هەندەکەی تر لا دەچێت، ئەگینا هەموو تاوەنباردەبن، وەزۆرینەی (فقهاء)بۆچونیان لە سە ئەمەیە.

٩- (فتح الباري: ١١٧/١٠).

## ئادابی بەسەرکردنەوەی نەخۆش:

بەسەرکردنەوەی نەخۆش چەند دەستوور وئادابێکی هەیە، بۆ هەرکەسێك کە دەیەوێت نەخۆشێك بەسەربکاتەوە پێویستە ئەم چەند خاڵانە ڕەچاو بکات[9]:

١- پێویستە دەست بە ڕەوشتەکان بگرێت، وەك ئەوەی: بە لەسەر خۆیی لە دەرگا بدات، خۆی هەڵ نەکوتێتە ماڵەوە، وەناوی خۆی بهێنێت کاتێك لە دەرگای دا ووتیان کێ یە؟ نەڵێت:(خۆمم! !) وەچاوی خۆی بپارێزێت لە کاتی لە دەرگادان، ڕوو بەڕووی دەرگا ڕانەوەستێت[10].

٢- دەبێت لە کاتێکی گونجاودا بێت، لە هاوینان لە کاتی نیوەڕۆ نەبێت، وەلە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژ نەبێت، بەڵکو سوننەتە بەیانی بێت یان شەو، وەلە ڕەمەزان بەشەو بێت[11].

١٠- بڕوانە (موسوعة نضرة النعيم: ٢٠٥٧/٧-٢٠٥٨).

١١- بەکورتی وبە دەسکاریەوە لە(فتح الباری: ١٠/ ١٣١).

١٢- ((غذاء الألبـاب))للسـفاريني: (٨/٢)، و((الآداب الشرعية))لإبن مفلح: (٢٠٠/٢).

١) بـــاش وایـــە دوای ســـێ ڕۆژ بەســـەر نەخۆشـــی بوونەکـــەی بەســـەری بکەیتەوە[١٢]، وەدەوترێت: موستتەحەببە لـە یەکـەم ڕۆژی نـەخۆش کـەوتنی یـەوە بەسـەری بکەیتـەوە[١٣]، بـەلاَم بۆچـوونی (جمهـور) ئەوەیـە کـە نەبـە سـترێت بـە کاتەوە، هەروەك ئیبن وحەجەر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت[١٤].

٣- ســـوونەتە لـــە نەخۆشـــەکە نزیـــك ببیتەوە(بە مەرجێك نەخۆشـییەکەی لـەو نەخۆشییانە نەبێت کە دەگوازرێتەوە !)، لــە لای ســەرییەوە دانیشــی ودەســت بخەیتە سەر نێو چەوانی وەپرسیای باری تەندروسـتی بکـات وەپرسـیاری لێ بکـات حـــەز بەچـــی دەکـــات وچـــی ئیشـــتیها دەکات؟[١٥].

٤- پێویستە ناوبەناو سەری لێ بدات (جـا چ ڕۆژنـا ڕۆژیـك بێـت، یـان دوو ڕۆژ جـــارێ، یـــان ســـێ ڕۆژ جـــاری)، یـــان بـــەگوێرەی گـــۆڕانی حالَەتەکـــە، چ بـــۆ نەخۆشـــەکە یـــان بـــۆ ئـــەو کەســـەی هەلَدەســـتێت بـــە بەســـەرکردنەوەی نەخۆشەکە[١٦]، گەر نەخۆشەکە پێویستی بەوە بوو هەموو ڕۆژێك سـەردانی بکرێت قەیناکە، بە تایبەت گەر خۆی پێی خۆش بوو.

٥- پێویســـتە زۆر لـــە لای نەخۆشـــەکە دانەنیشی، یان ببیتە هۆی ناڕەحـەتی بۆ کەسوکارەکەی، ئیلا مەگـەر زەروور بێـت ئەو کاتە قەیناکە[١٧].

٦- وەپێویســـتە زۆر پرســـیار نـــەکات لـــە نەخۆشـەکە، نـەبادا لەسـەر دلَـی قـورس وناڕەحەت بێت وبێزاری بکات[١٨].

٧- پێویستە دووعای خێر بۆ نەخۆشەکە بکـات، وەچـەندەها شـێوە دووعـا هـاتوە لە(صحیح)ی سوننەتدا لەوانە:

(أسأل الله العظيم رب العـرش العظـيم أن يشفيك)حەوت جار، وەسورەتی (الفاتحـة والمعـ ـ ـ ـوذتين والإخـ ـ ـ ـ ـلاص)ی بەسەردابخوێنی[١٩].

٨- پێویستە هەندێ ووتە هەیـە لـە ڕووی نەخۆش نەوترێت کە ببێتە هۆی دوو دلَـی وناڕەحـــەت بـــوونی، وەپێویســـتە لەبـــەر

---

١٣-( إحياء علوم الدين: ٢/ ٢١٠).

١٤-((غذاء الألباب))للسفاريني: (١٨/٢)، وەئەم ئەوەی باس کردوە کە زانایـان هـەردوو بۆچـونەکەیان پەسـەند کردوە.

١٥- (فتح الباري: ١١٨/١٠)

١٦- (زاد المعاد: ٤٩٤/١).

١٧- ((غذاء الألباب))للسفاريني: (٨/٢).

١٨- (فتح الباري: ١١٨/١٠).

١٩-((غذاء الألبـاب)) للسـفاريني: (١٢/٢) بەدەست کاری یەوە.

٢٠- بـۆ ئـەم دووعایانـەو دووعـای تـریش بروانـە: (زاد المعاد٤٩٤/١-٤٩٥).

خـاتری نەخۆشـەكە ووتـەی شـیرین وپـڕ بەزەیی ونەرمی لە ڕوو بۆ بوترێت[٢٠].

٩- وەپێویسـتە باسـی صـەبر وئـارامی وهیـوای بۆبكرێـت، لەبـە گـەورەیی پاداشتەكەی، وەئاگاداری بكاتەوە لە بێ هیـوایی وبـێ صـەبرو ئـارامی، لەبـەر گوناهی[٢١].

١٠- وەپێویسـتە لەسـەر ئەوانـەی كـە نەخۆشـەكەیان بەسـەر كردۆتـەوە كـە دەنـگ بـەرز نەكەنـەوە ونـاكۆكی ومونـاقەشە نەكـەن لـە ڕووی نەخۆشـەكە، چونكە بەمە دڵ گران وناڕەحەت دەبێت، ئـەگینا نەخۆشـەكە بـۆی هەیـە داوای بلاوەبوونیان لێ بكات[٢٢].

١١- وەسوننەتە كـە داوای دووعـای خێـر لە نەخۆش بكەیت[٢٣].

وآخِر دعوانا أنِ الْحمد لِلّهِ رب الْعالَمِين
وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

---

٢١- ( إحياء علوم الدين: ٢٠٨/٢).

٢٢- فتح الباري: (١٣١/١٠-١٣٢).

٢٣- عن أبن عباس(رضي الله عنه)قال لما حضِر رسول الله(صلى الله عليه وسلم)وفي البيت رجال، فيهم عمـر بـن الخطـاب(رضي الله عنه)، فقـال النبي(صلى الله عليه وسلم): ((هلُم أكْتب لكم كتاباً لاتضلُوا بعده أبـداً)) فقال عمر(رضي الله عنه): إن رسول الله(صلى الله عليه وسلم)قد غلب عليه الوجع وعندكم القرآنُ فحسبنا كتاب الله واختلف أهـلُ البيـتِ واختصموا فمنهم من يقول: قربوايكتـب لكـم رسـولُ اللهِ(صلى الله عليه وسلم)كتاباً لن تضِلوا بعده ومنهم مـن يقـول ماقـال عمر(رضي الله عنه)، فلما أكثروا اللغو والأختلاف عند النبي(صلى الله عليه وسلم)، قال رسول الله(صلى الله عليه وسلم): ((قوموا عني)). قال عبيدالله: فكـان ابن عباس(رضي الله عنه)يقول: إن كل الرزية ماحالَ بـين رسـول الله(صلى الله عليه وسلم)وبين أنْ يكتب لهم ذلك الكتاب مـن اخـتلافهم ولغطِهـم .أخرجـه البخـاري(٤٠٣/١٣ح٧٣٦٦)، ومسلم(١٦٣٧).

٢٤- بڕوانە: ((غـذاء الألبـاب))للسـفاريني: (١٢/٢)، هەندێك حەدیسی لەم بارەیەوە هێناوە، دەگەنـە پلـەی ئیحتجاج.

# ڕامان و بیرکردنەوە لەقورئان، بۆچی و چۆن؟

✍ نووسینی : إبراهيم عبد الرحمن التركي

وەرگێڕانی/م.محسن محمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه،وبعد:**

قورئـانی پـیرۆز ڕابـەرو ڕێ نیشـاندەری مرۆڤایـەتی و ڕۆشـنایی ژیـان و دەسـتوریەتی، وەهەرشـتێك مرۆڤـ پێویسـتی پـێ بێـت، ئـەوا خـوای گـەورە بەدەقێکی قورئانی، یان بەئاماژە بۆکردن ڕوونـی کردۆتـەوە، جـا یـا ئـەوەتا زانیومانـەو(پـەی)مـان پـێ بـردوە، یـان نەمان زانیوەو تێی نەگەیشتوین.

جا لەبەر ئەوەیە کە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەرﷺ و پیاوچاکانی دوای ئەوان، گرنگی زۆریان داوە بەخوێندنی قورئان ولەبەرکردن و تێگەیشتنی، هـەروەها لـێ وردبوونـەوەو کـار پـێ کردنـی، بەهـەمان شێوە پێشینە چاکەکانمان لەسـەر ئـەم ڕێبازە ڕۆیشتون، بەڵام لەگەڵ لاواز بوونی ئوممەتی ئیسلام لـە سـەدەکانی دواییـدا، گرنگی دان بەقورئانی پیرۆز کەمتربووەوە، تاگەیشتە ڕادەیەك کەتەنها گرنگی بدرێت بەخوێندنـــــەوەو لەبــــەرکردنی و خوێندنەوەی بەشێوەی تەجویـدو بـەس، لـێ وردبونـەوەو تێگەیشـتن لـەماناو مەبەسـتەکانی فـەرامۆش کـرا بـوون، وەگەیشتە ئاستێك کـەکاری پـێ نـەکرێت یـان کەمتەرخـەمی بکرێـت لـەکار پـێ کردنی .

لەڕاستیدا خوای گەورە قورئانی پـیرۆزی بۆنـاردوین و فـەرمانی پێکـردوین کـەلێی وردبینـەوە و بـیری لـێ بکەینـەوە، وەبەرپرس بووین بـە لەبـەرکردنی، بـەڵام ئێمە سەرقاڵی لەبەرکردن بووین و وازمان هێنا لەبیر لێکردنەوەی .

لێرەدا مەبەسـتمان ئـەوە نـیـە کـەواز بهێنرێـت لـە لەبـەرکردن و خوێندنـەوەو تەجویـد، چـونکە ئەمـە پاداشـتێکی زۆرو سـودێکی باشـی هەیـە بۆتێگەیشـتن لـەقورئان، بـەڵکو مەبەسـتمان ئەوەیـە هاوسـەنگیـەك هـەبێت لـەنێوان (لەبەرکردن وخوێندنەوەو تەجوید) و ( تێگەیشـتن و لـێ وردبونـەوە)، ئەمـە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کارپێکردن و جێ بەجێ کردنی، هەروەك چۆن پێشینە چـاکەکانمان لەسـەری بـوون (ڕەحمـەتی

خوایان لێ بێت) جا لەبەر ئەوە بەچەند خاڵێك گرنگی بیرکردنەوەو ڕامان لەقورئانی پیرۆز ڕوون دەکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ ومێژوی پێشینە چاکەکانمان ( السلف الصالح )، بەلاَم لەسەرەتادا بابزانین لێ وردبونەوەو بیر لێ کردنەوە لەقورئان چیە؟

إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ( چاوتێبڕینێکە لە دڵەوە بۆماناو واتاکەی، وەکۆکردنەوەی فیکرو هۆشە بۆلێ وردبونەوەو هۆشمەندی )، وە وتراوە کەبریتیە لەبیرکردنەوەیەکی گشتی کەبتگەیەنێت بەکۆتایی ماناو مەبەستی وشەکان.

## یەکەم: لێوردبونەوە لەڕوانگەی قورئانی پیرۆز.

١- خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُوا الْأَلْبَابِ ﴾ [ص: ٢٩].

واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامان بەزاندووە بۆلای تۆ، تابیر لەئایەتەکانی بکەنەوە، بۆئەوەی کەخاوەن بیرو هۆشەکان پەندی لێ وەرگرن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە بۆی ڕوون کردوینەوە کەگرنگترین مەبەست لەناردنی قورئانی پیرۆز بیرلێ کردنەوەو لێ وردبوونەوەیەتی، نەك تەنها خوێندنەوە، (سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز پاداشتێکی زۆری هەیە).

(حسن البصري) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (سوێند بەخوا بیرکردنەوە (تدبر) لەقورئانی پیرۆز بریتی نیە لە لەبەرکردنی پیتەکانی وخەتم کردنی، کەسی وا هەیە دەڵێت قورئانم هەموی خوێندەوە بەلاَم لەکردارو ڕەوشتیدا ڕەنگ ناداتەوە).

٢-خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ ﴾ [النساء: ٨٢].

واتە: ئەوە بۆ ئەوانە سەرنج لە قورئان نادەن؟! ( إبن الكثير) فەرمویەتی: خوای گەورە فەرمان دەکات بە بەندەکانی کە وردبنەوە لەقورئان و بیری لێ بکەنەوە، وە قەدەغەیان دەکات لەپشت هەڵکردن لەقورئان وتێگەیشتن لەمانا داڕێژراوو ووشە پاراوەکانی: ئەوە بۆ وردنابنەوە لەقورئان .

بەڕاستی فەرمانێکی ڕاشکاوانەیە بەڕامان و وردبونەوە لەقورئان، وە فەرمانیش لەشەرعدا واتای واجب دەگەیەنێت.

٣-خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ ﴾ [ البقرة: ١٢١].

واتە: ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیمان بۆ ناردون، بەجوانترین شێوە دەیخوێننەوە ئەوانە باوەڕیان پێیە.

(إبن الكثير) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەعبـــدالله ی کـــوری مســـعودەوە گێڕاویێتییەوە فەرمویەتی: (سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە، ماف دانـی تـەواو بەخوێندنـەوەی قورئـان، ئەوەیـە کەحەلاڵـەکان بەحـەلاڵ بزانـی و حەرامەکانیش بەحەرام بزانیت، وەقورئان بەو شێوەیە بخوێنیت کەخوای گەورە ناردویەتی، وە( إمـــامی الشـــوکانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (یتلونـــه) واتـە: ئـیش بـەوە دەکـەن کەتێیدایەتی، وەناتوانین کار بەقورئان بکـەین ئەگـەر لێوردبونـەوەو زانسـتی لەگەڵ نەبێت.

٤-خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ وَمِنهم أُميونَ لَا يعلَمونَ الْكِتابَ إِلا أَمانِي وَإِنْ هم إِلا يظُنونَ ﴾ [ البقرة: ٧٨ ].

واتە: هەندێ لەوانە نەخوێندەوارن، کە هیچ لەکتێبی خوا نازانن جگە لەچەند ئاواتێك، وە ئەوانە هەرگومانیان کردۆتە پیشەی خۆیان، (إمـــامی الشـــوکانی) سەبارەت بەم ئایەتە فەرمویەتی: وتراوە (الأماني) واتە: خوێندنەوە، واتە: هیچی لێ نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت، دەیخوێننەوە بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەن ولێکی بدەنەوە.

هەروەها( إبن القيم)( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: خوای گەورە سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە مانای قورئان دەگۆڕن، وەئەو نەخوێندەوارانەی کەهیچ لەقورئان نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت بەوانە دەوترێت: (الأماني).

٥- خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ وَقَالَ الرسولُ يا رب إِن قَومِي اتخَذُوا هذَا الْقُرآنَ مهجوراً ﴾ [ الفرقان: ٣٠ ].

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی ئوممەتی من وازیان لەقورئان هێناوەو لێی دورکەوتوونەتەوەو پشت گوێیان خستوە.

(إبن الكثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: هیجران واتە: ( وازهێنان لەماناو لێکدانەوەی، وەهەروەها(إبـن القـيم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( هەجرکردن و وازهێنان لەقورئان چەند جۆرێکە: چوارەمیان: وازهێنان لەماناو لێوردبونەوە و........

**دووەم: لێوردبونەوە لەقورئانی پیرۆز لەڕوانگەی فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ:**

١- لە(أبو هريرة) وە رضي الله عنه ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (هەرکۆمەڵێك کە لەیەکێك لەماڵەکانی خوای گەورەدا کۆببنەوەو قورئانی تێدا بخوێنن و لەنێوان خۆیاندا تاووتوێی بکەن و لێکی

بدەنــەوە، ئــەوا خــوای گــەورە ئــارامی دەخاتــە ناویــان و بەبەخشــندەیی خــۆی دایـــان دەپۆشـــێت و فریشـــتەکانیش بەتەنگیانەوە دێن، وە خوای گەورە لەلای خۆی باسیان دەکات)[١].

ئـــارامی دڵ ودەرون و بەخشـــندەیی و باســـکردنیان بەرامبـــەر بـــە قورئـــان خوێندنەوەیەکی وردوو لێکدانەوەی، بەڵام ئێمە تەنهابەشێکی فەرموودەکـەمان جێ بەجێ کردوە، کە ئەویش خوێندنەوەیەتی

٢- حذیفــە ﷺ دەگێڕێتــەوە کەشــەوێك لەگــەڵ پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ نوێـــژی کردوە بەئایەتەکاندا دەچۆوەو دووبـارەی دەکردنـــــەوە، وەئەگـــــەر ئایـــــەتێکی خوێندبایە ( تسبیح) پاك ڕاگرتنـی خـوای تێدا بوایـە ئـەوا (سبحان الله) ی دەکـرد، وەئەگەر داواکردنی تێدا بوایە ئـەوا داوای لەخوا ئەکردو لێـی ئەپاڕایـەوە، وەئەگـەر پـــەناگرتنی تیابوایـــە ئـــەوا پـــەنای بەخوائـــەگرت)[٢]، پێغەمبـــەر ﷺ بـــەم شــێوەیە ورد دەبــوەوەو جــێ بــەجێی دەکرد .

٣- لە أبي ذر ﷺ فەرموویەتی[٣]:

(شــەوێك پێغەمبــەر ﷺ نوێـژی کـرد لـە دوای فاتیحە) بەبەردەوامی ئەم ئایەتـەی خوێند تاوەکو ڕکوع وسوجدەی برد
﴿إن تعذبهم فإنهم عبادك وإن تغفر لهـم فإنك أنت العزيز الحكيم﴾ [ المائـدة: ١١٨]
واتە: ئەی پەروەردگار ئەگەر ئـەوان سـزا بـدەی بەنـدەی تـۆن ، وە ئەگـەر لێیـان خۆش بیت، بەڕاستی هەر تۆ بەدەسەڵات و دانایت .

ئـــەوە پێغەمبـــەری خوایـــە ﷺ کـــە تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی قورئـانی بـە باشـتر زانیـوەو پێشـی خسـتوە بەسـەر خوێندنەوەی زۆروو زەوەندی بێ تێگە یشـتن، تـەنها ئایـەتێکی لەشـەوێکی تەواودا خوێندوە.

٤- لە( إبن مسعود )ەوە ﷺ دەگێڕنەوە کــە فەرمویـــەتی: (هەرکەســێك لـــەناو ئێمــەدا(دە) ئایــەت فێـر ببوایـە زیـاتری لەبـــەر نـــەدەکرد هـــەتاوەکو تێـــی نەگەیشتبایەو کاری پێنەکردایە).

ئەمە بەرنامەو پرۆگرامی پێغەمبـەر ﷺ بـووە سـەبارەت بـەفێرکردنی قورئـانی پیرۆز بە هاوەڵەکانی.

٥- کاتێك کـە( عبـدالله ی کـوڕی عـەمر ) ﷺ گەڕایـەوە لـەلای پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕێگـای پێنـەدرا کـەماوەی قورئـان خوێندنی (خـەتم کردنـی) کـەمتر لـە سـێ شەو بێت، وە فەرمووی ئـەو کەسـەی کـە بیـەوێت قورئـان لـەماوەی کـەمتر لەسـێ

١- (صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٥٥٠٩).
٢-(صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٤٧٨٢).
٣-(صحيح سنن إبن ماجة، كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها، باب ما جاء في القراءة في صلاة الليل، رقم: ١٣٥٠).

شـــەو تـــەواو بکـــات ئـــەوا لەماناکـــەی ناگات)[٤].

ئەمــە بەڵگەیــە لــە ســەر ئــەوەی کــە مەبەست لەخوێندنـەوەی قورئـانی پـیرۆز تێگەیشتن و شارەزابوونە لێی نـەك تـەنها خوێندنەوەو بەس.

٦- لە (ئەنەسی کوڕی مالك )ەوە ﷺ دەگێڕنــەوە کــە فەرموویــەتی: جارێــك پێغەمبـەری خـوا ﷺ نوێـژی بۆخـەڵکی کردو ئایـەتێکی پەڕاند پـاش تـەواوبونی نوێـژ فـەرمووی ، فـلان کـەس ئایـا لـەم سـورەتەی کەخوێندمـەوە هـیچ ئایـەتێکم پەڕاند؟ ووتی: نازانم. پاشان پرسیاری لە یەکێکی ترکرد، دووکەس .. سێ کـەس.. هەمویان وتیـان نـازانم پاشـان پێغەمبـەر ﷺ فـــەرموی: ئەمـــە چ قەومێکـــە؟! کتێبی خوایان بەسەردا دەخوێندرێتـەوە، لـەوەی کـەبۆیان دەخوێندرێتـەوە نـازانن چـــی پـــەڕێنراوە؟ هەربـــەم شـــێوەیەش گەورەیی خـوا لـەدڵی (بنـی ئیسـرائیل)دا نـەماو دەرچـوو، بەجەسـتە ئامـادەبون ودڵەکانیان غافڵ وبـێ ئاگابوو، وەخـوای گەورە بەندایەتی لەبەندەکانی وەرناگرێت ئەگــەر دڵیــان لەگــەڵ جەســتە ئامــادە نەبێت.

٤- (صحیح الجامع الصغیر: ٧٧٤٣/٢)، و(صفة صـلاة النبي ﷺ ص١١٩).

## سێ یەم: گرنگی وردبونەوە لـە قورئـانی پیرۆز لای پێشینەچاکەکانمان ( السلف الصالح ).

١-مالك لە نافع ونافع لە ( إبن عمر )ەوە گێڕاویەتی‌یەوە کە عومەری کوڕی خطاب ﷺ لـە مـاوەی دوانـزە سـاڵدا سـورەتی (البقــرة)ی لەبـەرکردوە، پـاش ئـەوەی خەتمی کردو فێری بوو مەڕێکی سەربڕی. دوورو درێژی ئـەو ماوەیـەی کـە( إمـامی عمــر) ﷺ سـورەتی( البقــرة)ی تێـدا لەبـەرکردوەو فێـری بـووە، لەبـەر بـێ توانایی و بێ ئاگایی (إمامی عمر) نـەبووە بەرامبـــەر بـــە قورئـــان، کەواتـــە هـــیچ نەماوەتـــــەوە تـــــەنها لێکدانـــــەوەو لێوردبونەوە نەبێت لە قورئانی پیرۆز .

٢- لـەإبن عومـەرەوە ﷺ دەگێڕنـەوە کەفەرمویەتی: زۆر لەهاوەڵە بـەڕێزەکانی پێغەمبـــەر ﷺ لەســـەرەتای ئیســـلامدا تەنها سورەتێك یـان چـەند سـورەتێکیان لەقورئان لەبەردەکردو بەتـەواوی کاریـان پـــێ دەکـــرد، بـــەڵام لـــەکۆتایی ئـــەم ئوممەتەدا قورئان دەخـوێنن و لەناویانـدا منـداڵ و کـوێر هـەن، بـەڵام کـاری پـێ ناکەن.

وە إبــن مســـعودیش ﷺ دەفـــەرموێت: (قورئان لەبەرکردن لای ئێمـە گـران بـوو، بـەڵام کـارپێکردنی ئاسـان بـوو، بـەڵام ئەوانـەی دوای ئێمـە لەبـەرکردن لایـان ئاسانەو کارپێکردن لایان قورسە ) .

٣- ( حسن البصري ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ئەم قورئانە بەندەو هەرزەکاران دەیخوێنن بەبێ ئەوەی شارەزابن لە لێکدانەوەو تێگەیشتنی، هەتا کەسی وا هەیە دەڵێت: هەموو قورئانم خوێندەوەو یەك ئایەتم نەپەڕاند . سوێند بەخوا هەموو قورئانی پەڕاندوە، چونکە قورئان لە ڕەوشت و کرداریدا نەبینراوە، وە کەسی وا هەبووە دەی ووت ( لە کاتێکی زۆر کەمدا سورەتێك قورئان دەخوێنم )، سوێند بەخوا ئەوانە نە قورئان خوێنن و نەزاناو دانان بەقورئانی پیرۆز، کەی قورئان خوێندن وابووە؟ خوا نمونەی ئەم جۆرە قورئان خوێنانە زیاد نەکات ) .

٤- دووبارە (حسن البصری) دەفەرموێ: قورئان نێردراوە بۆئەوەی لێی وردبینەوەو تێی بگەین و ئیشی پێ بکەین، خوێندنەوەی قورئان لەجێی کارپێ کردنی دانراوە، واتە: ئیشی خەڵك بووە بەقورئان خوێندن و بەس، وازیان هێناوە لە کارپێ کردن و لێکدانەوەی.

٥- شعبەی کوڕی حجاج بەفەرموودەناسانی دەووت: ( ئەی خەڵکینە ئێوە هەرکاتێك قسەدەکەن، بەفەرموودە دەست پێ دەکەن، دواتر بەقورئان (دواتر باسی قورئان دەکەن ). لێرەدا ئاگادارکردنەوەیەك هەیە بۆئەوانەی کەسەنەدی فەرمودەو باسە فیقهییەکان بێ ئاگای کردوون لە ورد بوونەوە لەقورئان و تێگەیشتن لێی، چونکە بەم کارەیان هاوسەنگیان لەدەست داوەو تەرازویان تێکداوە) .

٦- لە(محمدی کوڕی کعبی قرظی) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ( لەلام خۆشترە کەسەراپای شەو قورئان خوێندنم ( إذا زلزلـت) و(القارعـه) بێت ولێیان زیاد نەکەم ، نەك بەبێ پەروا قورئان بخوێنم وەك پەخشان وهیچی لێ تێ نەگەم.

٧- إبن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( هیچ شتێك لەلێکدانەوەو تێگەیشتن لەقورئان بۆمرۆڤ بەسودتر نییە بۆژیانی دونیاو دوارۆژی، وە بەهۆی ووردبونەوە لە قورئان ڕێگای چاك و ڕێگای خراپی لەبەردەم ڕۆشن دەبێت، وەبەروبوم و سەرئەنجامی هەریەك لەو دوو ڕێگایانە بەباشی دەزانێت لەگەڵ دوا ڕۆژی شوێن کەوتوانی هەردوو ڕێگاکە، وە هەر بەو هۆیەوە کلیلی خەزێنەی بەختەوەری و زانستی بەسودی دەکەوێتە دەست و ڕەگی ئیمان لە دڵیدا جێگیر دەبێت .

## چەند هۆکارێك بۆ وردبونەوە لەقورئان:

١- ڕەچاوکردنی ئاداب و ڕەوشتەکانی قورئان خوێندن لەپاك وخاوێنی وکات

وشوێنی گونجاوو نیەت پاکی و پەناگرتن بەخواو (بسم الله) کردن و کۆکردنەوەی بیروهۆش ومەشغوڵ نەبوون بەکاری دیکە، وەبوونی خشوع ( ترسی خوا ) و کاریگەری لەسەر دەروون وەهەست کردن بەوەی کەقورئان دەت دوێنێ.

٢-خۆیندنەوەیەکی ورد بەتێگەیشتن و ترسەوە کە کاریگەری هەبێت لەسەر دەروون و مەبەستی تەنها ئەوەنەبێت کەسورەتەکە تەواو بکات.

٣- وەستان لەسەر ئەو ئایەتانەی کەدەیخوێنێت، وەستانێك کەبیر لەمانای ئایەتەکان بکاتەوەو دووبارە بەسەریاندا بچێتەوە.

٤- بەکارهێنانی جیاکاری لەسەیرکردنی سیاقی ئایەتەکان، شێوەو پێکهاتەی ئایەتەکان، ماناکانیان، دابەزینی،...

٥- گەڕانەوە بۆتێگەیشتن و هەڵس وکەوتی پێشینان لەو ئایەتانەی کەدەیخوێنینەوەو لێکی دەدەینەوە.

٦-خوێندنەوەی ڕای هەندێ زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتەکە .

٧- تێڕوانینێکی گشتگیرو تەواو بۆهەموو قورئان .

٨- ئاوڕدانەوە لەئامانجە بنچینەییەکانی قورئان .

٩- ڕاستگۆییەکی تەواو بۆ دەقە قورئانییەکان و سەر پێ شۆڕکردنی واقیعی پێچەوانەی قورئان.

لەکۆتایدا دەڵێم کوا گرنگی لێکدانەوەی قورئان لەهۆش وبیرماندا؟

کوا ڕەنگدانەوەی قورئان لە کرداری ڕۆژانەی ژیانماندا؟ وە ئایا ئێمە ڕۆڵەو قوتابیەکانمان پەروەردە ئەکەین لەسەر لێکدانەوەو ووردبونەوە لەقورئانی پیرۆز؟ یان ئەوەی کەگرنگە لای ئێمە تەنها قورئان خوێندنەو بەس، ئەوەشیان ئەگەر هەبێت لە ڕاستیدا لەناو خوێندن ئاینییەکانیشدا، یان ئەوانەی کە دەرسی ئایینی دەخوێنن، ڕێژەوبوونی تەفسیر لەناو بەرنامەی دەرسەکانیاندا زۆرکەمە یاخود هەرنییە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

# بۆ كەسێك كە دڵی هەبێت

وەرگێڕانی: م/ صلاح الدين عبدالكريم

هێشتا لەبیرمە كاتێك كە منداڵێكی بچوك بووم..

خرامە نەخۆشخانەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك لە ئەنجامی سەرما بوونم..

وە لە كاتی دەرچوونمدا گوێم لێ بوو پزیشكەكە بە باوكمی ووت: ئێستا تەندروستی باشە، بەڵام لەوانەیە ئەم نەخۆشییە لە داهاتوودا كاریگەری هەبێت..

چەند ساڵێكی درێژ تێپەڕی..

بووم بە گەنج و پاشان بە باوك..

هەندێ جار هەستم بە بێزاری و ماندوو بوون دەكرد كە كەمترین كۆششم بكردایە..

چوم بۆ نەخۆشخانە بۆ كردنی پشكنینی تەواو ( فحص ) ..

بۆم دەركەوت لاوازی هەیە لە بۆڕی یەكانی دڵمدا..

وە پێویستیم بە نەشتەرگەری یەك هەیە لە دڵمدا ..

وەئەم لاوازی‌یە لە ئەنجامی سەرمایەك تووشم بووە لە سەردەمەكانی پێشوودا كە بۆتە هۆی ڕۆماتیزم لە دڵمدا ..

هەوڵمدا پزیشكەكە ڕازی بكەم بە چارەسەركردنێك یاخود پشوودانێك..

لەجیاتی نەشتەرگەری یەكە.. بەڵام پێی ڕاگەیاندم ..

- پاش چەند مانگێكی تر پێویستیت بە نەشتەرگەری دەبێت..

وە خۆت دڵنیا دەبیت لەم شتە..

بەڵێ وابوو پاش چەند مانگێك لاوازی بۆم دەهات و بێزاریشم پێوە دیار بوو..

وە بڕیارم دا ڕازی بم بە قەزا و قەدەری خوای گەورە وە ئیشەكەم بدەمە دەستی خوا ..

پاش فەحسێکی گشتی وئەوەی کە پێویست بێت لە لێکۆڵینەوە.. کاتێکم وەرگرت تا ئامادە بم لە نەخۆشخانە بۆ مانەوە ئەویش پێش کاتی جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەری یەکە بە یەك ڕۆژ..

وە ئەم شتە ڕویدا ..

لە ڕۆژی یەکەمدا خزمەکان سەردانیان کردم ..

وەمن زۆر پشوو دڵ ئارام و هێمن بووم..

نزیکەی زیاتر لە کاتژمێرێك لەگەڵ ئەو پزیشکەدا دانیشتم کە هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی نەشتەرگەری یەکە ..

لە شەوی پێش کاتی نەشتەرگەری یەکە خەوتنێکی هێمنانە نووستم..

بیرم لە هیچ شتێك نەکردەوە..

لەگەڵ بانگی بەیانیدا هەستام لەخەو..

گوێم لە بانگەکە بوو..

وە دەنگەکەی لە ناوەوەم دوبارە دەبووەوە..

لەشمی هەژاند..

دەنگێك بە مێشکمدا هات..

ئارامی یەکەم گۆڕا..

نازانم چی ڕووی دا بە سەرمدا.. نەشتەرگەری یەکە قورسە..

لەوانەیە ئەمە دوا ڕۆژت بێت لەم ژیانەدا..

لەوانەیە ئەمە دوا بانگ بێت ببیستیت لە ژیانتدا..

ئەم قسە شاراوانە ڕامی دەکێشا لە هەموو لایەکەوە ..

پێشتر من لە کوێ بووم..

پرسیارێك بوو وای لە فرمێسك کرد کە بەخوڕ بەچاومدا بێتە خوارەوە ...

ژیانی ڕابردووم وەك خەو ڕۆیشت..

من لە کوێم دەربارەی قیامەت؟!

ئائەوە مردنەو لێم نزیك بۆتەوە..

وە کاتێك چاوم بەرز کردەوە..

پەرستیارەکە لەلای سەرمەوە ڕاوەستابوو..

چیتە؟

وەڵامیم نەدایەوە..

هیچ وەڵامم لا نی‌یە..

بەڵام هەستی بە دڵە ڕاوکێ وشڵەژاوی و نیگەرانیم کرد ..

لەوانەیە چاوەڕوانی ئەم شتە بێت چونکە دەرزی بەنجی بەدەستەوە بوو..

دەستم دانا.. وەمن دەمزانی کە دڵم دەدەمە دەست نەشتەرگەرەکە..

وەپـێش هـەموو ئەمانـە ئیشـەکەم دایـە دەستی خوای گەورە..

سنگم دەکرێتەوە ولەت دەکرێت..

وەدڵـم لـە لێـدان دەکـەوێت بـە درێـژی ماوەی نەشتەرگەری یەکە..

وە لە کاتی کۆتـایی هـاتنی نەشـتەرگەری یەکـە بارگەیـەکی کارەبـای دەدرێـت لـە لەشم بـۆ گـورج و گـۆڵ کردنـەوەی دڵـم و گەڕانەوەی جارێکی تر بۆ لێدان..

وەلەکاتی وەڵام نەدانەوە یان ( لێ نەدانی دڵـم) دووبـارە کارەبـای لێدەدرێتـەوە.. پاشـان هەڵـدەگیرێم لـە سـەر شـان بـۆ گۆڕستان..

زانینم بۆ هەموو ئەم شتانە بە درێژی وای لێکردم کـە تـەماشـای ژیـان بکـەم زۆر بـە سوکی و بێ نرخی..

چۆن من کەمتەرخەمیم کرد لە تەمەنمدا..

پاش لێدانی دەرزی یەکە بێهـۆش بـووم..

دواتر زانیم کە نەشتەرگەری‌یەکە لە دڵمدا هەشت کاتژمێری بەردەوامی خایاندووە..

سوپاسـی خـوای گـەورەم کـرد کـە دڵـم وەڵامی یەکەم لێدانی کارەبایی دایەوە ..

- پاش دەرچـونم لـە نەخۆشـخانە.. هـــەموو ڕۆژێـــك بەتەمەنمـــدا دەچوومەوە..

ئـەو ڕۆژەم بـیر دەکەوتـەوە کـە فرمێسـك بـە خـوڕ بەچـاومدا دەهاتـە خوارەوە کە من لەسەر جێگای مـردن بووم ..

چۆن وەڵامی خوای گەورە بدەمـەوە؟ وە بەچی؟

وە هـــەرجارێك ئـــەو کاتـــەم بـــیر بکەوتایەتەوە گوێڕایەڵی کردن و نزیك بوونـەوەم لـە خـوای گـەورە زیـادی دەکرد..

وە هەر کاتێك نەفسم ڕای بکێشتمایە بۆ کەمتەرخەمی و تەمەڵی بـیری ئـەو کاتەم دەکردەوە..

سوپاسـی خـوای گـەورەم کـرد کـە گەڕاومەتەوە بۆ ژیان سەر لە نوێ .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

# ئایا دەزانیت جگەرەكێشان حەرامە؟؟

ئامادە كردنی: م/ ڕەمەزان قابیل
فێرخوازی پەیمانگای پێش نوێژ و
وتار خوێنان لە دهۆک



## پێشەكی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين ، أما بعد :

برای موسڵمان خوای گەورە ڕێنمونی هەموو لایەك بكات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، و هیدایەتی گەنج و یارمەتی پەككەوتووانمان بدات بۆسەر تاكەڕێبازی سەرفرازی ئەویش ڕێگەی حەق وڕاستی و ڕێگەی سەلەفی صاڵحە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ، برای ئیماندارم لە لێكدانەوەی ئەم فەرموودەو ئایەتانەی خوارەوەدا بۆت ڕوون وئاشكرا دەبێت كە **جگەرەكێشان** لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەوحەرامە.

لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی تێكدان و تێكچونی تەندروستی جگەرەكێشەكە و تەندروستی كەسانی دەوروبەری و تێكدانی ژینگە لێیان.

هــەروەها جــێگیر بــووە (**طبیــاً**) کــە جگەرەکێشــان زەرەر و زیــانێکی زۆری لێ دەبێتــەوە و کاریگــەری خراپــی هەیــە لەسەر لاشەی مرۆڤ، جا بــرای موسڵمانم بزانــە و فێرببــە کــەوا لــە ڕووی پاکــەتی جگەرەکــەدا نووســراوە جگەرەکێشــان هۆیــەکی ســەرەکی یــە بۆنەخۆشــی یــە ترســناکەکان وەکــو{ســەرەتان، ســیل، نەخۆشـــی یـــەکانی دڵ و نەخۆشـــی دەمارەکانی خوێن}.

وە جگــە لــەم کۆمەڵــە نەخۆشــیيانــە جگەرەکێشــان هــەوێنی چــەندەها دەرد و نەخۆشی دیکەیە کە هەڵگری نەخۆشــی و ناخۆشین بۆ مرۆڤ .

خوێنەری خۆشەویست لە هەمان کاتــدا بزانــە و فێرببــە کــەوا ئــاييني پــیرۆز و ڕەحمەتی ئیسلام سورە لە سەرپاراستنی نەفسی مرۆڤ کە لە دوای پاراستنی دیــن باسی هاتووە و چەند سنورێکی داناوە بۆ پاراســتنی نــەفس، وە دوای پاراســتنی نــەفس باســی عــەقڵ و مــاڵ و نــاموس دەکرێت کە پێیان دەووترێت: (**الضَّروريات الخمس**).

هیچ بەڵگەیــەك نــیيــە کــە بەڕاشــکاوی باســی جگــەرە بکــات چــونکە جگــەرە لــە ســـەردەمی پـــاکی پێغەمبـــەردا (ﷺ) نــەبووە، بــەڵام لەهــەمان کاتــدا ئیســلام خاوەن چــەندین دەق و نەصــی گشــتیيــە کــە هــەموو زیــان و قازانجێــك بــۆ مرۆڤـــ دیاری و دەست نیشان دەکات .

جــا بــا پێکــەوە دەرگــای دڵــەکانمان بکەینەوە و بچینە خزمەتی دەق و بەڵگــە بــە هێــز و ڕاســتەکان کــەوا حــەرامێتی جگەرەکێشان دەسەلمێنن: -

**بەڵگـــەی یەکـــەم**: خــوای گــەورە دەفەرمێت: ﴿ويحل لهم الطيباتِ ويحـرم عليهم الْخبائثَ﴾ [الأعراف: ١٥٧] .

واتــە: خــوای گــەورە شــتە پــاك و بەســودەکانی بــۆ حــەڵاڵ کــردوون و شــتە پــیس و زیــان بەخشــەکانی لێ قەدەغــە و حەرام کردوون.

گومــانی تێــدا نــیيــە جگەرەکێشــان یەکێکە لە شتە زیان بەخشەکان کەزەرەر و زیانیانی بۆ لاشەی ئادەمیزاد هەیە و لە هەمان کاتدا بــۆنێکی ناخۆشــی هەيــە کــە خەڵك ئازار دەدات.

**بەڵگـــەی دووەم**: خـــوای گـــەورە دەفــەرمێت: ﴿ولا تلقُــوا بِأيــديكم إلــى التهلُكَةِ﴾ [البقرة: ١٩٥] .

